# چاپکراوی نوێ

نووسەر و ڕۆژنامەنووس (دڵشاد مستەفا وەسانی) سکرتێری نووسینی ڕۆژنامەی (خەبات) دوو کتێبی بە چاپ گەیاندووە و لەم ڕۆژانەدا هەردوو کتێب گەیشتە بەردەستی خوێنەرانەوە.

یەکەم کتێب بە ناونیشانی (کتێبی بۆ مێژوو).. زانیاری و شیکار و دۆکیۆمێنت وانەیەك بۆ گەلی کوردستان و پەیامێك بۆ ئەوانی دی))، لەم کتێبەدا، دوای ئەوەی بۆ دووەم جار کتێبی (بۆ مێژوو)ی سەرۆك مەسعود بارزانی کە لە تشرینی یەکەمی ٢٠٢٠ چاپکرا، نووسەر خوێندنەوەیەکی تێروتەسەلی بۆ کردووە و بە چەند سەرەقەڵەمێك شی کردووەتەوەو لە کتێبێکی (١٧٥) لاپەڕەدا بە چاپی گەیاندووە.. دڵشاد وەسانی دەڵێت: کتێبی (بۆ مێژوو) وەڵامدانەوەیەکی بنجبڕو کەمەرشکێنە بۆ هەموو ئەو درۆ و دەلەسە و ناهەقیانە کە ئیدی لە ڕێگەیەوە نەهێڵدرێت مێژووی پڕ شکۆی گەلەکەمان بە خواستی دوژمن و نەیارانی کورد و لە بەرژەوەندیی ئەوان بنووسرێتەوە.

کتێبی دووەمی دڵشاد مستەفا وەسانی بە ناوی (خەبات بەردەوامە، پوختەیەك دەربارەی ڕۆژنامەی خەبات ١٩٥٩-٢٠١٩)، ئەم کتێبە گەشتێك بەنێو مێژووی سەرهەڵدان و دەرچوونی یەکەم ژمارەی ئەم ڕۆژنامەیەدا دەکات هەر لە (٤ی نیسانی ١٩٥٩) تا ئەمڕۆ، ڕۆژنامەی (خەبات) لەم شەست ساڵەی تەمەنیدا بە قۆناغی جۆراوجۆردا بەپێی بارودۆخی سیاسی لە کوردستان ڕۆیشتووە، سەردەمانێك بە کوردی و ماوەیەك بە عەرەبی و هەندێ ژمارەی لە شار و بڕێکی لە شاخ و هەندێ جار بە ئاشکراو هەندێ جاریش بە نهێنی دەرچووە. سەرنووسەری خەبات (سەلام عەبدوڵا) پێشەکی بۆ هەردوو کتێب نووسیوە و (شکار عەفان نەقشبەندی)یش نەخشەسازیی بەرگ و ناوەرۆکی بۆ ئەنجام داون.

دەستخۆشی لە هاوپیشەمان (دڵشاد مستەفا وەسانی) دەکەین کە بەم دوو بەرهەمە دانسقەیە کەلێنێکی لە کتێبخانەی کوردیدا پڕکردووەتەوە.. بە هیوای نووسین و بەرهەمی زیاتر.









■ خاوەن ئیمتیاز
**شەوکەت شێخ یەزدین**
Concessioner
Shewket Sh. Yezdeen

■ سەرنووسەر
**فەرهاد محەمەد**
Editor-in-Chief:
Farhad M.hassn
frhd_mhmd@yahoo.co.uk
Mob: 07504030900

■ سکرتێری نووسین
**هێمن غەنی**

■ سیاسەت و ناوخۆ:
**ساڵح عومەر**
**شەماڵ نوری**
**د. شێبان فەرهاد**
**بەهادین جەلال**

■ گشتی:
**ئەحمەد عەزیز**
**د.عادل حوسێن**
**تارا عومەر**
**خەلیل بلەیی**
**سەنگەر شنۆیی**
**مەهدی حاجی ساڵح**

■ بەڕێوەبەری کارگێڕی و دارایی:
**سلێمان یاسین**

■ بەڕێوەبەری هونەری:
**شاخەوان جەعفەر**

■ بەرگ:
**لوقمان ڕەشیدی**

■ وێنەگر:
**کەماڵ ئاکرەیی**

**بۆ ریکلام کردن پەیوەندی بکە بە:**

Mob: 0750 2206537
salih_omer2003@yahoo.com

**چاپخانەی ڕۆکسانا - هەولێر**

**ناوونیشان: هەولێر -ڕووناکی/ شەقامی ٤٠ مەتری**

***Web: www.gulan-media.com***

سەرۆ قادر



## هۆشیاری و عەقڵ

**مرۆڤ چەندە پێویستی بە هۆشیاری هەیە؟**

ئەتالیا ئۆمێر:



## نایەکسانی لە سەر ئاستی جیهان بووەتە هۆی هاتنەئارای ناسیۆنالیزمێکی ڕاسترەوی نالیبراڵی

مووسا خەمۆ:




## دەبوو پەکەکە هاوکاری هەرێمی کوردستان بووایە نەک ببێتە بارگرانی بەسەریەوە



## گەشتیارێکی زۆر و بەبازاڕکردنێکی لاوازی بەرهەمی خۆماڵی

عەبدولحسێن شەعبان:



## تێکشکانی ناسنامەی یەکگرتووی عێراق تا ئێستا هەر بەردەوامە

## کارپێکردنی منداڵان و دەرهاویشتە خراپەکانی لە رووی دەروونی و کۆمەڵایەتییەوە



دییە عوسمان:

## هەوڵ دەدەم لە داهاتوودا ببمە باشترینی کوردستان و عێراق




## شەحنێکی بچووک بۆ زۆربەی ئامێرەکان



## ئایا پاش کوتان پێویست بە تێستی کۆڤید١٩ دەکات؟




## باسکاڵ واز ناهێنێت



# هۆشیاری و عەقڵ

## مرۆڤ چەندە پێویستی بە هۆشیاری هەیە؟



سەرۆ قادر
sero.qadir@irdk.org

تایبەت بە گوڵان نووسیویەتی



هۆشیاری، یان زیرەكی پێویستییەكی جیانەكراوەی بوونەوەری زیندووە. بە شێوەیەك كە هەموو بوونەوەرەكان، لە خوارەوەی مرۆڤ و بە مرۆڤیشەوە، بەتایبەتی پلەی باڵا ئەوانەی پێیان دەوترێت خشۆكەكان و مەمكدارەكان و مرۆڤیش، ئەگەر خاوەنی هۆش، یان هۆشیاری نەبن، ناتوانن بژین. كەواتە هۆشیاری شتێك نییە دروستكرابێت. ئینسان كە لە دایك دەبێت لە ڕۆژی یەكەمەوە هەست دەكات واتە «حس» كە بە جەستە دەكرێت. هەر منداڵێك ئەو حسەی نەبێت، دەمرێت. قۆناغی دووەم كە وردە وردە زیاتر لە مانگێك دوای لە دایكبوون دێت جا هۆش دەستپێدەكات،واتە هۆشیاری بە پلەیەكی نزم دەست بە كار دەبێ. هۆشیاری بریتییە لە یەكەم: خوێندنەوە و تێگەیشتنی ڕووكەشییانە لە دەوروبەرت، دووەم: كائینی زیندوو بتوانێت لەگەڵ جۆراوجۆریی یان فرەیی دیاردەكانی دەوروبەری خۆی بگونجێت، توانای گونجانی هەبێت. بۆیە تەنیا مرۆڤ بەهۆش نییە، بەڵكو ئاژەڵیش هەیەتی، بەڵام ئاست و ئەركەكانیان جیاوازە. لە ئینساندا هۆشیاری لە منداڵیدا لە زۆر شوێن كە بایەخ بە پەروەردە دەدرێت، دەپێورێت. ئینسان ئەگەر پلەی هۆشیاری، یان هۆشی لە حەفتادا بێت، زۆر كۆڵەوارە، خوارتر بێت، دەبێتە كەمئەندام یان ئەوەی پێی دەگوترێت «خاوەن پێداویستی تایبەت». لە حەفتا بەرەو سەر تاكو سەد بە پلەی بەرز دادەندرێت. بەڵام ئینسان گەر بگاتە ١٣٠ دەبێتە مرۆڤێكی بلیمەت، لە ١٣٠ بەرەو سەرەوە زۆر كەم دروست دەبێت.

كە خەیاڵ شێوازی بیركردنەوە و باوەڕەكانی ئاییندەی منداڵ دادەڕێژێت، قۆناغەكانی دیكەی باڵای مێشك دەست پێ دەكات، ئەوەی پێی دەگوترێت وێناكردن و تەسەور

لەسەر بنەمای زانست ئەو پێناسە و پێوانە ئەنجام دەدرێت. چونكە ئینسان بە هەموو بوونییەوە، وەكو هەموو دیاردەكانی دیكەی سرووشت، زانست لێی دەكۆڵێتەوە، بەتایبەتی مێشكی مرۆڤ كە تاكو بیست ساڵ بەر لە ئێستا زۆر بە زەحمەت لێی حاڵی دەبوون. بەهۆی پێشكەوتنی تەكنەلۆژیاوە بە وردەكارییەوە لێی دەكۆڵنەوە و فەرمانەكانی ناو مێشك، فەرمانەكانی ناوەندەكانی مێشك، هۆرمۆنەكانی، ئەو فرمانەی كە دەیدەن بە لەشی مرۆڤ و بە پەیوەندی و كاردانەوەی ئینسان لەگەڵ دەرەوە دیاری دەكات. دوای ئەوەیە ئیحساسی ئینسان دروست دەبێت، ئیحساس و خەیاڵ لەو كەسەدا پێكەوە لە ئەنجامی كاری هەستەكان دروست دەبن. چونكە هۆش شتێك نییە لەناكاو دروست بێت، شتێك نییە بە ئامۆژگاری و خوێندنەوە دروست بێت. كاتێك كە دەگەینە قۆناغی ئیحساس و جووڵە و هەڵچوونەكان (هەیەجانەكان) وەك منداڵ پێدەكەنێت، كاردانەوەی لەبەرانبەر دایكی دەبێت، دەگرێت، دەیگەزێت، لە ڕەفتاریدا ڕەزامەندی دیارە، ڕەتكردنەوە دیارە. ئەمە پێی دەگوترێت ئاستێكی مامناوەند لە هۆشی كۆرپە بۆ خۆگونجاندن لەگەڵ جۆراوجۆرییەتی ژینگەی دەوروبەری. خۆی دەگونجێنێت بۆ ژیان. پاشی ئەوەیە كە خەیاڵ شێوازی بیركردنەوە و باوەڕەكانی ئاییندەی منداڵ دادەڕێژێت، قۆناغەكانی دیكەی باڵای مێشك دەست پێ دەكات، ئەوەی پێی دەگوترێت وێناكردن و تەسەور. لەوێوەیە كە بناغەی كەسایەتیی مرۆڤ لە سێ ساڵییەوە بەرەو سەرەوە دروست دەبێت. بناغەی ئەوەی پێی دەگوترێ سیستەمی بیركردنەوەی ئەو كەسە، چ جۆرێكە، دادەڕێژدرێت. وەك دەبینی هەندێك كەس دوورەپەرێزن، هەیە كراوەنە، هەیە تێكەڵ دەبن، هەیە خۆیان دەدزنەوە، هەیە باوەڕ ناكەن، هەیە زوو باوەڕ دەكەن. ئەمە لەو قۆناغەدا دەست پێ دەكات. كاتێك كە بێیە ناو كۆمەڵگە ئەوە دەبێتە هۆشیاری بۆ ژیان.

بناغەی كەسایەتیی مرۆڤ لە سێ ساڵییەوە بەرەو سەرەوە دروست دەبێت. بناغەی ئەوەی پێی دەگوترێ سیستەمی بیركردنەوەی ئەو كەسە، چ جۆرێكە، دادەڕێژدرێت

ئەو گەشە جەستەییە دەروونییە ڕاستەوخۆ وەكو جین لە مێشك و لە سیستەمی مرۆڤدایە، وەكو چۆن زمان لە جینەكاندایە، ڕێساكانی زمان بە شێوەی جێنەتیك لە مێشكی هەموو ئینسانێكی ساغدا هەیە. دەڵێن هۆش، یان وەعی زۆر ویراسی (بۆماوەیی) نییە، بەڵكو پەیوەندی بە هەڵكەوتەی مێشك و سیستەمی عەسەبەوە (دەمارەكان) هەیە. ئەو ڕاستییەش لەوەوە دەردەكەوێ ژمارەیەكی زۆر بلیمەت لە جیهاندا هەبوون كوڕ و كچەكانیان بلیمەت نەبوون. بۆیە بلیمەتی پەیوەندی هەیە بە هەڵكەوتنی سیستەم و قەبارەی مێشك و شێوەی لۆچەكانی مێشك و كاردانەوەكانییەتی بۆ فەرمانی بەهێزتر كە ئەوانەی كە ئێمە باسی دەكەین كە حس و هۆش و خەیاڵكردن و وێناكردن و كەسایەتی و سیستەمی بیركردنەوەی مرۆڤ، هەموویان كاری مێشكن. مێشك بە شێوەیەكی ورد لە ڕێگەی سیستەمی بایلۆژی و سیستەمی جێنەتیكەوە دەگوازرێتەوە، كەواتە بنەمای هۆشیاری لە مرۆڤدا هەیە.

دەڵێن هۆش، یان وەعی زۆر ویراسی (بۆماوەیی) نییە، بەڵكو پەیوەندی بە هەڵكەوتەی مێشك و سیستەمی عەسەبەوە (دەمارەكان) هەیە. ئەو ڕاستییەش لەوەوە دەردەكەوێ ژمارەیەكی زۆر بلیمەت لە جیهاندا هەبوون كوڕ و كچەكانیان بلیمەت نەبوون

لەم زەمانەدا هەقمان نییە باوەڕی خۆمان دروووست بکەین، ئەگەر لەسەر بنەمای زانستی نەبێت. هەموو باوەڕێکی ئێمە دەبێت زانست پشتیوانی کردبێت، وە ئێمە هەوڵ بدەین تێی بگەین، مرۆڤ بە زانستەوە دەژیت، و ئەوە زانستە قۆناغەکانی مێژووی مرۆیی لێکتر جیا دەکاتەوە، وە ئینسان بە مانای ئینسانی عاقڵ بەرهەمی زانستە، بەرهەمی کەمتر لە پێنج سەد ساڵ بەر لە ئێستایە. بۆیە دەگوترێت مێژووی عەقڵ لە ١٦٠٠ بەرەو سەرەوە دەست پێ دەکات، کە ماشینی چاپ دروووست کرا و بە ملیۆنان کتێب کەوتە بەردەستی خوێنەرانی داهێنەر. مێشکی ئینسان کە زانیاریی زۆری بدەیەی بەکاردەکەوێت، بەهێز دەبێت، ئینجا وەزیفەکانی خۆی جێبەجێ دەکات. کاتێك زانیاری نەبێت، دەپووکێتەوە. بۆیە ئەو منداڵانەی کە توانایی مێشکێکی ساغیان هەیە، ئاستێکی بەرزی هۆشیاریشیان هەیە، لەبیرمان نەچێت ئینسانی بلیمەت، پێویستی بە پلەیەکی باڵای هۆشیاری هەیە، دوای ئەوە عەقڵ دەست پێ دەکات. عەقڵ بەرهەمی زانستە، بەرهەمی واقیعبینییە، بەرهەمی پەروەردەیەکی باشە. پەروەردە هەر ماڵ نییە، پەروەردە ئەوەیە بە پێی توێژینەوەی زانستی دەبێت منداڵ بە پلان پەروەردە بکرێت تا گەشەیەکی باش بکات گەشەیەك نەك لەسەر ئاستی کلتوور و سوننەت و باوەڕی ئایینی و قەومی و ناوچەیی، بەڵکو لەسەر بنەمای زانستی. ئەوە لە هەموو دونیا یەك بنەمای هەیە کە پێی دەگوترێت پەروەردەی هاوچەرخ. ئەوانەی کە زۆر تەندرووستن و هۆشی باڵایان هەیە لەو پەروەردەیەدا دەبووژێنەوە.

لە مێژووی مرۆڤایەتی سێ هەزار ساڵی ڕابردوودا تاك و تەرا ئینسانی عاقڵ دروووست بووە. کە پێیان دەگوترێت فەیلەسووف. زانا بە مانای ساینتست لە بواری زانستی هەرگیز نەبووە. بۆیە تا ساڵی ١٦٠٠ ئینسان لە قۆناغی سوننەت و تەقلید (ترادیشنال) دەژیا، نەوەکان یەکتریان دووپات دەکردەوە، ئەویش بە گۆڕانێکی زۆر بچووك. زانست پێش نەکەوتبوو کە بە خێرایی مێشکی مرۆڤ گەشە بکات و ئەرکەکانی خۆی دابەش بکات، لە دونیای دەرەوە و مرۆڤایەتی تێبگات و یاساکان ئاشکرا بکات و بتوانێ لە بەرژەوەندیی مرۆڤ سواری دیاردەکانی سرووشت بێت. هەربۆیە بە درێژایی مێژوو چەکی مرۆڤ لە بەردەوە بۆ چەکوش، بۆ ڕم و شمشێر و تیر وەستابوو، خێرە لە ماوەی ٢٥٠٠ ساڵدا هیچ شتێك نەگۆڕا؟ جلوبەرگی مرۆڤ لە گەڵا تا چنینی خوری ئاژەڵ بوو، هەربۆیەش لە قۆناغی تا پێنج سەد ساڵدا ئینسان تاوەکو جلوبەرگێکی دەست دەکەوت کە لە مێژووی کلتوور و زمانی ئێمەدا خرقەی پێ دەڵێن، هەموو تەمەنی خۆی بەو خرقەیە و بە عەمامەیەك دەبردە سەر،ئەویش ئەگەر دەستی کەوتبا. ڕیش تاشین کارێکی ئاسان نەبوو.

پێویستە بزانین شارستانییەت لە قۆناغی پێشکەوتنی زانست جودایە. هەروەها مێژووی شارستانییەت لە مێژووی عەقڵ جودایە. مێژووی عەقڵ و مێژووی زانست بەیەکەوە بەستراونەوە. عەقڵ یانی چی؟ یانی کەسانی خاوەن مێشکێکی بەکار کە توانای بینینی واقیعی دەرەوەی خۆی هەیە، دەشبێ لە جۆراوجۆریی دیاردەکان تێبگات، دەتوانێت پەیوەندیی نێوان دیار دەکات بە سرووشت و ناسرووشتەوە، بە ئینسان و بە سرووشتەوە بخوێنێتەوە. وە بە ئەندازەیەك قوەتی بەڵگەهێنانەوە و لێکدانەوە (استدلال)ی هەبێت کە یاساکانی ئەو دیاردانە بەڕێوەدەبات، ئاشکرا بکات. کاتێك یاساکانی کەشف کرد، دەتوانێ بە پێی یاسا قانوونێك دژی قانوونێکی دیکە بەکاربهێنێت لە بەرژەوەندیی مرۆڤ، ئیمکانییەتێکی نوێ بهێنێتە پێشەوە. بۆ نموونە بە درێژایی مێژوو خەونی مرۆڤ ئەوە بووە بفڕێت و جار جار لە خەوندا دەفڕی، نەیدەزانی فڕین چییە. ئەی ئێستا؟ مرۆڤ دەفڕێت. ئەوەی ئێستا لەبەرچاونەگرتنی یاساکانی سرووشت نییە، بەڵکو بەکارهێنانی عەقڵانییە، کە یاساکانی سرووشت هەندێك جار لە دژی هەندێکی دیکە بەکاردێنن، ئەمەش بەرهەمی زانستە، زانست نەبێت عەقڵ پێش ناکەوێت. عەقڵ بەرهەمی زۆربوونی زانیارییە. کاتێك ئینسان دەتوانێت هەموو دیاردەکان بەیەکەوە بخوێنێتەوە کە زانیارییەکی زۆری هەبێ. بۆیە دەڵێن هەموو سرووشت لەسەر بنەمای عیلەت و مەعلوولە ڕۆنراوە، تەنیا عەقڵە کە شوێنکەوتەی ئەو هاوکێشەیە نییە و لەسەر بنەمای ئیستدلال(لێکدانەوە) کار دەکات.

**لەم زەمانەدا هەقمان نییە باوەڕی خۆمان دروووست بکەین، ئەگەر لەسەر بنەمای زانستی نەبێت. هەموو باوەڕێکی ئێمە دەبێت زانست پشتیوانی کردبێت**

**دەگوترێت مێژووی عەقڵ لە ١٦٠٠ بەرەو سەرەوە دەست پێ دەکات، کە ماشینی چاپ دروووست کرا و بە ملیۆنان کتێب کەوتە بەردەستی خوێنەرانی داهێنەر**

**ئەگەر واقیع گۆڕدرا، ئەنجامەکانی بیرکردنەوەی عەقڵیش دەگۆڕدرێت، بۆیە ئینسانی عاقڵ ئامادەیە هەمیشە بە چاوێکی ڕەخنەگرانە تەماشای واقیعی خۆی بکات و سەیری ڕوانگەی بەرانبەری بکات**

**ئینسانی داهێنەر ئینسانی ڕەخنەگرە، ڕەخنە دەبێت لەسەر بنەمای زانین و زانست بێت، دەنا دەبێتە چەڵتە چەڵت و چەلەحانێی یەکتر شکاندن**

**پۆپۆلیست یەک ئامانجی هەیە، کەسانی بە ئایدۆلۆژیای توندڕەوی دیکتاتۆری دەچنە ناو جاددە ئەو مێگەل و گارانە جیادەکەنەوە، بۆ ئامانجی خۆیان تێکیان بەردەدەن**

**یەکێک لە بەرهەمەکانی پەروەردەی واقیعبینی و زانستی ئەوەیە کەسێک دەتوانێت تۆی خۆش بوێت کە خۆی خۆش بوێت (نەک خۆپەرست بێت)**

هۆشیاری لە ژیانی کۆمەڵایەتیدا بریتییە لە ئینسانێك کە بە وردی توانای دیاردەکانی هەیە وجیاوازییەکانی پێ وەردەگیرێ، بەڵام ئینسانی عاقڵ واتا خوێندەوارێکی بەتوانای لێکدانەوەی بان و بنەوەی دیاردەکان بە هەبوونی ئاستێکی باڵای هۆشیاری. خوێندەواری لەم زەمانەدا واتا بەلایەنی کەمەوە قۆناغی چوار ساڵەی یەکەمی زانکۆی تەواو کردبێت، ئەگەرنا ئینسانێکی خوێندەوار نییە. ئەوە کەرەستەی یەکەمە بەرەو ئەوەی ئینسانی عاقڵ دروست ببێت. واتا ئەو کەسە لانی کەمی سیستەمی پەروەردەی بینیبێت و کە توانای تێگەیشتنی هەبێت لە بوارێکی دیاریکراودا نەك لە هەموو بوارەکاندا. پاش ئەوە کەسە دەتوانێت لە بواری خۆیدا پەرە بە وەعی خۆی بدات، پەرە بە ئاستی هۆشیاریی خۆی و تواناکانی خۆی بدات. هەرکەسێك بیەوێت لە بواری خۆیدا یان لەو بوارانەی کە بۆ ئەو پێویستە دەرەنجامی زانستی وەرگرێت، ئینجا لەو دەرەنجامە زانستییە ئەو کەسە دەزانێت چ ئاراستەیەك بۆ کارکردن یان بۆ ڕۆڵ گێڕانی کۆمەڵایەتی و هێنانەدی ئەو ئامانجانەی دەستنیشانی کردووە، یان ژیان لەسەر ڕێچکەی ئەو ئامانجانە دایناوە، ئەوەی بۆ یەکلا ببێتەوە. ئینسانی زانای عاقڵ لەم زەمانەدا، لە هەموو بەشە زانستییانەی لەبەردەستیەتی، ئەوانە وەردەگرێت، لە مێشکی خۆیدا مۆدێلێکی نوێ درووست دەکات، ئەو مۆدێلە بەپێی توانایی ئەو لەو زانستانەدا کە هەموویان ڕاستن، هەموویان ئینسانین، هەموویان لە خزمەتی مرۆڤدان، بەپێی ئەزموونی کەسیی خۆیی لە ژیانی زانستیدا ڕۆئیای خۆی و بیروباوەڕی خۆی درووست دەکات. ئەوە مۆدێلی بیرکردنەوەی ئایدیایی و ئارمانی یان بیروباوەڕی واقیعییانەی ئەو زەمانەیە لە بەرانبەر باوەڕی ئایدۆلۆژی. ئایدۆلۆژیا ئەوەیە کەسێك دوو-سێ هەندێ ئەحکام بە پێی بیرکردنەوەی خۆیان دادەڕێژن، خەڵکێك هەیە دەبنە پەیڕەو و وەریدەگرن، ئەمە ئایدۆلۆژیای ئایینی بە هەموو ئایینەکان دەگرێتەوە، لەگەڵ ئایدۆلۆژیای سیاسی بە هەموو ئاراستە سیاسییەکانەوە. ئێستا ئێمە لە قۆناغێکدا دەژین، ئایدۆلۆژیا دارما، بە ئایدۆلۆژیای کۆمەڵایەتی و دینیشەوە. ئەی چ شتێك هاتووەتە پێشەوە کە مرۆڤ سوودی لێ ببینێت؟ قۆناغی ئایدیا یان مۆدێلی دروستکردنی بیروباوەڕی واقیعبینانە کە ڕێگە بە ئینسان دەدات جۆراوجۆری هەبێت هەتا لە یەك جۆر کێشەدا کە ژمارەیەکی زۆر خەڵك قسەی لەسەر دەکەن، هاوبیرن، بەڵام لە وردەکاریدا ڕێگە دەدات جیاواز بن.

کەسێکی ئایینی دەکرێت باوەڕی ئایینیی خۆی هەبێت، بەڵام ئایین نەکاتە ئایدۆلۆژیا، دەتوانێت خاوەنی بیروباوەڕێکی زۆر کامڵ بێت. وە ئەگەر کەسێك حزبی بێت، بەڵام ئایدۆلۆژیای قبوڵ نەبێت، بەڵکو حزبەکەی ئامانجێکی دیاریکراوی هەیە و بۆ ئەو ئامانجە لەو زانستانە سوود دەبینێت کە لەبەردەستییەتی، و لە مێشکی خۆی بە پێی ئەو ئەزموون و توانایەی کە هەیەتی، مۆدێلێك پشێنیاز دەکات، دەڵێت ئەو ڕوانگەی منە بۆ ئەو ئامانجەی هەمانە. ئەوە کلیلی پێشکەوتنی ئەمڕۆیە. بۆیە ئێستا لە دونیادا دەڵێن دەبێت دیبەیت هەبێت لە نێوان هاوبیرەکانیش و موناقەشە و گفتوگۆ بکەن. من و تۆ ئەندامی حزبێکی دیاریکراوین، ئامانجێکمان هەیە، بۆ گەیشتن بەو ئامانجە لە یەك پانتایی زانستییش سوود دەبینین، بەڵام توانایی تۆ لەگەڵ توانایی من، گرنگیپێدانی تۆ لەگەڵ هی من، گۆشەی هزریی تۆ لەگەڵ هی من، دیدی تۆ لەگەڵ هی من، هەستیاریی تۆ لەگەڵ هی من، مێژوو و سیستەمی دەماری و جۆری زانیاریی تۆ لەگەڵ هی من، هی منیش لەگەڵ تۆ جیاوازە. بۆیە لە وردەکاریدا وەك چۆن پەنجەمۆرمان جیاوازە، مۆری چاومان جیاوازە، دەنگمان جیاوازە، جووڵەی لەشمان جیاوازە، هی هەر مرۆڤە لەوانەیە لە یەك ملیۆندا یەك جار وەکو یەك بن، ئەویش زۆر کەم دەست دەکەوێت. بۆیە دەگوترێت مرۆڤ هەمووی لە یەکتر جیاوازە، یان وەکیەك نین، بەڵام دژی یەکتر نین، لێك جیاوازن. ئەوە ئەو ڕێسایەمان بۆ درووست دەکات کە ڕێگە بە چالاکیی مێشك نەگرێت، ڕێگە لە چالاکیی عەقڵ نەگرێت، چالاکیی عەقڵیش ئەوەیە تا دەتوانێت واقیعبینە، وە ئەگەر واقیع گۆڕدرا، ئەنجامەکانی بیرکردنەوەی عەقڵیش دەگۆڕدرێت، بۆیە ئینسانی عاقڵ ئامادەیە هەمیشە بە چاوێکی ڕەخنەگرانە تەماشای واقیعی خۆی

بکات و سەیری ڕوانگەی بەرانبەری بکات وە سەیری ئەنجامی کار دەکات، وە هیچ کات ئامادە نییە ئەوە بشارێتەوە، بۆیە دەگوترێت ئینسانی داهێنەر ئینسانی ڕەخنەگرە، ڕەخنە دەبێت لەسەر بنەمای زانین و زانست بێت، دەنا دەبێتە چەڵتە چەڵت و چەلەحانێی یەکتر شکاندن.

هیچ ئینسانێکی هۆشمەند ناتوانێت لە هەموو بوارەکاندا شارەزا بێت. ئینسان دەتوانێت لە بوارێکی دیاریکراودا هۆشیار بێت، تەنیا بوارێك هەیە دەڵێن ڕۆشنبیران دەتوانن پانتاییەکەیان فراوانتر بێت. پێناسەی ڕۆشنبیر بریتییە لە کەسێك کە ئەو ئاستە خوێندەوارییەی هەبێت کە من گوتم. ئەو ڕێڕەوە پەروەردەییەی پێوابێت، لە ئەنجامی هەوڵ و ئەزموونی مرۆڤ بۆ پەروەردە گرد بووەتەوە. لە بوارێکی دیاریکراودا توانای زانستی هەیە. کە دێتە سەر بواری کۆمەڵایەتی، لە ژیانی کۆمەڵایەتیدا خاوەن ڕایە. جا ڕەخنەگری ئەدەبییە، سیاسییە، کۆمەڵایەتییە، چالاکوانە، لە بواری ژنانە، ئاشتیخوازە، هەموو ئەوانە.

پێناسەی زانستی ئیشی زانایانە. بۆ پێناسەی زانستی نابێت بگەڕێینەوە بۆ ناو خەڵکی فەقیر و بۆ ناو جادە. چونکە ناو جادە بریتییە لە بێ سیستەمی و بێ زانستی و بێ میتۆدی. هەرکەس پەنا بۆ ئەوە بەرێت پۆپۆلیستە، پۆپۆلیست یەك ئامانجی هەیە، کەسانی بە ئایدۆلۆژیای توندڕەوی دیکتاتۆری دەچنە ناو جادە ئەو مێگەل و گاڕانە جیادەکەنەوە، بۆ ئامانجی خۆیان تێکیان بەردەدەن. وە کۆتاییەکەشی وێرانکردنە. لە هەموو دونیا بە پێی مێژووی مرۆڤ ئەوە بووە و هیچی تر نەبووە. ڕۆشنبیر بریتییە لە کەسێك، ئەو توانایانەی هەیە، کە لە کاروباری کۆمەڵگەدا بێلایەن نییە، دەتوانێت دەربڕێت، ڕۆشنگەر بێت، هەڵوێستی هەبێت، دەتوانێت لە خەڵك بگەیەنێت. پانتایی چالاکیی کاری ڕۆشنبیران چونکە پەیوەندی بە چالاکیی کۆمەڵایەتییەوە هەیە، فراوانتر دەکات. بەڵام بەو مانایە نییە ڕۆشنبیر وەکو ئینسان مێشکی لە خەڵکی دیکە زیاتر زانست وەردەگرێت. هەستیاریی ڕۆشنبیران، کە هونەرمەندانیش بەشێکن لەوان، سیستەمێکی دەماریی جیاوازە. ئێمە ژمارەیەکی زۆر زانامان هەن لە نێو تاقیگەکانی زانکۆکاندا ڕۆشنبیر نین. تۆ ناتوانی بە ئەنیشتاین بڵێی ڕۆشنبیرێکی گەورە، دەتوانی بڵێی زانایەکی گەورەیە.

ڕۆشنبیری زۆر گەورە هەنە، دەڵێن زەمانی فەلسەفە نەماوە و منیش پێموایە ڕاست دەکەن. مێژووی فەلسەفە و مێژووی ئایین پێکەوە هاتوون، کەمێکیش فەلسەفە لەپێشترە. داهاتنی مۆدێلی بیرکردنەوەی فەلسەفی، واتا ئەحکامی گشتی بۆ تێگەیشتن لە سرووشت، لە سەرەوەی سرووشت، لە خوارەوەی سرووشت، هی کاتێك بووە کە زانست سفر بوو، هیچ نەبوو. بەڵکو پشتبەستن لەسەر ئەوانە بوو کە قودرەتی هۆشیان هەبوو، توانایی ئەوەیان هەبوو کە لەو مەدارس و جەوی کەمی ئەو کتێبانەی هەبوون، وەکو ئەو فەیلەسوف و ڕۆشنگەرانەی یۆنان و ڕۆژهەڵاتدا، لە پێش قۆناغی مۆدێرن و زانستدا، تاك و تەرا ئینسانی عاقڵ هەڵدەکەوتن لە بارودۆخی دیاریکراودا، کە قودرەتی زانستییەکەشیان زۆر لە خوارێ بوو، ئەوان توانای مێشکیی یەکجار زۆریان هەبووە، بەڵام فەلسەفە هی ئەوکات بووە، بۆ خەڵکی ئەوکات، فەلسەفە ئامرازی تێگەیاندنی خەڵکی جاهیلە، هی خەڵکی زانا نییە. پێم نالێی لە قۆناغی مۆدێرندا کە زانست دەگاتە ئەوپەڕی خۆی، چ پێویستی بە فەیلەسووفە؟ هەموو ئەوانەی ئێمە ئێستا قسەی تێدا دەکەین، لەسەرەوەی سەرەوەی هەزار بەرابەری هەر فەیلەسوفێکە لە قۆناغی پێش مۆدێرندا. ئەو فەیلەسووفە کۆنانە جەمسەرن لە مێژووی ئێمەدا، ڕێنموونیکەری قۆناغی ئێستای ئێمە نین. هەموو ڕۆژێك گرووپێك لە زانایانی ئەم زەمانە مۆدێلی نوێی تەکنیك و شێوازی نوێی ژیان پێشنیاز دەکەن کە ئێمە پەیڕەوی دەکەین و بە تەواویش پشت لە قۆناغی کۆن دەکەین. هەربۆیەش پێت سەیر نەبێت کە زۆر گفتوگۆ لە ناو ئێمە لە کوردستاندا نییە. کە دەڵێین مێژووی عەقڵ دوای ماشینی چاپ و دوای شۆڕشی تەکنەلۆژیا و زانستی دێت، پێشی هەندێ چی بووە؟ سەردەمی عەقڵ نەبووە. هەربۆیەش مێژووی مرۆڤ هەمووی یەکتر کوشتن و یەکتر ڕەتکردنەوە و یەکتر تاڵانکردن و نەبوونی ئەمن و ئەمان بووە. مرۆڤ تا قۆناغی پێش مۆدێرن زۆرترین شڵەژان و ترس و

**هەمیشە بیرکردنەوە دوو قۆناغی هەیە، یەکەمیان پەروەردەیە و لەنێو سیستەمە. دووەمیان بە تەنیاییە، کە مرۆڤ خۆی دەست پێ دەکات**

**لە دیکتاتۆری لە هەموو دەوڵەتاندا عەقڵ دوادەکەوێت، خاوەن فکرەکان، یان دەکوژرێن، یان دەکوژێنەوە، یان ڕادەکەن، تا دۆخی وڵات دەگۆڕێت**

**ئەخلاق بریتییە یەک: ئازادی و ئازادیخوازی. دوو: واقیعیبوون و واقیعبینییەتی. سێیەم: زانستیبوون و زانستخوازی. چوارەم: خۆشەویستی و هاوکاری. پێنجەم: ڕێزگرتن لە شکۆی ئینسان. ئەمە مانای ئەخلاقە**

**لە وڵاتان کاتێک لە رووی پەروەردە و ئابوورییەوە پێشکەوتوون، بێ ئەوەی باسی نیشتمانپەروەری بکەن، ئینتمای هەمووان بۆ وڵاتە**

**مۆدێرنیزم، یان شێوازی نوێی ژیان کە زانست پشتیوانیەتی، بریتییە لە پێچەوانەی تەقلید کە خورافات و ئیستدلالاتی عامی تاقینەکراوەیە**

**دوای داهاتنی ماشینی چاپ ملیۆنان کتێب کەوتە بازاڕی ئەورووپا بۆیە قۆناغی زانست و تەکنۆلۆژیا هاتە پێشەوە. بەوەش عەقڵ بووژایەوە.**

دڵەڕاوکێی هەبووە، هیچ کەس لە ئەماندا نەبووە. بەپێی لێکۆڵینەوەی زانستی، ڕاددەی شڵەژان و نادڵنیایی لەسەر ئاستی دونیا زۆر زۆر کەمترە کە هەر بەراورد ناکرێت لەگەڵ قۆناغی کۆن. خۆ جەنگ ڕوویدا، بەڵام خێرا ئاوادانکردنەوە و تیمارکردن هەیە، لە کۆندا کوشتن هەبوو، بەڵام ئاوەدانکردنەوە نەبوو. کاتێك کە مەغۆل هات، کاتێك ئەو شەڕانەی ئیمپراتۆرەکانی ئیسلامی لە ناوچەی ئێمەدا بۆ فتوحات و یەکترسڕینەوە و سەپاندنی مەزهەبەکان هەبوو، ئەو هەموو کوشت و کوشتارە دەکرا، ئاوەدانکردنەوە هەبوو؟ پێڕاگەیشتنی ئینسان هەبوو؟ نەبوو.

ئینسانی هۆشیار پێش هەموو شتێك کەسێکە دەبێ لە ژیانی خۆیدا زانا و شارەزا بێت، پێش ژیانی کۆمەڵگە و ژیانی خەڵك. نەبێت یانی هۆشیار نییە. تۆ ناتوانی کەسێکی هۆشیاری ئینساندۆستت دەستکەوێت کە بەختەوەری و هۆشیاری بۆ کۆمەڵگە هەیە، بەڵام بۆخۆی نییەتی. هەربۆیە ئەم زەمانە، یەکێك لە بەرهەمەکانی پەروەردەی واقیعبینی و زانستی ئەوەیە کەسێك دەتوانێت تۆی خۆش بوێت کە خۆی خۆش بوێت (نەك خۆپەرست بێت). باوکێك دەتوانێت منداڵەکانی خۆش بوێت و جوانترین خەونی بۆیان هەبێت کە خۆی خۆش بوێت (نەك خۆپەرست بێت و منداڵەکانی فیدای خۆی بکات). دایکێك دەتوانێت کە خۆی خۆش دەوێت خۆی فیدای منداڵەکان دەکات، خۆی زۆر خۆش دەوێت. بۆیە وشیاری و خۆشەویستی بە مەفهوومی نوێ ئەندامی عەقڵە.

هەمیشە بیرکردنەوە دوو قۆناغی هەیە، یەکەمیان پەروەردەیە و لەنێو سیستەمە. دووەمیان بە تەنیاییە، کە مرۆڤ خۆی دەست پێ دەکات. تەنیایی زۆر مانای هەیە. کاتێك کەسێك دەڵێت بە ئاستێك تەنیام بێکەسم، کەس پەیدا نابێت، ئەوە ئینسانێکی نەخۆشە. بەڵام کاتێك کە تۆ تەنیای لە ئەنجامی شێوازی کارت، تەنیای لە ئەنجامی سەفەر و ماندوویی، ئەوە قۆناغێکە تەندرووستە و تێدەپەڕێت. یەکێك لە بەرهەمەکانی مۆدێرنیزم تاکگەراییە، واتا گەڕانەوەیە بۆ ڕەسەنایەتیی ئینسان. کۆمەڵگە کاتێك پێشدەکەوێ کە فەردەکانی، کەسەکانی، ڕێزی هەموو مافەکانیان بگیرێت، مافی ئازادی، کار، خوێندن، بیرکردنەوە، هەموو ئەو شێوانەی سەرچاوەکانیان لە ئازادیی ئینسانەوەیە. هەر کۆمەڵگەیەك کۆمەڵگەیەکی جەمعانی و گەلەکۆیی بێت، کۆمەڵگە گرنگ بێت و فەرد گرنگ نەبێت، کۆمەڵگەیەکە خۆی قەڵاچۆ دەکات، عەزل دەبێت، تەپەسەر دەبێت، داهێنان نامێنێت، پێشکەوتن نامێنێت، و نەخۆشییە دەروونییەکان دەست پێ دەکەن کە ڕەنگ دەدەنەوە لە سیاسەتیشدا. یانی تۆ ئەگەر نموونە بە کۆریای باکوور بێنییەوە، بە هەموو پێوەرێك سەرۆکی کۆریا پیاوێکی نەخۆشە، سەرکردەی میللەتێکی نەخۆشیشە کە زیاتر لە حەفتا ساڵە تاك گرنگ نییە و جەمع گرنگە بە درووشمی جیاجیا، ئەنجامەکەش دیارە. بۆیە دەبینی لە دیکتاتۆری لە هەموو دەوڵەتاندا عەقڵ دوادەکەوێت، خاوەن فکرەکان، یان دەکوژرێن، یان دەکوژێنەوە، یان ڕادەکەن، تا دۆخی وڵات دەگۆڕێت. بۆیەش پەیوەندیی نێوان پێشکەوتن و هۆشیاری لەگەڵ عەقڵ پەیوەندیی ڕاستەوخۆیە، پەیوەندیی ڕاستەوخۆشی لەگەڵ ئازادی هەیە، ئینسان بەرهەمی ئازادییە، هەتا ئاژەڵ گەر لە شوێنێك گیر کران، یان خۆیان دەکوژن، یان لەبەر پەراوێزخستن دەمرن.

مرۆڤ مەحکوومە بە ئازادی، ئازادی بژاردە نییە. بۆیەش ئێستا نەتەوە یەکگرتووەکان جاڕنامەی مافی مرۆڤی هەیە، ئەو جاڕنامەیە ٤-٥ لاپەڕە زیاتر نییە، بەڵام تا ئێستاش لە ١٩٤٨ تا ئێستا بە دەوڵەمەندترین و دەقیقترین و زانستیترین و واقیعبینترین و گونجاوترین جۆری دەربڕین دادەندرێ کە بووە بە یاسایەکی نێودەوڵەتی بۆ مافی ئینسان. تا ئێستاش کە بیانەوێت دەستکاری بکەن و جوانتری بکەن، بواری تێدا نییە. ئەمە زانای زۆر گەورەی بواری دەروونی و ئینسانی و سیاسی دایانڕشتووە. لەوێدا هەمووی کۆدەکەیەوە لە پێنج بەند، کە حەقی هەر کەسێکە ئەم پێنج بەندانەی هەبن، پێی دەگوترێت پێنج بەندی ئەخلاقی جیهانشمول. ئەخلاق بریتییە یەك: ئازادی و ئازادیخوازی. دوو: واقیعیبوون و واقیعبینییەتی. سێیەم: زانستیبوون و زانستخوازی. چوارەم: خۆشەویستی و هاوکاری. پێنجەم: ڕێزگرتن لە شکۆی ئینسان. ئەمە مانای ئەخلاقە.



کوردستان لە قۆناغی ڕاگوزەردایە(انتقال). لە دوای ١٩٩١ بەشێك لە ئازادی پێ دراوە، بەڵام سەربەخۆیی پێ نەدراوە، دەرفەتێکی زۆری پێ دراوە بۆ ئەوەی وەکو دەوڵەتی ئەمری واقیع دەرفەتی پێشکەوتنی هەبێت، سی ساڵ تێپەڕی، پێشکەوتنێکی زۆرمان بینیوە، بەڵام کەموکوڕی لە ناو نوخبەی سیاسیی سەرکردە لە ناو هەرێمی کوردستاندا هەیە (نوخبە بە مانای گشتی). ئەم کەموکوڕییەش من بە نامۆی نازانم، میللەتێك بە درێژایی مێژوو ژێردەستە بووبێت، زانکۆی نەبووبێت، خەریکی دەوڵەت بەڕێوەبردن نەبووبێت، سیاسەت تەنیا چوونە شاخ و چەك دەست دان بووبێت، لە پڕێکدا بڵێین لە شاخ وەرە خوارەوە و دەوڵەت بەڕێوە ببە، کێشەی هەر دەبێت. شۆڕشگێڕییەتی لوتکەی خۆفیداکردنە، بەڵام لوتکەی عەقڵ نییە. لوتکەی ئیدارە و بەڕێوەبردنی دەوڵەت و پەروەردە نییە. بۆیە زۆر ئاساییە کە لە مێژووی شۆڕشگێڕیدا شۆڕشگێڕان لە بەڕێوەبردنی دەوڵەتدا زۆر سەرکەوتوو نەبوونە. قۆناغێکە و لەگەڵ دروستبوونی دەوڵەت ئەگەر توانای ئەو میللەتە زۆر بێت، تواناکان دێنێتە پێشێ پشتیوانییان دەکات. بۆیە ئەگەر بڵێی ئاستی هۆشیاری لە وڵاتی ئێمەدا چەندە، عەقڵانییەت چەندە، چەند خەڵکی ئێمە وا ئامادەکراوە بە پێی بنەمای عەقڵی بۆ بەرژەوەندیی وڵاتی خۆی و ئینجا خۆی بیرکاتەوە، ئەوە ئەرکی سیستەمی پەروەردەیەکی نوێیە. کە ئێمە لە سیستەمی پەروەردەییدا تا ئێستاش کێشەمان هەیە. مەبەستم لە سیستەمی پەروەردە لە باخچەی ساوایان تا سەرووی دکتۆرایە. لەو سیستەمەدا پێشکەوتن هەبووە، بەڵێ ژمارەی خوێندەوار زۆر بوونە شانازی پێوە دەکەین، بەڵام لە ناوەڕۆکدا نا. ئاستی هۆشیاریی ئێمە، کۆمەڵگەکەکان لە قۆناغی شڵەژاندا دەژیت، لە شڵەژاندا ئاستی هۆشیاری لە خوارەوەیە. هەڵگرتنی بەرپرسیارەتی زۆر زۆر کەمە، چونکە تێگەیشتن لە بەرپرسیارەتی زۆر کەمە. ئسوڵی ئەخلاقی تێکدەشکێت، هەندێك پێوەری دیکەی شەخسی و حزبی و مالی و عەشیرەتی و دینی کار دەکەن، خەڵکیان لە دەوری خۆیان کۆکردووەتەوە، و ئەوە بە هەموویان بەردەوام یەك بەرە دەشکێنن، بەرەی ئینسانی پێگەیشتووی عەلمانیی واقیعبین کە دەتوانێت وڵات درووست بکات.

چۆن پێشبکەوین؟ ئەو تاکە ئەرکی کەسێك نییە بەتەنیا. لەوانەیە کەسێکی خوێندەواری

**٢٠٪ی مرۆڤ لە بنەڕەتەوە هەڵگری جینی خراپن، کە هەموو نەخۆشییە دەروونییەکانی لێ درووست دەبێت، وە هەموو ئینسانە خەشن و دابڕاو و خۆپەرست و دیکتاتۆر و ئینسانکوژ کە لە تیپی جیاجیای کەسێتیی ئینساندا کۆدەکرێنەوە، هەموو نەخۆشیی دەروونییان هەیە**

**دوای پەروەردە و پێشکەوتنی ئابووری قاچی سێیەمی گەشەسەندن ئەوەیە تۆ سیستەمی تەندرووستی چاك بکەی. سیستەمی تەندرووستی ئیشی ئەوەیە مرۆڤەکان ساغ ڕابگرێت**

باش کە توانای زانستی هەبێت، بتوانێت هەندێك لەوە جێبەجێ بکات، بەڵام پەروەردەی نەوەیەك لە وڵاتدا، کاری دەوڵەتە، کاری حکومەتە، کاری ئەو مامۆستایانەیە کە فێرمان دەکەن. ئەمە کاری پەروەردەی هاوچەرخی عەلمانیی واقیعبینە، بە پێی بارودۆخی وڵاتەکە. لەڕووی کۆمەڵایەتی و ئابووری و مێژووی کلتووری و هەموو ئەو شتانەی پێکهاتەی ئێمە درووست دەکەن، ئەوکات مۆدێلێك لە مرۆڤ پەروەردە دەکرێت، کاتێك کە لە زانکۆ لە پلەیەکی دیاریکراو دەردەچێت، خاوەن توانایە. ئینتماکانی بۆ وڵات، بۆ ئینسان، بۆ عەلمانیبوون، بۆ واقیعبیین بوون، تەقریبەن وەکو یەکە. تەنیا جیاوازییەکە ئەوەیە کێ زیرەکترە، ئەوە لێکیان جیادەکاتەوە. ئەوەیە کە دەبینی لە وڵاتان کاتێك لە ڕووی پەروەردە و ئابوورییەوە پێشکەوتوون، بێ ئەوەی باسی نیشتمانپەروەری بکەن، ئینتمای هەمووان بۆ وڵاتە.

عەلمانییەت ئایدۆلۆژیا نییە. عەلمانییەت بەمانای ئەنجامی کاری ناو زانکۆکان، هیچیدیکە نا. واتا کادیرمان بۆ درووستکات. ئەوەی عەلمانییەت بە ئایدۆلۆژیا لێکدەداتەوە، تێیناگات. بریتیین لەو کەسانەی وڵاتی ئێمە کە لە باخچەی ساوایان، خەڵکانی شارەزا بە هەبوونی ڕاهێنان و سایکۆلۆژیای باش تا سەرەتایی کە منداڵ لە تەمەنی شەش تا سێزدە ساڵ مێشکی چۆن گەشە دەکات و دەتوانی چی پێ بڵێیت، دەتوانی کام دەرسی بدەیەی، تا دەگاتە زانکۆ و دەبێتە بیست و دوو ساڵ. هەر شێوەیەکی دیکەی بڵێن شەڕە ئایدۆلۆژیای ناو جاددەکانی ئێمەیە، هیچ وانییە. عەلمانییەت بریتییە لەو کەسانەی لە زانکۆکان دەردەچن، زانکۆ بەردەوام لە پێشکەوتن و گۆڕاندایە. هەموو دونیا بەیەکەوە لکاوە. کە ئەوانە دێنە مەیدان دەبنە کەفائات. کاتێك کە ئەو کەفائاتانە دێنە مەیدان، پێی دەگوترێت کەفائاتی وڵات، لە هەموو بوارەکاندا بۆت دەکەونە کار، کاتێك کە یەکێکی وەکو تۆ نوێژ و ڕۆژوو دەگرێت، بەڵام دەزانێت کاری زانست زانستە و قەناعەتی کەسیی ئەویش بڕوای بە خالق هەیە. کاتێك مەسیحییەکی بینی، پێی وایە ئەویش بەقەد ئەو دینێکی هەیە و ڕێزی دەگرێت، دینی من بۆ من، دینی تۆش بۆ تۆ. کاتێك شیعەیەکی بینی، پێی وایە ئەویش موسڵمانێکە بەڵام ئیستدلالی بۆ وەزیفەی ئایین جیاوازە، نایهێنییە ناو کاری زانکۆیی و ئیداری و سیاسی. بۆیە تۆ دەبییە شەریکی ئێزدییەك و شەبەکێك و یەهودییەك و مەسیحییەك لە کاردا، بیر لەوە ناکەیەوە بڵێی ئەرێ زەکاتی داوە، یان نەیداوە، ئەرێ سوود حەرامە، یان حەڵاڵە. ئەرێ سەرمایە بگەڕێ، یان نەگەڕێ.

**ڕەشبینی بەشێکی زۆری نەخۆشیی دەروونییە، بەشێکی دیکەی ئەنجامی بارودۆخی سەختی کۆمەڵایەتییە لە شەڕ، لە دیکتاتۆری، لە دەستپێڕانەگەیشتن بە ئیمکانیاتی ژیان**

عەلمانییەت ئاستی بەرزی هۆشیاریی ئینسانە. وەعیی ئینسان بە ئەنجامگەلی زانستی گەشە دەکات، لە خۆوە گەشە ناکات. جیاوازیی نێوان ئینسانی ئێستا و ئینسانی بەر لە هەزار ساڵ چییە؟ ئینسانێکی هەزار ساڵ لە فیلماندا کە نوێی دەکەنەوە، ئەگەر ٥٠٪ی وەکو ئەوانەی کۆن بێت، بەراوردی بکە لەگەڵ خۆت، لەگەڵ ئینسانێکی ئەم زەمانە، لە زمان، یان لە سایکۆلۆژیا، لە ئامانج و ڕەفتار، لە تێگەیشتن بۆ دونیا، هیچی وەکو یەك نییە، بۆیە دەڵێن مۆدێرنیزم، یان شێوازی نوێی ژیان کە زانست پشتیوانیەتی، بریتییە لە پێچەوانەی تەقلید کە خورافات و ئیستدلالاتی عامی تاقینەکراوەیە. کە ئەنجامی چەقین و شکانی دوای شکان و بێ ئەمانی و بێ زەمانی و بێ ئاسایشی مرۆڤە. ئەی بۆ لەدوای درووستبوونی چاپ بە کەمتر لە چەند دەیەیەك کتێبی (لیڤیاسان) لەلایەن (تۆماس هۆبز)ەوە نووسرا و باسی ئەوە دەکات دەبێت دەوڵەت هەبێت، دەبێت ئینسانەکان ئەمانیان هەبێت، ئەوە بەرهەمی پێشکەوتنی زانستییە. بۆچی پێشی هەندێ نەبوو؟ بۆچی یەکێك دێت (ڕۆحی یاساکان) دەنووسێت کە دەبێتە بنەمای گشتی بۆ تێگەیشتن لە یاسا. با بەراوردێك لەگەڵ کۆن بکەین؛ ئەبو سینا دەبوو قۆناغ بە قۆناغ بڕوات تا دەفتەرێك و کتێبێك لە فلان جێ بخوێنێتەوە، لەناوچوونی کتێبخانەیەك ڕۆژهەڵاتی بە یەك جار لە نەزانیندا گوم دەکرد، کاتێك مەغۆل دەهاتن، کاتێك شەڕی نێوان یەکتری دەبوو، کاتێك کە فتوحات دەبوو، کتێبخانەیان دەسووتاند، هیچ نەدەما. بۆ نموونە پاش ئەوەی فتووحاتی ئیسلامی سەرزەمینی ساسانی گرت، شتێك نەما تا خەڵك بزانێت دوێنێ چی هەبووە.

ئەم زەمانە شتی وانییە، بە مەلایین کتێب و کۆپییەکەی هەیە کە ون نابێت. دوای داهاتنی ماشینی چاپ ملیۆنان کتێب کەوتە بازاڕی ئەوروپا بۆیە قۆناغی زانست و تەکنۆلۆژیا هاتە پێشەوە. بەوەش عەقڵ بووژایەوە.

من لە مێژووی فەلسەفە کەم ناکەمەوە، بەڵام ئێستا ئەفلاتوون بژیەتەوە، زەحمەتە لە پۆلی یەکەمی ناوەندی جێی بێتەوە. هەموو فەیلەسووفانی مێژووی کۆن بژیەنەوە، هیچیان ناگەنە پۆلی سێی سەرەتایی. عەیب نییە، ئەوە مێژووی مرۆڤە، مرۆڤ لە حەیوانی قسە نەزانی بەکارهێنانی دەنگی سەرەتاییەوە دەستی پێ کردووە، بە خوڕافات و ئەفسانە و دوایی بە ئایین دەستی پێکرد، دواتر گەیشتە زانست، ئینسان لە هەموو قۆناغەکان جیاوازە. ئایا ئینسان کە پێی وایە بپژمی و نەڕۆی بەڵایەکت تووش دەبێت، ئەمە ڕاستە؟ بەڵام لە کۆندا بەکاردەهات. ئەم خورافەیە بۆچی بووە؟ مێژوویێکە لە ئەزموونی مرۆڤدا هەیە، بەڵام زانستی نییە.

گەشبینی و ڕەشبینی، گۆشەگیری و کۆمەڵایەتیبوون، کرانەوە و داخران، ئاستی بەرزی و نزمیی هۆش، ئەوانە هەموویان پەیوەندییان بە جینەتیکەوە هەیە کە باری دەروونیی ئەو کەسەوە دیاری دەکات. ٢٠٪ی مرۆڤ لە بنەڕەتەوە هەڵگری جینی خراپن، کە هەموو نەخۆشییە دەروونییەکانی لێ درووست دەبێت، وە هەموو ئینسانە خەشن و دابڕاو و خۆپەرست و دیکتاتۆر و ئینسانکوژ کە لە تیپی جیاجیای کەسێتیی ئینساندا کۆدەکرێنەوە، هەموو نەخۆشیی دەروونییان هەیە، ئەمە چۆن چارەسەر دەکرێت؟ دەبێت زانست بیکات. بۆیە دەڵێن دەبێ دوای پەروەردە و پێشکەوتنی ئابووری قاچی سێیەمی گەشەسەندن ئەوەیە تۆ سیستەمی تەندرووستی چاك بکەی. سیستەمی تەندرووستی ئیشی ئەوەیە مرۆڤەکان ساغ ڕابگرێت، ئەوە ئیشی زانەکانی بواری تەندرووستییە کە جینە خراپەکان لە مرۆڤدا کەم بکەنەوە، ئیشی من نییە، هەندێکی وەك هەر زانستێك لێیم خوێندۆتەوە. بەڵام دەزانم دەرەنجامەکانی چۆنن. ٥ ٪یان ١٠٪ لە هەندێ وڵات ٢٪ ئینسانی ساغی ساغن کە لەدایك دەبن، واتا بە بۆماوەیی هیچ جینێکی خراپیان نییە، ئەگەر پەروەردەیەکی باش بکرێن، ئەوانە ئینسانی زۆر تایبەت دەردەچن. ڕابەرە ئینساندۆستەکان، زانا گەورەکانی جگە لە تاقیگە کە گرنگیپێدەری بواری دیکەشن وەکو سەخارۆف، فیزیکزان بوو بەرگری لە دۆزی کورد و جوولەکە دەکرد، وەکو نیلسۆن ماندێللا تێکۆشەری ناو زیندان بوو، بەڵام لێبوردەی گەورەی هەموو دونیا بوو. ڕەشبینی بەشێکی زۆری نەخۆشیی دەروونییە، بەشێکی دیکەی ئەنجامی بارودۆخی سەختی کۆمەڵایەتییە لە شەڕ، لە دیکتاتۆری، لە دەستپێڕانەگەیشتن بە ئیمکانیاتی ژیان، بە هەر شێوەیەك لە شێوەکان کە ئینسان دەستەوەستان بێت و دابمێنێت، کە ئینسان دادەمێنێت، دەوەستێت، وە خەمۆکی لە ئەنجامی وەستانەوە دێت. ئینسانی ڕۆشنبیری زانای ئاستی بەرزی هۆشیار کە تێدەگات، ئەگەر پێشی پێ نەگیرێت، شادترین و بەختەوەرترین و سەرکەوتووترین تاکی دەوروبەری خۆی دەبێت.

لەم زەمانەدا، دین کاتێك کە تەسلیمی بەرابەریی ئینسانەکان بێت، دین کاتێك کە تەسلیمی سیستەمی مەعقول و واقیعبینی ئایدیا و ڕوانگە بۆ بەڕێوەبردنی وڵات بێت، دەتوانێت پشتیوان بێت. لە دەقی دینی و مێژوویدا شتێکمان دەست ناکەوێت بە کەڵکی ئەم زەمانە بێت، ئەمە باوەڕی کۆنی ئێمەیە کەسێك دەتوانێت باوەڕی پێی هەبێت، دەتوانێت پێی هۆگر بێت، دەتوانێت پێی تەسەللا بێت، بەڵام ئایینەکان یەکتر قبوڵ ناکەن، هەربۆیە دەڵێن لەنێوان ئایینەکان دەبێت مەفهومێکی نوێ هەبێت (تەساموح)، لێبوردن لە هیچ دینێکدا نییە، هیچ دینێك گەر بڵێت من و دینێکی دیکە جیاوازیمان نییە، ئەی بۆ دروست دەبێت؟ بۆیە ئایینەکان سەرچاوەی کوشتنی یەکتری بوونە. ئێستا جیاوازە، پاپاش و دەلای لاماش و هەندێك لە زانای ئیسلامیش دەگەڕێنەوە بۆ عەقڵ، عەقڵ بەرهەمی زانستە، بەرهەمی کۆن نییە.

هۆشیاریی تاکە کەسی تەنیا ئەرکی خێزان و دەوروبەر نییە، بەڵکو ئەرکی سیستەمی پەروەردەیە لە وڵاتدا. ئەگەر دەوڵەت کاری خۆی نەکرد، ئەوە هۆشیاری دوا دەکەوێ و مرۆڤەکان بەرژەوەندی خۆیان و وڵاتییان پێ لێکنادرێتەوە.

**دین کاتێک کە تەسلیمی بەرابەریی ئینسانەکان بێت، دین کاتێک کە تەسلیمی سیستەمی مەعقول و واقیعبینی ئایدیا و ڕوانگە بۆ بەڕێوەبردنی وڵات بێت، دەتوانێت پشتیوان بێت**

**هۆشیاریی تاکە کەسی تەنیا ئەرکی خێزان و دەوروبەر نییە، بەڵکو ئەرکی سیستەمی پەروەردەیە لە وڵاتدا. ئەگەر دەوڵەت کاری خۆی نەکرد، ئەوە هۆشیاری دوا دەکەوێ و مرۆڤەکان بەرژەوەندی خۆیان و وڵاتییان پێ لێکنادرێتەوە**



عەبدولحسێن شەعبان

راوێژکاری جڤاتی ڕۆحانیی ئێزیدی بۆ گوڵان:

# تێکشکانی ناسنامەی یەکگرتووی عێراق تا ئێستا هەر بەردەوامە

■ ناسنامەی یەکگرتوو، ناسنامە لاوەکییەکان ناسڕێتەوە

■ ئایندەی عێراق بەندە بە هاونیشتمانیبوون و هاوسەنگییەوە

**توێژەر و بیرمەندی عێراقی عەبدولحسێن شەعبان سەرلەنوێ لە ڕێی گوڵانەوە دەرکەوتەوە، وەك هەموو جاریش لێرە ئەو فیکرە تازانە دەخاتەڕوو کە هاووڵاتیی عێراقی پێوەی سەرقاڵن، وێڕای دەستەبژێرەکانی فیکر و ڕۆشنبیر و ماف، ئەو فیکرانەش سیمای ڕۆحی هەستکردن بە بەرپرسیارێتی و بوێری و ڕەخنەیان هەیە، هەروەها ڕۆشنایی دەخەنە سەر چەندین کێشەی ماف و سیاسەت، ئەوەی کە پەیوەستە بە دەستوور و بەربەستەکان و لێکدانەوەو هەڵبژاردنەکانی داهاتوو و ئاراستەکانی و سیناریۆ پێشبینیکراوەکان، هەروەها باس لە بابەتی فیدراڵی و ئاسۆکانی دەکات و داوای بەهێزکردنی و چەسپاندنی دەکات، بە تێگەیشتنێکی هاوبەش و دیالۆگ و کەلتوور و ئیرادەیەکی یەکگرتووی سیاسی. ئەمە گفتوگۆیەکە ئاسۆی تازە واڵا دەکات، لەمیانی وەڵامدانەوەی نائاسایی ئێستا و ئایندە، هەڵوێستی مێژوویی خۆی تازە دەکاتەوە لە پشتگیریکردنی گەلی کورد و براوبوونی بە برایەتیی عەرەب – کورد و بە هاوبەشیی مرۆیی.**

**گۆڤاری گوڵان لە پەراوێزی سەردانەکەی ئەم دواییەی بیرمەندی عێراقی عەبدولحسێن شەعبان بۆ هەولێر و لە میانی موحازەرەیەك لە پەیمانگەی توێژینەوە و پەرەپێدان بە ناونیشانی (جیۆپۆلەتیکی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست و چرکەساتی ئێستای عێراق) ئەم دیدارەمان لەگەڵدا سازکرد.**

**دیداری: فەرهاد محەمەد- هەولێر**

**١-٢**

*** بەم دواییە کتێبێکت بڵاوکردەوە بە ناونیشانی (ناسنامە و هاونیشتمانیبوون- ئەلتەرناتیڤی شێواو و نوێخوازییەکی شکستخواردوو)، کە مایەی بایەخێکی زۆر بوو، لە ماوەیەکی کەمیشدا دوو جار چاپ کرا، چۆن دەکرێ ڕۆشنایی بخرێتە سەر دوو قەیرانی سەرەکی کە عێراق پێوەیان دەناڵێنێت؟ مەبەستمان ناسنامەی عێراقی و قەیرانی هاونیشتمانیبوونە. ئایا دەکرێ لە ئایندەیەکی نزیکدا چارەسەر بۆ ئەو دوو قەیرانە بدۆزرێتەوە، یان بەردەوام دەبن تا ئەو کاتەی عێراق دەگاتە دۆخێکی بێ سەروبەر کە تێیدا نقووم دەبێت؟**

- ناسنامەی گشتی بە چەندین هۆکار هەڵوەشایەوە، ئەو هۆکارانەی کە بە تێپەڕبوونی کات کەڵەکە ببوون، بەتایبەتیش شێوازی جەور و ستەم و ددانەنان بە ناسنامە لاوەکییەکان، جگە لە هەوڵی باڵادەستی و سەپاندنی پاشکۆیەتی، ئەمەش کاردانەوەی توندی لێ کەوتەوە، بەمەش لە لایەك لە باڵادەستی و پەراوێزخستن دەرچوو، لەلایەکی دیکەوە هەندێ جاریش هەوڵدان بۆ سەرهەڵدانەوە و پابەندبوون بە تایبەتمەندی تا ڕاددەی جیابوونەوە، لە هەردوو حاڵەتدا (مەبەست باڵادەستی، یان تەسکیی ئاسۆ و داخران) هەردووکیان هەستکردنیان بە ئینتیمای هاوبەش بۆ ناسنامەیەکی یەکگرتوو و هاونیشتمانیبوونی کارا و هاوکوف لاواز کردووە.

ناسنامە لە بنەڕەتدا لەسەر کەلتوورو زمان و مێژووی هاوبەش هەندێ جاریش جوگرافیا دادەمەزرێت، واتا ژیان لە شوێنێکی کۆکەرەوەدا، جا ئەگەر ئەمە عەرەبی عێراق کۆبکاتەوە، ئەوا هەر ئەوەشە کە کوردی عێراق کۆدەکاتەوە، کە پێویستی بە یەکسانییە لە چوارچێوەی پێکەوەژیان و لە سایەی هاونیشتمانیبوونێکی یەکگرتوودا، لەگەڵ ڕێزگرتن لە تایبەتمەندییەکانی ئیتنی و زمان و ڕەچەڵەك و ئایین و هی دیکە و هەر شتێك پەیوەست بێت بە خەسڵەتەکانی گرووپە ڕۆشنبیرییەکان و ناسنامە و کەلەپوور و داب و نەریت و ئاداب و هونەرەکانی، ئەمە جگە لە مافە ڕەوا و دادپەروەرییەکان.

ئەو تێکشکانەی دووچاری ناسنامەی یەکگرتوو بووەتەوە لە سایەی سیستەمێکی ستەمکار و جوداخواز زیانی تایبەتی بە ناسنامە لاوەکییەکان گەیاندووە، بەتایبەتیش هەوڵەکانی پەراوێزخستن، یان بەکەم زانین بە بیانووی ئەوەی (کەمینە)ن، ئەمەش وەك کاردانەوەیەکی نەرێنی و ناعەقڵانی ڕەنگدانەوەی هەبوو بۆ سەر پرۆسەی سیاسی کە دوای داگیرکاریی

**ئەو تێکشکانەی دووچاری ناسنامەی یەکگرتوو بووەتەوە لە سایەی سیستەمێکی ستەمکار و جوداخواز زیانی تایبەتیی بە ناسنامە لاوەکییەکان گەیاندووە**

**هاونیشتمانیبوونی ڕاستەقینەو کارا و زیندوو، بێ ئازادی نابێت، ئازادییەکانیش بێ سەروبەری نین، بەڵکو ڕێزگرتنی بەرانبەرە لەسەر بنەمای یەکسانی و زێدەڕۆیی نەکردن بە بیانووی زۆرینە**

**هاونیشتمانیبوون پێویستی بە دادپەروەری هەیە، بەتایبەتیش دادپەروەریی کۆمەڵایەتی، هاونیشتمانیبوونش بێ دادپەروەری کەم و پارچەپارچە دەبێت**

ئەمریکا بۆ عێراق لە ساڵی ٢٠٠٣ هاتەئاراوە، کە بریتی بوو لە دامەزراندنی ئەنجومەنی گواستنەوەی حوکم کە لە ٢٥ ئەندام پێکهاتبوو، بەپێی سیستەمی پشکپشکێنەی تایفەگەری و ئیتنی دابەش کرابوو، زۆرینەی شیعە(١٣ ئەندام) مەبەست شیعەی سیاسییە، (٥) بۆ سوننەی سیاسی، (٥) بۆ کورد، (١) بۆ تورکمان، (١) بۆ کلدۆ ئاشوورییەکان، هەر بەم شێوەش لە چوارچێوەی سیستەمێك کە لەسەر بنەمای خزمخزمێنەی سیاسی و دەستکەوتە تایفەگەری و ئیتنییەکان دامەزرا.

دەستووری هەمیشەیی کە لە چوارچێوەی خشتەیەکی ئەمریکی لە (١٥ی تشرینی یەکەمی ٢٠٠٥) دەنگی لەسەر درا، هەمان پرۆگرامی پەیڕەوکرد، یەکەم هەڵبژاردن لەسەر ئەو بنەمایە لە (١٥ی کانوونی یەکەم)ی هەمان ساڵ کرا. سەرۆك جۆرج دەبلیو بوش ماوەی ئەنجامدانی بۆ (١٥ی ئابی ساڵی ٢٠٠٥) پێش ئەو ڕێککەوتە دەستنیشان کرد، دەڵێم ئەم دەستوورە شوێنهەڵگری هەمان ئاراستەی دابەشکاری بوو، چونکە پشتی بە پرەنسیپی پێکهاتەکان بەستبوو، کە وەك شێوازێکی دابەشکاری هاتبوو و بەم پێیە دەستوور و ناوەڕۆکەکەی چاپ کرا، چونکە زاراوەی پێکهاتەکان دوو جار لە پێشەکییەکە و ماددەکانی ٩ و١٢ و٤٩ و١٢٥ و١٤٢دا هاتووە، ئەمەش تەنیا ڕاگەیاندنێکی ئاشکرا و ڕوونە سەبارەت بە شێوازی پشکپشکێنەی تایفەگەری- ئیتنی بە چوارچێوەیەکی یاسایی، بە شێوەیەك خۆگرتنەوە بە دەستکەوتە تایفەگەری و ئیتنی و حزبییەکان، بوو بە کارێکی پەسندکراو و نەریتێکی باو کە بە دەستوور چەسپێندراوە، ئەمەش لەسەر حیسابی ناسنامەی یەکگرتووی عێراقی. جگە لە ناسنامە لاوەکییەکان کە ئەمانەش زۆر جار دەکەوتنە تەنگەبەرەوە بە هۆی ڕکابەری و دابەشبوونی نارەوای حزبی، کە ئەمە لە بنەڕەتدا ڕەنگدانەوەی نەرێنی هەبوو بۆ سەر ڕەگەزەکانی هاونیشتمانیبوونی تێکشکاو.

هاونیشتمانیبوون لەسەر بنەماکانی ئازادی بنیاد دەنرێت، هاونیشتمانیبوونی ڕاستەقینەو کارا و زیندوو، بێ ئازادی نابێت، ئازادییەکانیش بێ سەروبەری نین، بەڵکو ڕێزگرتنی بەرانبەرە لەسەر بنەمای یەکسانی و زێدەڕۆیی نەکردن بە بیانووی زۆرینە، یان چاکترین، یان هەبوونی ڕاستی و هی دیکە، هەروەها هاونیشتمانیبوون لەسەر بنەمای یەکسانی بنیاد دەنرێت، بێ یەکسانیی تەواو و گشتگیر و یاسایی و لە بوارەکانی جیاجیاشدا کەم و ناتەواو دەبێت، هیچ هاونیشتمانیبوونێکی دروست و کارا بێ یەکسانی نابێت، هەروەها جیاکاری و نایەکسانی هاونیشتمانیبوون دەشێوێنێت و ڕووبەڕووی تێکشکانی دەکاتەوە، هاونیشتمانیبوون پێویستی بە دادپەروەری هەیە، بەتایبەتیش دادپەروەریی کۆمەڵایەتی، هاونیشتمانیبوونیش بێ دادپەروەری کەم و پارچەپارچە دەبێت، بۆ زانیاریش هاونیشتمانیبوون لەگەڵ هەژاری یەکسان نابێت، هاونیشتمانیبوون پێویستی بە فاکتەرێکی گرنگ و بنەڕەتی هەیە، ئەویش هاوبەشی و بەشدارییە، مەبەستیش لە هاوبەشی، یەك نیشتمان و یەکسانی و داد و ئازادییە، بەڵام بەشداری واتا هەبوونی ماف لە وەرگرتنی کارو پۆستی باڵا، بێ جیاوازی بە هۆی ڕەنگ، یان نەتەوە، یان ڕەگەز، یان ڕەچەڵەکی کۆمەڵایەتی، یان ئاراستەی سیاسی، یان بژاردەی فیکری.

هەنگاوی یەکەم: بۆ گەڕاندنەوەی ناسنامەی یەکگرتووی عێراقی و گشتی و لێبووردەو دادپەروەرو جێگیر، بە دەرکردنی شێوازە یاسای (هاونیشتمانیبوونی یەکسان و هاوسەنگ) دەست پێ دەکات، ئەوەش بە هەموارکردنەوەی سەرتاپای دەستوور، هەروەها دوورخستنەوەی شێوازی دابەشکاریی تایفەگەری — ئیتنی کە خۆی لە پشت زاراوەی پێکهاتەکان حەشار داوە، کە تەنیا بە واتای پشکپشکێنە دێت، ئەمەش هۆیەك بوو بۆ شکستهێنانی پرۆسەی سیاسی، ڕەنگە بڕیاردان لەسەر پرەنسیپەکانی هاونیشتمانیبوون لە دەوڵەتێکدا کە پشت بە ڕێساکانی ماف و حوکمی یاسا ببەستێت، بێ هیچ جیاوازییەك، یان لەبەر هەر هۆیەك بووبێت، دەبێتە فاکتەرێکی گەڕاندنەوەی ناسنامەی یەکگرتووی عێراقی لە کۆمەڵگەیەکی فرەکەلتووردا.

من بە زەحمەتی دەبینم لە مەودایەکی نزیکدا

بگەینە گەلاڵەیەکی هاوشێوە، وەك ئەوەی کە باسی دەکەین، لەبەر فەراهەم نەبوونی ئیرادەیەکی یەکگرتووی سیاسی، هەروەها لەبەر ئەوەی هێزو گرووپی تایفەگەری و ئیتنی هەن، سوود لە گەلاڵەی ئێستا دەبینن، بە پێچەوانەوە زۆر سەرچاوەی هەژموون و هێز لە دەست دەدەن، بۆیە هەوڵ دەدەن خۆیان بەو گەلاڵەیەی پشکپشکێنەدا بگرن و، تەگەرە بخەنە بەردەم هەر هەوڵێك بۆ ئەوەی دەوڵەت سەرچاوەیەکی بنەڕەتیی هێزی خۆی بگەڕێنێتەوە. هەتا ئەگەر بانگەشەی ئەوەش بکەن، کە گوایە دژی سیستەمی دابەشکاریی تایفەگەری و ئیتنین، بەڵام شەو و ڕۆژ کاردەکەن بۆ ئەوەی وەك خۆی بمێنێتەوە. لێرەدا دەمەوێت ئاماژە بە هەندێ ماددەی وشکی دەستوور بکەم کە زەحمەتە بێ تەوافوقی پێشوەختەی سیاسی بگۆڕدرێن. هەروەك ئاماژەم پێ کرد، زەحمەتە ئەگەر ئەستەمیش نەبێت، بێ گۆڕانکاریی ڕیشەیی و جەوهەری کە چاوخشاندنەوە دەگرێتەوە بە کۆی سیستەمی سیاسی.

*** لە سەرەتادا کەواتە ئێمە باس لە دەوڵەتمەدار دەکەین لە عێراق کە بتوانێت بڕیار بدات، ئایا بە ڕای ئێوە سیفەتی دەوڵەتمەدار لە چوارچێوەی سیاسەتمەدارانی عێراق و ناو پرۆسەی سیاسیی عێراق هەیە؟ ئایا عێراقیش کە وڵاتی شارستانیەتەکانە، وەك وڵاتێك ئەم جۆرە بەهرەمەندانەی وەك دەوڵەتانی دیکەی تێدا نابیندرێت؟**

- وەك چاودێرێکی ڕەوشی سیاسی لە عێراق، زەحمەتە بۆ من قسە لەسەر دەوڵەتمەدار (پیاو، یان ئافرەت) بکەم لە چوارچێوەی ئەوەی کە وەك پرەنسیپەکانی زانستی نوێی کارگێڕی دەیزانین، بەتایبەتیش ئەوەی کە بەرپرسیاری سیاسییە لە عێراق. ئەوانەی جڵەوی دەسەڵاتیان گرتە دەست دوای داگیرکاری بە یارمەتیی ئەو دۆخە، زۆربەیان پێشتر لە دەوڵەت کاریان نەکردبوو، ئاگاداری کاروبارو ڕێکخستنی کار نەبوون، لەو ماوەی مانەوەیان لە دەسەڵات فێر نەبوون، بەڵکو ڕۆچوونە نێو ململانێ، جگە لە ڕکابەری و پێك هەڵشاخان و ڕاکردن بە دوای دەستکەوتەکان، لە ماوەی ١٨ساڵی ئەم ئەزموونەش کەسایەتیی بەسەنگمان بەرچاو ناکەوێت، کە لەم ڕووەوە ئاماژەی پێ بکەین، بە ڕای من ئەمەش بۆ چەند هۆکارێك دەگەڕێتەوە:

یەکەم: ئەو پێکهاتەیەی گەیشتە دەسەڵات بە پشتیوانیی فاکتەری دەرەکی بوو، مەبەستیش داگیرکارە، لەبەر هەندێ هۆکاری تایبەت و ستراتیجی، پشتی بە شارەزایی و کارامەیی و لێهاتوویی نەبەستووە، بەڵکو بە وەلا و ڕەنگە هەندێ جاریش پاشکۆیەتی.

دووەم: ئەو گرووپەی لە ماوەی ڕابردوودا حوکمی عێراقی کرد، دیدگایەکی ڕوونیان نەبوو سەبارەت بە چۆنێتیی بنیادنانی دەوڵەت، لەو گەنگەشەو گفتوگۆیانەی کە ڕاپرسییەکی (کۆڕبەندی بەحرالعلوم و پەیمانگای عەلەمەین) ئەنجامیان دا، تایبەت بە قەیرانی سەروەریی عێراق، دوای ئەو ماوە درێژە دەرکەوت، کە پاشخانی فیکری و ئومێد هەڵچنین لەسەر دەرەوە نەبووە، نەخاسمە دوای چەند ساڵێك لەوانەی کە پۆستیان بەدەست بووە لە (٥) سەرۆك وەزیر و (٥) سەرۆك پەرلەمان، دەتوانین بڵێین کە ئەو بەرنامانەی سەرکردە سیاسییەکان، ئەوانەی وڵاتیان بەڕێوە بردووە و پێشکەشیان کردووە، ڕەنگدانەوەی بەرنامەیەکی کەموکوڕی بووە و تێگەیشتنێکی سنووورداری مەسەلەی سەروەریی بووە لە ناوخۆ و دەرەوە.بە هەموو پێوانەیەکیش چەمکی بنیاتنان و پەرەپێدانی بەردەوام لە ماوەی پۆستەکانیاندا ئەنجامی نەبووە، بەڵکو وڵاتی عێراق نغرۆی گەندەڵیی دارایی و ئیداری و دەستکەوت و ئیمتیازات بووە لەسەر حیسابی دارمانی ڕەوشی گوزەران و پەروەردەو خزمەتگوزاری و تەندروستی (بەتایبەتیش لە سایەی پەتای کۆرۆنادا)، سەرەڕای ئەوەی کە داهاتی عێراق لە نەوت گەیشتە نزیکەی بلیۆنێك دۆلار (هەزار ملیار دۆلاری ئەمریکی)، بەڵام بە هەدەر چوو، بێ ئەوەی داهاتەکەی سوودی بۆ هاووڵاتی هەبێت، تەنانەت ڕێژەی هەژاری بەپێی ئامارەکانی نەتەوە یەکگرتووەکان نزیکەی چارەکی دانیشتووانی گرتەوە، عێراقیش لە زۆر شوێن بەردەوام بەدەست کەمیی ئاوی خواردنەوە دەناڵێنێت، ئەمە سەرباری یەکجار کەمبوونەوەی وزەی کارەبا.

سێیەم: ئەو ڕێوشوێنانەی دەسەڵاتی

**ئەو گرووپەی لە ماوەی ڕابردوودا حوکمی عێراقی کرد، دیدگایەکی ڕوونیان نەبوو سەبارەت بە چۆنێتیی بنیادنانی دەوڵەت**

**عێراق نغرۆی گەندەڵیی دارایی و ئیداری و دەستکەوت و ئیمتیازات بووە لەسەر حیسابی دارمانی ڕەوشی گوزەران و پەروەردەو خزمەتگوزاری و تەندروستی**

**دەوڵەتی مۆدێرن و سەردەم و ئەزموونە دیموکراسییەکان، تەنانەت لە سەرەتای دامەزراندنیشیاندا پێویستە بەهای دەوڵەت بەرز بکەنەوە**

داگیرکار گرتوونیەتەبەر بەتایبەتیش لە هەڵوەشاندنەوەی سوپا و یاسای ڕیشەکێشکردن، بێ سەروبەرییەکی زۆری لێ کەوتەوە، چونکە گرووپگەلێکی دەرەوەی دەوڵەت بەم هۆیەوە بەسەرکەوتن، وەك مەرجەعییەکانی ئایینی و عەشایری و لایەنخوازی و حزبی، ئەمەش بوو بە نەریتێك خەریکە دەبێتە شتێکی باو، حکومەت پێك نایەت، تا قسەی هەندێ کەسایەتیی کاریگەری ئایینی لە نەجەف قسەی لێ نەکەن، هەروەها قسەیان دەڕوا بە مانەوە، یان هەڵوەشانەوەی حکومەت، هەتا ئەگەر پشێلکاریی مەترسیداریش بکەن، لە کاتێکدا دەوڵەتی مۆدێرن و سەردەم و ئەزموونە دیموکراسییەکان، تەنانەت لە سەرەتای دامەزراندنیشیاندا پێویستە بەهای دەوڵەت بەرز بکەنەوە، چونکە ئەو لە سەرەوەی هەموو مەرجەعییەتێکدایە، کە پێویستە ڕێزی لێ بگیرێت و پاڵپشتیی ئەو دەوڵەتە بکەن، ئەمەش بە پێی یاسا و پشتبەستن بە حوکمڕانیی یاسا لە سایەی دادوەرییەك کە قسەی باڵای دەبێت لە چارەسەرکردنی هەموو کێشە و ناکۆکییەك، ئەگەر ڕوویدات.

هەتا ئەگەر وڵاتەکەمان لە سەرەتای ڕێگادا بێت و ساڵانێکی زۆر بەدەست ستەم و دیکتاتۆریەتەوە ناڵاندبێتی، بەڵام ئاماژە نزیکەکان ئەوە دەرناخەن کە هەنگاوگەلێك هەبن بۆ ئەم ڕێگایە، تەنانەت ئەگەر هەندێ ئاراستەی دروستیش ڕابگەیەنن، بەڵام لەبەرچاوگرتنی سیاسی و حیساباتی بەرتەسك ڕێگە لەمە دەگرێت، ئەوەندە ناخایەنێت سست دەبێت، ئەگەر لە شوێنی خۆیشی نەمێنێتەوە، یان پەکی نەکەوێت.

**بڵاوبوونەوەی چەک لە دەرەوەی یاسا و بوونی گرووپە چەکدارەکان ڕێگر دەبن لە دەرکردنی بڕیارگەلی دروست**

بۆ بنیادنانی تاقیگە و بەرهەمهێنەری عەقڵێك بۆ دەوڵەت لە پیاوان و ئافرەتان، چ لە پێگە باڵاکان بێت، یان خوارتر لە ڕاوێژکار و بەڕێوەبەران و خاوەن بڕیارو تواناداار و شارەزا، پێویستە دەوڵەت بەهێز بکرێت، ئەویش لە میانی بوونی دامەزراوەکان، کە یەکەم شت پشت بە توانست ببەستێت لە دەرەوەی بازنە تەسکەکانی وەك خزمخزمێنە و کەسانی نزیك، دوومیان گوێڕایەڵی بۆ یاسا کە بە سەرچاوەی بنەڕەتی دادەنرێت و، دەوڵەت ناتوانێت بێ یاسا کاروباری خۆی بەڕێوە ببات، ئەویش لە ڕێی فەرمانبەری کارامە کە توانای هێنانەکایەی حوکمیان هەبێت و، بتوانن لە نێو گۆڕەپانە گشتییەکەدا بیسازێنن، بەو شێوەیەی کە دادپەروەری و ویژدانخوازی بێنێتە ئاراوە و مافی هەمووان بێ جیاوازی بپارێزێت.

سێیەم: سەقامگیریی باروودۆخ، چۆن خاوەن بڕیار بڕیارەکانی دەردەکات کە هەندێ جار لە ژێر هەڕەشەی چەکدایە؟ کەواتە بڵاوبوونەوەی چەك لە دەرەوەی یاسا و بوونی گرووپە چەکدارەکان ڕێگر دەبن لە دەرکردنی بڕیارگەلی دروست، ئەمەش ئەوە دەسەپێنێت کە دەبێت مافی هەبوونی چەك و بەکارهێنانی تەنیا بۆ دەوڵەت و دامەزراوە فەرمییەکانی بێت، ئەگەرنا، ناتوانێت بە تەواوی ئەرکەکانی ڕاپەڕێنێت.

چوارەم: ناکرێ بە ئازادی بڕیارەکان بێ فشار لە سایەی سیستەمی پشکپشکێنەی تایفەگەری و ئیتنیدا دەربچن، چونکە ئەو شێوازە دەبێتە بناغەی بێ دەوڵەتی، واتا پێشخستنی وەلا لەسەر حیسابی کارامەیی، ئەمەی دواییش لایەنگران پەلکێش دەکات، دەبێتە تەگەرە لەبەردەم سەرهەڵدانی مرۆڤی بەتوانا و دەوڵەتمەدارانی پیاو و ئافرەت، بە واتای ئەوەی کە فەرمانبەری لێهاتوو کارامە و دڵسۆز بۆ دەوڵەت و نیشتمان، (پیاو، یان ئافرەت) دووردەخاتەوە، ئیتنیمای تایفەگەری و ئیتنی و عەشایری و حزبی و زۆر لە ئینتیما بەرتەسکەکان پێش دەخات، کۆتایی بە وەڵامی ئەم پرسیارەت بەوە دەهێنم کە دەکرێ وڵاتەکەمان کە پڕیەتی لە توانست و لێهاتوویی و خاوەنی چەندین شارستانیەتی دێرینە کە لەسەر ئەم خاکە دروست بوون، پەرەپێدانی بەردەوام و نەپساوە بێنێتەدی، لە ڕێی پشتبەستن بە حوکمی یاسا لە سایەی دامەزراوە و هاونیشتمانیبوونی دروست و مواسەفاتی فەرمانبەری گشتی، بەتایبەتی شارەزا و ڕاوێژکاران کە بناغەکەی وڵاتپارێزیی کارامەیە، دوور لە بازنە تەسکەکان کە ڤایرۆسی دەمارگیرییان تێدایە، کە هەر ئەمەیشە پەل دەکێشێت بۆ پەڕگیری و، کە بوو بە ڕەفتار، ئینجا دەبێتە توندوتیژی، ئەو توندوتیژییەش ئەگەر هەڕەمەکی ڕۆیشت،

دەبێتە تیرۆر، دواجاریش ئەگەر سنووری تێپەڕاند و ئامانجی نانەوەی ترس و دڵەڕاوکێ و لاوازکردنی متمانەی دەوڵەت بە خۆی بێت، هەروەها لاوازیی متمانەی کۆمەڵگە و تاك بە دەوڵەت، ئەوا دەبێتە تیرۆرێکی نێودەوڵەتی.

*** لەئێستادا هەندێ چاودێرو سیاسەتمەداران باسی حاڵەتی دەوڵەت و نادەوڵەت دەکەن، ئەمەش پەیوەستە بە ئیشکالییەتی ناسنامەی عێراق وەك دەوڵەت، وەك رۆشنبیرو بیرمەندێك لەسەر ئەمە چی دەڵێیت؟ چۆن دەڕوانیتە ئەم حاڵەتە لە عێراق؟ ئایندەی پرۆسەی سیاسی چۆن دەبێت؟**

- تا ئێستا دەوڵەت لەوەتەی ئەمریکا لە ٢٠٠٣ عێراقی داگیرکردووە، هەر لە مۆڵەقدایە و سەقامگیر نەبووە، یان خەریکە روو لە سەقامگیری دەکات، لەبەر هۆکاری دەرەکی و ناوخۆیی، سەروەرییەکەی ناجێگیرە و بڕیندارە هەر لەو کاتەوەی کە هێزەکانی رژێمی پێشوو لە ساڵی ١٩٩٠ کوێتیان داگیرکرد، هەروەها دەرچوونی بڕیارگەلی نێودەوڵەتی بە سەپاندنی سزا بەسەر عێراقدا، سەروەریی تەواو بە نەمانی هۆکارەکان هەر نەگەڕاوەتەوە.

سەروەری واتا سەپاندنی دەسەڵاتی دەوڵەت بەسەر هەموو خاك و هاوولاتییەکانیدا، واتا دەسەڵاتی بەسەر هەموو خاکی نیشتمانیدا هەبێت، خاك رەگەزێکی سەروەرییە، حکومەتیش دووەم رەگەزە، واتا بوونی دەسەڵات کە توانای هەبێت لە سەپاندنی یاساو سیستەم بەسەر هاوولاتییەکانیدا، بەڵام گەل رەگەزی سێیەمە، ئەمەش بە واتای بوونی حکومەتێکی کارا و بەتوانست کە دەسەڵات و یاساکانی بەسەر هەموو هاوولاتییەکانیدا بسەپێنێت، بۆیە ئەگەر حکومەت بووە جێی متمانەی خەڵك و دەستکەوتی پێشکەش کردن، ئەوا شەرعییەتی سیاسیی دەبێت، هەروەها ئەگەر حوکمی یاسای جێبەجێ کرد ئەو کاتە رەوایەتیی یاسایی پێ دەدرێت.

ئەم جۆرە شتانە لە ولاتی ئێمە نین لەبەر هۆکاری بابەتی و خودی، عێراق تا کۆتایی ٢٠١١ لە هەلومەرجێکی داگیرکاریی سەربازیدا ژیاوە، ئەگەر کاریگەریی ئەم داگیرکارییە بە گرێبەست، یان پەیمان لە رێککەوتننامەی چوارچێوەی ستراتیژیشدا مابێت. ئەم بابەتە خرایەوە سەر مێزی گفتوگۆ و مشتومڕی بە هۆی هاتنەپێشەوەی هێزەکانی ئەمریکاو هێزی دیکەی سەر بە هاوپەیمانیی نێودەوڵەتی دوای داگیرکردنی مووسڵ لەلایەن داعشەوە لە ساڵی ٢٠١٤ کە توانی یەك لەسەر سێی خاکی عێراق داگیربکات، دوای دەرکردنی لە کۆتایی ٢٠١٧، هەندێ هێز وەك ئاماژەیەك، یان لێدوانێك قسەیان لەسەر دەرچوونی هێزەکانی ئەمریکا لە عێراق دەکرد.

پەرلەمانی عێراق لە سەرەتای ساڵی ٢٠٢٠ دوای کوشتنی قاسم سولەیمانی فەرماندەی هێزەکانی قودس و ئەبو مەهدی موهەندیس فەرماندەی حەشدی شەعبی بڕیارێکی دەرکرد، سەرەڕای بەردەوامبوونی ناکۆکیی عێراقی لە رووی هەڵوێست بەرانبەر ئەم بابەتە، بۆیە نوێنەرانی هاوپەیمانیی کوردستانی ئامادەی دانیشتنی دەنگدانەکە نەبوون، یان ئەوانەی کە بە خۆیان دەڵێن نوێنەری سوننە.

نەك هەر ئەمە، بەڵکو دەستڕۆیشتوویی ئێران بە شێوەیەکی بەرفراوان گەیشتە عێراق، لە ساڵی ٢٠٠٣ وە کاریگەری بۆ سەر بڕیاری عێراقی هەبووە، کاتێك کە ئاشووب و دووبەرەکیی تایفەگەری بە دوای خۆیدا هێنا، دوای تەقاندنەوەی مەزارگەکانی هەر دوو ئیمام عەلی هادی و حەسەن عەسکەری، بەتایبەتیش دوای ٢٠٠٥ کاتێ کە چەندین گرووپی چەکداری بە پاڵپشتیی ئێران دامەزران و بوون بە هێزێکی هاوتەریبی هێزی دەوڵەت و هەندێ جاریش دەبنە مایەی سەرئێشە بۆ ئەو هێزانە. هەرچەندە دوای دامەزراندنی حەشدی شەعبی و چوونە ژێر دەسەڵاتی هێزە چەکدارەکان لە ئەنجامی داگیرکردنی مووسڵ، بەڵام دەبینین کە هێزەکە خۆی نمایش دەکات و لە دەرەوەی چوارچێوەی دەوڵەت و یاسا رەفتار دەکات، ئەم هێزە چەکدارانە و میلیشیایانە باڵیۆزخانەکان و پێگە سەربازییەکانی ئەمریکا و ولاتان بۆردومان دەکەن، ئەمەش نارۆونییەکی گەورە سەبارەت بە ئایندەی دەوڵەتی عێراق دێنێتە ئاراوە، لە سایەی بڵاوبوونەوەی چەك و بوونی ئەو پێکهاتە چەکدارانە، کە هەندێك بە میلیشیای وەلایی ناویان دەبەن.

**ئەگەر حکومەت بووە جێی متمانەی خەڵك و دەستکەوتی پێشکەش کردن، ئەوا شەرعییەتی سیاسیی دەبێت، هەروەها ئەگەر حوکمی یاسای جێبەجێ کرد ئەو کاتە رەوایەتیی یاسایی پێ دەدرێت**

**دەستڕۆیشتوویی ئێران بە شێوەیەکی بەرفراوان گەیشتە عێراق، لە ساڵی ٢٠٠٣ وە کاریگەری بۆ سەر بڕیاری عێراقی هەبووە**



کەریم سلێمان

راوێژکاری جڤاتی رۆحانیی ئێزیدی بۆ گوڵان:

# بوونی ئاشتی و ئازادی و پێکەوەژیان لە ئایینی ئێزیدیدا، هەڵقوڵاوی رۆحییەت و ئەخلاقی میللەتی کوردە

# بەڕێز سەرۆک مسعود بارزانی پێی ڕاگەیاندین هەموو مافە ئایینی و نەتەوەییەکانی پێکهاتەکان پارێزراو دەبێت و لە ناو دەوڵەتەکەدا جێگای دەکەینەوە

**کوردانی ئێزیدی لە بەر کوردبوون و ئایینەکەیان بە درێژایی مێژوو چەندین جار هێرش کراوەتە سەریان و کۆمەڵکوژ کراون، بەڵام ئێزیدی سەرەڕای ئەو تاوان و کۆمەڵکوژییانە، بیریان لە تۆڵەسەندنەوە و توندوتیژی نەکردووەتەوە، بۆ قسەکردن لەسەر ڕەسەنایەتیی کوردانی ئێزیدی و بوونی کولتووری پێکەوەژیان لە ناو کوردانی ئێزیدیدا، گوڵان چەند پرسیارێکی ئاراستەی کەریم سلێمان راوێژکاری جڤاتی رۆحانیی ئێزیدی کرد.**

*** پێکەوەژیان و کولتووری لێبووردەیی لە ناو ئایینی ئێزیدی، مێژوویەکی کۆنی هەیە و تێکەڵ بە مۆرکی نەتەوەیی ڕەسەنی کورد بووە، بە بۆچوونی جەنابت وەك راوێژکاری جڤاتی رۆحانیی ئێزیدی، ئەم پێکەوەژیانە لە چییەوە سەرچاوەی گرتووە؟**

- سەرەتا لەبەر گرنگیی ئەم بابەتە و بۆ تێگەیشتن لە کولتوور و پێکەوەژیان لە ناو کوردانی ئێزیدیدا، بەپێویستی دەزانم باسێکی کوردانی ئێزیدی و ئایینەکەیان و ئەم بەرپرسیارێتییە مێژووییە بکەم، ئێزیدی ئایینێکی کۆنەو بەچەند قۆناغێکی مێژوویدا تێپەڕ بووە، بۆ باسکردنی بەرپرسیارێتیی هزری ئایینی ئێزیدی، دەبێت باسی بیروباوەڕی ئێزیدی بکەم، کە هزری ئاشتی و ئازادیی لەخۆ گرتووە، ئێزیدی لەگەڵ هەر نەتەوە و ئایین و ئایینزایەك ژیابێت، لەگەڵ ئەوەدا بووە بە ئازادی و ئاشتی و لێبووردەییەوە بژین، هیچ کاتێك لە هزرو بۆچوونی ئێزیدیدا نەبووە کەسێك بەزۆر بخەنە سەر ئایینی ئێزیدی و ئایینەکەیان بە کەسانی دیکە زیاد بکەن. بەشێوەیەکی گشتی ئایینی ئێزیدی سیستەمێکی چینایەتی لەخۆ گرتووە، بۆ نموونە، ئێزیدی لە ناوخۆی ئایینەکەشیاندا هاوسەرێتی لەگەڵ هەموو کەسێکدا ناکەن، مرید مریدە و شێخ شێخە و پیر پیرە، لە ناو شێخیشدا سێ چین هەیە (ئادانی و شەمسانی و قاتانی) لە ناو پیرەکاندا چل جۆر هەیە، هەر جۆرەو تایبەتمەندێتیی خۆی هەیە، بەشێوەیەکی گشتی ئایینی ئێزیدی ڕێز و خۆشەویستیی بۆ هەموو ئایینەکان هەیە، بە درێژایی مێژوو ئێزیدی بە هۆی ئەو هزرە ئاشتی و لێبووردەیی و پێکەوەژیانەوە دەستدرێژیی بۆ سەر هیچ ئایینێك نەکردووە، بەپێچەوانەوە بەردەوام ئێزیدی قەتڵوعام کراوە و دەستدرێژیی کراوەتە سەر و تووشی نەهامەتی بووە، لەساڵی ١٨٩٣ لەسەردەمی دەوڵەتی عوسمانی و لە سەردەمی فەریق وەهبی پاشا، کە والی مووسڵ بوو، ئێزیدی دوچاری نەهامەتییەکی گەورە بوون، بە درێژایی سەدەکانی ١٩ و ٢٠ کۆمەڵکوژی لە بەرامبەر ئێزیدییەکان بەردەوام بوو، لە سەدەی ٢١ دیسان پرۆسەی قەتڵوعامکردنی ئێزیدی دەستی پێ کرد، ئەوە بوو لە گرعوزێر و سیبا شێخ خدر ئەنجام درا و، تا هێرشی ڕەشی داعش لە ساڵی ٢٠١٤، کوردانی ئێزیدی بوونەتە قوربانی تەشەنەکردنی هزری توندڕەویی ئایینی و توندوتیژی و تا ئێستا ٧٣ جار کوردانی ئێزیدی تووشی هێرشی کۆمەڵکوژی بوونەتەوە، ئێزیدی میللەتێکی ئاشتیخوازن، کەسایەتیی ئێزیدی بڕوای بە پێکەوەژیان و ئاشتی هەیە، لە بیروباوەڕی ئێزیدیدا هاتووە،

**بە درێژایی مێژوو ئێزیدی بە هۆی ئەو هزرە ئاشتی و لێبووردەیی و پێکەوەژیانەوە دەستدرێژیی بۆ سەر هیچ ئایینێک نەکردووە، بە پێچەوانەوە بەردەوام ئێزیدی قەتڵوعام کراوە و دەستدرێژیی کراوەتە سەر و تووشی نەهامەتی بووە**

**کوردانی ئێزیدی بوونەتە قوربانی تەشەنەکردنی هزری توندڕەویی ئایینی و توندوتیژی و تا ئێستا ٧٣ جار کوردانی ئێزیدی تووشی هێرشی کۆمەڵکوژی بوونەتەوە**

ئەگەر ئێزیدییەك خێرێك لەگەڵ مرۆڤێك لە هەر ئایین و ئایینزایەك بكات و پرسیار نەكات سەر بە چ ئایینێكە، ئەوا خێرێكی زۆر گەورەی بۆ دەنووسرێت. سەبارەت بە وەڵامی پرسیارەكەشت، مێژووی نزیك شاهێدیمان بۆ دەدات كە ئێزیدی لە ئایینەكەیەوە سەرچاوەی پێكەوەژیان و ئاشتی و ئازادی سەرچاوەی گرتووە، لە سەنتەری شێخان تا ساڵەكانی سییەكانیش لە ٩٩٪ی خەڵكەكەی ئێزیدی بوون، مەسیحی و موسڵمان هاتووە ئێزیدی هاریكاریی كردووە و یارمەتیی دروستكردنی كەنیسە و مزگەوتی داوە، بۆ ئەوەی ئایینزاكانی دیكە خوداپەرستیی تێدا بكەن، ئێزیدییەكان لەسەر خاكی خۆیان یارمەتیی موسڵمانەكانیان داوە، بۆ ئەوەی نیشتەجێ ببن و خانوو دروست بكەن، تەنانەت لە قەزای شێخان ئێزیدییەكان هاوكاریی موسڵمانەكانیان كردووە و بەردیان كێشاوە بۆ دروستكردنی مزگەوت، ئەمەش هەمووی لە ناو بیروباوەڕی ئایینی ئێزیدیدا هاتووە، كە دەبێت بڕوای بە پێكەوەژیان و ئاشتی و ئازادی هەبێت و لەگەڵ ژیان و لێبووردەییدا بێت.

*** لە كاتێكدا ئێزیدییەكان بە درێژایی مێژوو چەندین جار كۆمەڵكوژكراون و، دوچاری دەیان نەهامەتی و كۆچ و ماڵوێرانی بوونەتەوە، كەچی بیریان لە تۆڵەسەندنەوە نەكردووەتەوە، ئایا ئەم هزرە مرۆڤایەتییە لەچییەوە سەرچاوەی گرتووە؟**

- لە ئایینی ئێزیدیدا هاتووە: «مرۆڤ هەر مرۆڤە، نابێت رق و توندوتیژی بەرامبەر هیچ مرۆڤێكی دیكە هەبێت»، راستە ئەم كولتوور و سیستەمە لە ناو ئایینی ئێزیدیدا هەیە، بەڵام تەنیا تایبەتمەندێتی بۆ ئایینەكەی ناگەڕێتەوە، بەڵكو ئەم رۆحییەت و ئەخلاقە بەگشتی موڵكی میللەتی كوردە، لە دوای هەردوو شەڕی یەكەم و دووەمی جیهانییەوە كوردەكان بە موسڵمان و مەسیحی و ئێزیدی و ئایین و ئایینزاكانی دیكەوە، مافەكانیان زەوت كراوە، هیچ واقیعی نییە میللەتێك لە رۆژهەڵاتی ناوەڕاستدا ژمارەیان ٣٥-٤٠ ملیۆن كەس بێت، بێ دەوڵەت و ماف مابنەوە و، بەردەوام لەبەر نەبوونی دەوڵەت كۆمەڵكوژ و ئاوارە و دەربەدەر دەكرێن. ئێمەش دوو جار بووینەتە قوربانی، جارێك كە كورد بووین و جارێكیش كە ئایینەكەمان ئایینی ئێزیدی بووە، لەگەڵ ئەمەشدا لەبەر ئەخلاقی كوردایەتی و ئایینی ئێزیدی، ئێمە لەگەڵ ئەوەدا نەبووین تۆڵە بكەینەوە.

*** لە مێژووی نزیكدا مەلا مستەفا بارزانی بووە چەتری پارێزگاریكردنی هەموو پێكهاتەو ئایین و ئایینزاكان، بەتایبەتی كە رێگەی نەداوە كوردانی ئێزیدی كۆمەڵكوژ بكرێن و غەدریان دەرهەق بكرێت، ئایا تاچەند بوونی كەسایەتییەكی وا كاریزما، بۆ پاراستنی كوردانی ئێزیدی گرنگە؟**

- رەحمەتی مەلا مستەفا بارزانی لە سەردەمی شۆڕشی بارزان و ئەیلول نموونەی سەركردە و هزری پێكەوەژیان بووە، لە سەردەمی مستەفا بارزانی ئەو بیركردنەوەیە نەبوو كە بڵێن ئەمە موسڵمانە و ئەوە ئێزیدییە و ئەوە مەسیحییە، لەو سەردەمەدا هزرێك هەبوو پێی دەوترا هزری ئەخلاقی كوردانە و، بڕوای بە ئاشتی و ئازادی و مرۆڤدۆستی هەبوو، هەموو نەتەوە و ئایین و ئایینزاكان بە جیاوازیی زمان و ئایینەوە لە دەوری مستەفا بارزانی كۆ بوونەوە و، لە شۆڕشی ئەیلوولی مەزندا ژمارەیەكی گەلێك مەزن لە كوردانی ئێزیدی لە شنگال و شێخان و ناوچەكانی دیكە پێشمەرگەی مستەفا بارزانی بوون و، پلە و پۆستی جیاجیایان هەبوو، بەشداریی ئەو شۆڕشەیان كرد، تەنانەت كوردانی ئێزیدی لە شۆڕشی ئەیلوولدا سەركردە بوون، مەلا مستەفا بارزانی بەردەوام رێنمایی دەدایە خوا لێخۆشبووان (حەسۆ میرخان و عیسا سوار)، بەوەی رەفتاری تایبەتی لەگەڵ كوردانی ئێزیدی بكەن، چونكە لە مێژوودا غەدر و زوڵمێكی زۆری ئایینی و نەتەوەییان دەرهەق كراوە، لە ناو گەل و نەتەوەدا گەلێك كێشەی زەوی و خاك لە نێوان گوندان و خەڵك لێرە و لەوێ هەبووە، وەك رەفتاری تاكەكەسی، لە بیرەوەریی كتێبی میر تەحسین بەگ هاتووە: كاتێك گرفت و كێشە لە نێوان دوو گوند، یان لەسەر خاك دروست بووایە، كاتێك كێشەكە دەگەیشتە جەنابی رەحمەتی مەلا مستەفا بارزانی، بەردەوام لەگەڵ ئەو لایەن و كەسەدا بووە كە خاوەن ماف بووە، لەگەڵ

> **لە بیروباوەڕی ئێزیدیدا هاتووە، ئەگەر ئێزیدییەک خێرێک لەگەڵ مرۆڤێک لە هەر ئایین و ئایینزایەک بکات و پرسیار نەکات سەر بە چ ئایینێکە، ئەوا خێرێکی زۆر گەورەی بۆ دەنووسرێت**

> **ئێزیدییەکان لەسەر خاکی خۆیان یارمەتیی موسڵمانەکانیان داوە، بۆ ئەوەی نیشتەجێ ببن و خانوو دروست بکەن، تەنانەت لە قەزای شێخان ئێزیدییەکان هاوکاریی موسڵمانەکانیان کردووە و بەردیان کێشاوە بۆ دروستکردنی مزگەوت**

> **لە دوای هەردوو شەڕی یەکەم و دووەمی جیهانییەوە کوردەکان بە موسڵمان و مەسیحی و ئێزیدی و ئایین و ئایینزاکانی دیکەوە، مافەکانیان زەوت کراوە، هیچ واقیعی نییە میللەتێک لە رۆژهەڵاتی ناوەڕاستدا ژمارەیان ٣٥-٤٠ ملیۆن کەس بێت، بێ دەوڵەت و ماف مابنەوە**

> **لە سەردەمی مستەفا بارزانی ئەو هزرە نەبوو کە بڵێن ئەمە موسڵمانە و ئەوە ئێزیدییە و ئەوە مەسیحییە، لەو سەردەمەدا هزرێک هەبوو پێی دەوترا هزری ئەخلاقی کوردانە و، بڕوای بە ئاشتی و ئازادی و مرۆڤدۆستی هەبوو**

ئەمەشدا بەردەوام هەوڵی دەدا مافی کوردی ئێزیدی نەفەوتێت و زیاتر پشتی ئەوانی دەگرت، چونکە ئەو راستییەی دەزانی کە کوردی ئێزیدی تەعەددای لە کەس نەدەکردووە و زەوی و خاکی کەسی زەوت نەدەکردووە، ئەم حاڵەتە لە شۆڕشی گوڵانیشدا هەر لە سەر بنەمای ئەو هزر و کولتوورە بەردەوامیی هەبوو، لە راپەرینەکەی ساڵی ١٩٩١ بەهەمان شێوە. ئێزیدی وەکو شوێنەوارێك وایە بۆ میللەتی کورد، کۆنترین شانۆی میللەتی کورد لە ناو کوردانی ئێزیدی هەیە و کۆنترین موسیقای کوردی لە ناو ئێزیدیدایە، کۆنترین هزری فەلسەفی لە ناو کوردان لە هزری ئێزیدیدا سەرچاوەی گرتووە، بەخشان و هۆزان و شیعرو شانۆ و فەلسەفە و گەنجینەی زمانی کوردی و کەمیی کارتێکەری زمانەکانی دیکە و جلك و دابونەریت و دانوستاندن و رۆحییەت و ئەخلاق، گەنجینەیەکی کوردە و مولکییەتی ٣٠-٤٠ ملیۆن کوردە لە سەرانسەری جیهاندا، ئەمەش هەمووی لەوەوە سەرچاوەی گرتووە کە ئایینی ئێزیدی کۆنترین ئایینە لە ناو کوردا.

*** باسی دەوڵەتی کوردیت کرد، هۆکاری ئەو ٧٣ فەرمان و هێرشکردنە سەر ئێزیدییەکان لە مێژوودا کە کۆمەڵکوژ کراون، بۆ نەبوونی دەوڵەتت گەڕاندەوە، ئایا کەسایەتی و شێخ و پیر و کەسایەتییەکانی ئایینی ئێزیدی تاچەند لەگەڵ ئەو مافەی گەلی کوردا بوون؟**

- نیشتمانپەروەری و رێزگرتن لە مافی گەلان، واتا بڕوابوونی بە نیشتمان و مافی بوون بەدەوڵەتی کوردی، ئایین و نەتەوە پێمان دەڵێت رێزگرتن لە سرووشت و خاك و مرۆڤ لای ئێمە دەبێت پیرۆز بێت، لێرەدا دەمەوێت نموونەیەك باس بکەم، لە ریفراندۆمدا میر تەحسین بەگ، میری ئێزیدی لێرە نەبوو، لەوڵاتی ئەڵمانیا بوو، هاتەوە لە کوردستان بەشدار بوو، بەوەی بە هەموو ئێزیدییەکان بڵێت ئێمەش وەکو میللەتی کورد، ئەو مافەمان هەیە کە خاوەنی دەوڵەتی خۆمان بین، لە لایەکی دیکەوە کاتێك ئێمە لەگەڵ نوێنەری هەموو پێکهاتە نەتەوەیی و ئایینی کوردستان چووینە (دیوانی سەرۆکایەتی ئەو کاتی هەرێم)، هەموو داخوازییەکی پێکهاتەکانمان پێشکەش کردن بەتایبەتی داخوازیی کوردانی ئێزیدی، بەڕێز سەرۆك مسعود بارزانی پێی راگەیاندین هەموو مافە ئایینی و نەتەوەییەکانی پێکهاتەکان پارێزراو دەبێت و لە ناو دەوڵەتەکەدا جێگای دەکەینەوە.

*** وەکو جڤاتی رۆحانیی ئایینی ئێزیدی، چ پێشنیار و بۆچوونێکت هەیە، بۆ ئەوەی کوردەکان بتوانن پارێزگاری لەم رۆحییەت و ئەخلاقی مرۆڤپەروەری و پێکەوەژیان و لێبووردەیی لە ناو ئایین و ئایینزاکانی کوردستان بمێنێتەوە، دەوڵەمەندتر بکرێت؟**

- بە بڕوای من بۆ ئەم سەردەمە نووسینەوەی دەستوور و بوونی دەستوورێك بۆ هەرێمی کوردستان زۆر گرنگە، چونکە دەستوور بەرزترین یاسا و بنەمای پاراستنی پێکەوەژیان و لێبووردەییە لە نێوان هەموو پێکهاتە نەتەوەیی و ئایین و ئایینزاکانی کوردستاندا، ئێمە پەرلەمان و حکومەت و دادگامان هەیە، کەچی دەستوورمان نییە، دەستووریش بۆ ئێمە گرنگە و زامنی پێکەوەژیان و مافی پێکهاتە و ئایین و ئایینزاکانی تێدا دەبێت. راستە بەشێکی ئێزیدی لە ئێستادا لە ژێر دەسەڵاتی حکومەتی ناوەندییە، بەڵام ناوچەکانی وەك شنگال و بەعشیقە سەربە ماددەی ١٤٠ی دەستوورییە، ئەگەر ئەو ماددەیەی دەستوور جێبەجێ بکرێت و ئەو ناوچانە بگەڕێتەوە سەر هەرێمی کوردستان، ئەو کات مامەڵەی ئێمە تەنیا لەگەڵ هەرێمدا دەبێت، جێبەجێکردنی ئەو ماددەیە بۆ ئێمەی کوردانی ئێزیدی بەتایبەتی زۆر گرنگە، عێراق لە ساڵی ٢٠٠٣ تا ئێستا جگە لە کۆمەڵکوژی و توندوتیژیی ئایینی و مەزهەبی زیاتر هیچ دەستکەوتێکی دیکەی بۆ کوردانی ئێزیدی نەبووە، هێرشی ٣ی ئابی ٢٠١٤ دژی کوردانی ئێزیدی لە چیای شنگال قێزەونترین تاوانی کۆمەڵکوژی بووە لە سەدەی ٢١ دا و، ئەو عەقڵییەتە چییە کە پیاو و گەنجەکان بکوژێت و دایك و خوشکەکانیان وەکو کەنیزە بڕفێنێت و کڕین و فرۆشتنی پێوە بکەن؟ کوردانی ئێزیدی لە چوارچێوەی کوردستان و لەگەڵ میللەتی خۆمان بین باشترە، وەك سەرۆك مسعود بارزانی پێی وتین ئێوە کوردی رەسەنن.

**لە ریفراندۆمدا میر تەحسین بەگ، میری ئێزیدی لێرە نەبوو، لەوڵاتی ئەڵمانیا بوو، هاتەوە لە کوردستان بەشدار بوو، بەوەی بە هەموو ئێزیدییەکان بڵێت ئێمەش وەکو میللەتی کورد، ئەو مافەمان هەیە کە خاوەنی دەوڵەتی خۆمان بین**

**بۆ ئەم سەردەمە نووسینەوەی دەستوور و بوونی دەستوورێك بۆ هەرێمی کوردستان زۆر گرنگە، چونکە دەستوور بەرزترین یاسا و بنەمای پاراستنی پێکەوەژیان و لێبووردەییە لە نێوان هەموو پێکهاتە نەتەوەیی و ئایین و ئایینزاکانی کوردستاندا**

**راستە بەشێکی ئێزیدی لە ئێستادا لە ژێر دەسەڵاتی حکومەتی ناوەندییە، بەڵام ناوچەکانی وەک شنگال و بەعشیقە سەربە ماددەی ١٤٠ی دەستوورییە، ئەگەر ئەو ماددەیەی دەستوور جێبەجێ بکرێت و ئەو ناوچانە بگەڕێتەوە سەر هەرێمی کوردستان، ئەو کات مامەڵەی ئێمە تەنیا لەگەڵ هەرێمدا دەبێت**

**عێراق لە ساڵی ٢٠٠٣ تا ئێستا جگە لە کۆمەڵکوژی و توندوتیژیی ئایینی و مەزهەبی زیاتر هیچ دەستکەوتێکی دیکەی بۆ کوردانی ئێزیدی نەبووە**

# پێکەوە ژیان
## ڕێگایەک بەرەو ئاشتی

یەکێك لە سیماکانی مرۆڤایەتی و ئەو نیعمەتەی کە لە عەقڵ و ڕۆحە باڵاکەی پێی دراوە، بریتییە لە پەرۆشیی بەردەوام بۆ پەرەسەندن و پێشکەوتنی ماددی و ڕۆحی، ئەمەش وای کردووە کە مرۆڤ هەر لە سەردەمانی کۆنەوە، بتوانێت شارستانیەت بنیادبنێت و، پیشە و زانست بدۆزێتەوە، بۆ گەیشتن بە خۆشگوزەرانی و گەشەسەندن بەکاریان بهێنێت، ئەمەش ئیلهامی بە شاعیر و نووسەر و هونەرمەندان بەخشیوە، کە وێنای (شارستانیەتی گەشەسەندوو) بکەن. ئەو خەون و هەوڵدانەش بۆ ئەوەی کوردستان ببێتە نموونەیەك بۆ ئاشتی و ئازادی و خۆشگوزەرانی و خواست بۆ ئەوەی ببێتە سەرچاوەی ئیلهامی گۆڕینی واقیعی ناوچەکە، تەنیا گریمانە، یان خەونێك نییە بەدی نەیەت، بەڵکو واقیعێکە قابیلی بەدیهێنان و خواستی هاوبەشە، دەکرێ هەنگاوی پراکتیکیی بۆ هەڵبێنین.

بەهائییەکان بڕوایان بەوە هەیە کە مرۆڤەکان بۆیە دروست بوون، تا شارستانیەتێکی هەمیشە پێشکەوتوویان هەبێت و، تەنیا ئاشتیی جیهانیش مسۆگەر نییە، بەڵکو شتێکە دەبێت ڕووبدات، بەڵام بژاردەکە لە بەردەم مرۆڤدایە کە بگاتە ئەم ئاشتییە، دوای چەندین ئەزموون لەماڵوێرانی و شەڕ و ناهەمواری و کارەسات، دەتوانن بە ئیرادەیەك لە گفتوگۆ و ڕاوێژ بەدی بهێنن.

ئەگەر لەم نووسینەدا قسە لە سەر هەندێ چەمك بکەین، کە پەیوەندیدارن بە پێکەوەژیان و ئاشتیی کۆمەڵایەتی لە کوردستان، ئەوا



**د. تاهیرە عەبدولڕەزاق**

**نووسینگەی نوێنەرایەتیی فەرمیی بەهائییەکان لە کوردستان**

بۆ گوڵان نووسیویەتی

پێویستە خوێندنەوەیەکی خێرا بۆ واقیعبینیی مرۆیی بکەین، هەروەها ئەو تەحەددییانەی کە پێیاندا تێدەپەڕێت، دواتر باس لە هەندێ دید و بۆچوون دەکەین، وەك ناونیشانگەلێکی گفتوگۆی بەردەوام، ئەمەش بۆ دۆزینەوەی ڕەهەندەکانی ئەم بابەتە و شێوازەکانی گۆڕین بۆ واقیعێکی کۆنکریتی کە کاریگەرییەکەی زیاتر دەبێت.

## بنەماکانی بنیادنانی پێکەوە ژیان و ئاشتیی کۆمەڵگە لە کوردستان

(١) کەلەپووری مێژوویی وفرەکولتووری

کە سەیری پێکهاتەی کۆمەڵگەی کوردستانی دەکەین، فرە ئایینی و نەتەوەیی زۆر گەورە بەدی دەکەین، ئەمەش شتێکی نامۆ نییە، لەبەر ئەوەی کوردستان کۆنترین شوێنی سەر زەوییە و نیشتمانی سەرهەڵدانی شارستانییەتە بەرایییەکانە، هەروەها درێژکراوەیەکی جوگرافیی هەیە لە کەنداوەوە بۆ دەریای ناوەڕاست، هاوکات ئەم هەموو پەلامار و هێرشانەی کە ناوچەکە ڕووبەڕوویان بووەتەوە، ئەمەش بووەتە هۆی ئاوێتەبوونێکی کولتووریی نێوان ئەو هەموو پاشکۆ جیاوازانە.

توێژەر محەمەد عەبدۆ عەلی لە کتێبی (الایزیدیة والایزیدیون) دا ئاماژە بۆ ئەوە دەکات کە مێژووی ئایینەکانی کوردستان بۆ هەزارەی نۆیەمی پ.ز دەگەڕێتەوە، ئەویش بە دۆزینەوەی پەرستگای میترائیی ئێزیدییەکان لە ناوچەکەدا، هەروەها ئاماژە بۆ ئەو گەلانە دەکات کە

**بەهائییەکان بڕوایان بەوە هەیە کە مرۆڤەکان بۆیە دروست بوون، تا شارستانیەتێکی هەمیشە پێشکەوتوویان هەبێت**

**کوردستان کۆنترین شوێنی سەر زەوییە و نیشتمانی سەرهەڵدانی شارستانییەتە بەرایییەکان**

**دوای هاتنی ئایینی ئیسلام بۆ ناوچەکە و موسڵمانبوونی زۆرینەی کورد، بەڵام فرە ئایینی هەر بەردەوام بووە**

یەك لە دوای یەك هاتوون و لە ناوچەکەدا نیشتەجێ بوون، وەك سۆمەرییەکان و بابلییەکان و کلدانییەکان و ئاشوورییەکان، ئەمە وێڕای هاتنی گەلانی ئاری، ئەوانەی بە ڕێگاکانی ژیان و سرووتە ئایینییەکانیان هەمەجۆری و تێکەڵییەکی کولتوورییان لە نێوان خەڵکی ناوچەکە زیاد کردووە.

ئایینی کاکەییش یەکێکە لە ئایینە دیارەکان کە لە هەزارەی سێیەمی پ.ز لە ناوچەکەدا هەبووە، هاتنی گەلان بە هەمەجۆریی کولتوور و ئایینەکانیانەوە بەردەوام بووە، هەروەها پەیدابوونی ئایینی زەردەشتی کە بووە بە زۆرترین ئایینی بڵاو بووەوە لە ناوچەکەدا، مێژووی جوولەکەش لە ناوچەکەدا بۆ ڕۆژانی هەیکەلی یەکەم دەگەڕێتەوە، دواتر دوورخستەوەی گەورەی بابل، هاوکات هەبوونی وێنەی قەشەکانی کریستیان کە بۆ ساڵی ١٨٧٣ دەگەڕێتەوە، دوای هاتنی ئایینی ئیسلام بۆ ناوچەکە و موسڵمانبوونی زۆرینەی کورد، بەڵام فرە ئایینی هەر بەردەوام بووە، لەبەر ئەوەی یەکێکە لە جیاکەرەوەکانی ناوچەکە، کوردیش سوننە و شیعە و عەلەوین، هاوکات تەریقەتی سۆفیزم سەری هەڵدا و کاریگەریی هەبوو بۆ سەر لایەنی کولتوور و فیکری میانڕەو لە ناوچەکەدا، دیارترینیشیان تەریقەتی قادری و نەقشبەندییە، هەروەها بوونی ئایینی بەهائی بۆ هاتنی بەڕێز بەهائوڵڵا بۆ چیاکانی کوردستان دەگەڕێتەوە لە ساڵی ١٨٥٣ و، بەسەربردنی ژیان بۆ ماوەی دوو ساڵ لە نێو چیاکانی ناوچەی سەرگەڵو، دواتر میوانی سەرانی شێخەکانی نەقشبەندی بووە لە تەوێڵە و بیارە، دوای ئەوەش لە خانەقای مەولانا خالید لە سلێمانی بووە، هەروەها نامەی لەگەڵ سەرانی ئەو تەریقەتانە گۆڕیوەتەوە، کە خۆشیان ویستووە و ڕێزیان لێ ناوە، کە ئەم دوو ساڵەش خۆشترین ساڵی ژیانی بووە، هاوکات نووسەرێکی کورد باسی ئەوە دەکات کە یەکێك لە فاکتەرەکانی سەرهەڵدانی کولتووری میانڕەویی ئیسلامی لە کوردستان بریتییە لە کاریگەربوونی سەرانی تەریقەتەکانی سۆفیزم بە فیکری بەهائوڵڵا، ئەو کاتەی لەگەڵیان ژیاوە.

هەبوونی ڕەسەنیی ئەم پێکهاتە ئایینییانە و بەردەوامبوونی هاتنی توێژی دیکە کە تاکو ئەم سەدەیە درێژەی هەبوو، ئەویش هاتنی سابیئەی مەندائییە، وای کرد کە ژینگەی کوردستان ببێتە لانکەی ئەو هەمەجۆرییە و قبووڵکردنی یەکدی، بەرنامەی میانڕەوەی ئایینی، بناغەیەکی بەهێزی بەردەوامبوونی بەرەوپێشچوونی کاروانی پێکەوە ژیانە لە ناوچەکەدا.

هەروەها دۆزی کورد و هەوڵدان بۆ بەدیهێنانی سەربەخۆیی لە ناوچەکەدا، بووە هۆی وەلائبوون بۆ نەتەوە بۆ ماوەیەکی زۆر لە سەدەی ڕابردوو، ئێستاش بووەتە هێزو پاڵنەرێکی بەهێز بۆ هاووڵاتیی کوردستانی لە بنیادنان و کارکردن بۆ گەشەسەندنی ناوچەکە، هەروەها ناسنامەی کوردی بەسەر هەموو ئینتیماکانی عەشائیری و ئایین و نەتەوەی دیکەدا زاڵ بووە.

لە ماوەی دوو دەیەی دواییدا، ڕێڕەوی پێکەوە ژیان ئاراستەیەکی پێشکەوتووی بەخۆیەوە بینی، نووسەرانی ئایین لە کوردستان- سەنتەری میسبار بۆ توێژینەوە لە ساڵی ٢٠١٨ ئاماژە بۆ ئەوە دەکات، کە بە گشتی دوای ساڵی ٢٠٠٣ وەرچەرخانێکی گەورە هاتە ئاراوە لە ڕەوشی کەمینە ئایینیەکان لە عێراقدا و، ئەو کێشانەی تووشی لایەنی دیکە لە ئاراستەی پێکەوە ژیان لە کوردستان بوون، دیارترینیان هاتنی ژمارەیەکی زۆر لە دانیشتووانی ئەو ناوچانەی کە ڕێکخراوی داعش لە ٢٠١٤ داگیری کردن، بەمەش شەپۆلێکی دیکەی هاتن و تێکەڵبوونی کولتووری و ئایینی ڕووی دا.

(٢) ئەم دوو دەیەی دوایی و ئاراستەی حکومەت بۆ بەهێزکردنی پێکەوە ژیان

دیارترین نیشانەکانی ئەو دوودەیەی دوایی لەکوردستان بریتییە لە ئاراستەی فەرمی بە بەهێزکردنی کولتووری پێکەوە ژیان و، بە ئاشکراش زمانی بنیادنانی ناسنامەی کوردستانی دەردەکەوێت، هەروەها دیارترین نیشانەکانی هەوڵی حکومەت بریتییە لە پاڵپشتیی ئازادییە ئاینییەکان و یەکێتیی نێوان پێکهاتەکانی گەل، ئەویش دەرکردنی یاسای پێکهاتەکان ژمارە(٥٩ی ساڵی ٢٠١٤) و دداننانی فەرمی بە پێکهاتە ئایینییەکاندا، تەنانەت ئەوانەیشی کە لە ڕووی مێژووییەوە ئینتمای بۆ ناوچەکە نییە، وەك سابئەی مەندائی، لە چوارچێوەی ئەوەی ناونراوە بە

(هەشت ئاینییەكانی كوردستان)، هەروەها نوێنەرایەتییان لە وەزارەتی ئەوقاف و كاروباری ئایینی لە كوردستان، هاوكات كاركردن بۆ ئەوەی مافی پەرستن و كاروباری كەسێتییان لە كوردستان پێ بدرێت، وەك زۆرینەی موسڵمان لە كۆمەڵگەدا.

سەرباری سەرپەرشتیكردنی ڕاستەوخۆ بۆسەر گوتاری ئایینی و شیاندنی پیاوانی ئایینی و گرنگیدان بە بەهێزكردنی كولتوورێكی میانڕەوی ئیسلامی، هەروەها ڕێگەدان بە ڕێكخراو و دامەزراوەكانی كۆمەڵگەی مەدەنی تا بە ئازادی كاربكەن، بە تایبەتیش ئەوەی كە پەیوەستە بە ئازادییە ئاینییەكان و وەلاوەنانی گوتاری ڕق وكینە، هاوكات دووپاتكردنەوەی سەركردایەتییەكان بەوەی كە كوردستانییەكان ئەوانەن كە لە كوردستان نیشتەجێن، ئەمەش چەمكی نیشتمانی هاوچەرخ بەهێز دەكات، وەك چۆن لەلایەن بیرمەندە هاوچەرخەكانەوە وەسف دەكرێت كە (نیشتمان) هاوبەشەو شوێنی نیشتەجێبوونە، جا چ تێیدا لەدایكبوبێت یان نا، هەروەها چەمكی هاونیشتمانیبوون لەبەر ئەوەی لە سەر هاوبەشیكردن، یان لەم نیشتمانەدان، بەمەش بەرپرسیارتییەكی هاوبەشیان دەكەوێتە ئەستۆ. سەرباری ئەوەی كە تا ئێستا هاتووەتەدی، كە دەكرێ بە نموونەیەك لە ناوچەكە دابنرێت، بەڵام ئێمە هەوڵ دەدەین ئەم ئەزموونە بەهێز بكەین، تا بگاتە چەمكی پێكەوە ژیان لە سەر بنەمای دادپەروەری و بەشداریی گشتی لە هەموو ئاستەكانی كۆمەڵگەدا، بۆ ئەوەی بتوانێت بەرەوڕووی فیكری دەمارگیرو توندڕەو ببێتەوە، هاوكات هەوڵ دەدەین شوێنەواری ئەم پێكەوە ژیانە بەسەر چاككردن و پەرەپێدانی دۆخی ئابووری و زانستی و كۆمەڵایەتیی گەلی كوردستان بە زیندوویی بهێڵینەوە، دواتر كاریگەریی لەسەر ناوچەكەو جیهان بێنینەكایەوە، چونكە كوردستان نموونەی نیشتمانێكە كە هەموو ئینتیما و وەلائبوونە جیاوازەكان، تێكەڵی وەلائبوون و خزمەتی كۆمەڵگە و جیهان دەكات.

وێڕای ئەوەی كە دەتوانرێت دید و تێڕوانینی سەرەتایی و پرەنسیپە گشتییەكان بۆ ئەم هەوڵە دابنرێت، بەڵام ئەركەكە هەروا ئاسان نییە، پێویستە هەموو پێكهاتەكان بە تاك و دامەزراو و هەیكەلبەندییە كۆمەڵایەتییەكان و، پیاوانی ئایینی و كەسایەتییە دیارەكانی حكومەت، ئەكادیمی و ڕاگەیاندكاران و نووسەران و چالاكان بە یەكەوە، گفتوگۆی بەردەوام بكەن، سەبارەت بە شێوازەكانی گۆڕینی ئەو فیكرانە بۆ هەنگاوی پراكتیك و واقیعیی كۆنكریتی، بۆیە ئەم وتارە چەند پرسیارێك دەخاتە ڕوو:

* چۆن دەكرێت كولتوورێك بچەسپێنین، كە تاك پێشكەوتنی خۆی ببینێت؟ بزانێت پەیوەستە بە پێشكەوتنی گەڕەك و گوند و كۆمەڵگەكەیەوە، هەروەها بەرژەوەندیی كەسیی خۆی وەك بەشێك لە بەرژەوەندیی گشتی ببینێت، بەمەش بە حەزو ئارەزووی ڕاستگۆوە بەشداری لە وەدیهێنانی گەشەسەندنی كۆمەڵگەكەیدا بكات، تا مەحاڵ بێت پێشكەوتنی خۆی بەدەر لە پێشكەوتنی كۆمەڵگەكەی وەدی بهێنێت؟

* چۆن دەكرێت پشتگیری لە گوتاری ئایینی و ڕۆشنبیری و ڕاگەیاندن بكرێت و، ناسنامەی مرۆڤایەتیی هاوبەش لە نێوان تاكەكانی كوردستاندا بەهێزبكرێت، بە جیاوازیی ئایین و نەتەوە و بیروباوەڕیانەوە، بۆ بەرەنگاربوونەوەی گوتاری توندڕەوی و دەمارگیریی ئایینی و تایفەگەری و نەتەوەیی، كە تائێستا هێزێكی كاریگەرە لە ناوچەكەدا؟

* چۆن دەكرێت سیستەمی پەروەردە و فێركردن بەكاربهێنرێت بۆ هێنانەكایەی هەستكردن بە وڵاتایەتیی ئەرێنی، بە شێوەیەك نموونەیەكی لاوان دەبینین كە هەستی خزمەتكردنی كۆمەڵگەكەیان هانیان دەدات، بۆ پێشكەوتن و پەرەسەندن؟

* چۆن بەشداریكردنی ئافرەتی كوردستانی دەستەبەر دەكەین لە ڕاوێژ و وەرگرتنی بڕیار، لەسەر ئاستە جیاوازەكان، وەك پێكهاتەیەكی بنەڕەتیی كۆمەڵگە، بە هێنانەكایەی یەكێتی و پێكەوە ژیان؟

ئەم پرسیارانەو هی دیكەیش، بانگەوازێكن بۆ گفتوگۆكردن و بیركردنەوەی بە كۆمەڵ، بە مەبەستی پێكەوە كاركردن، تا بڕوابوونی چەسپا و بۆ بەدەستهێنانی ئاشتی كە ئەستەم نییە، بكەینە كارێك كە بەم نزیكانە بەدەست بێت.

**تەریقەتی سۆفیزم كاریگەریی هەبووە بۆ سەر لایەنی كولتوور و فیكری میانڕەو لە ناوچەكەدا، دیارترینیشیان تەریقەتی قادری و نەقشبەندییە**

**ناسنامەی كوردی بەسەر هەموو ئینتیماكانی عەشائیری و ئایین و نەتەوەی دیكەدا زاڵ بووە**

**كوردستانییەكان ئەوانەن كە لە كوردستان نیشتەجێن، ئەمەش چەمكی نیشتمانی هاوچەرخ بەهێز دەكات**



مامۆستا مەلاحەمید حەمەفەرەج هەڵەبجەیی، بۆ گوڵان:

# ئایینی پیرۆزی ئیسلام ڕێزی لە مرۆڤ گرتووە و لە بیروباوەڕ و ئاکاردا ئازاد و سەربەستی کردووە

## پێغەمبەری خوا (د.خ) کاتێک دەوڵەتی دروست کرد، گاور و جوو و بێباوەڕیشی تێدابوو، هەموویان مافیان لە دەستووردا پارێزراو بوو

## گومانی تێدا نییە حوجرە و تەکیە و خانەقاکانی کوردستان تێگەیشتنیان بۆ ئایین تێگەیشتنێکی ئاشتی و میانڕەوانە بووە

**ئەگەر کۆمەڵگەیەك پێکهاتەی نەتەوەیی و ئایینی جیاواز لەخۆ بگرێت، ئەوا بەدیهێنانی ئاشتی و تەبایی و پێکەوەژیان کارێکی ئاسان نییە، بەڵام ئەوەی لە کوردستاندا بەدی دەکرێت، ئەزموونێکی سەرکەوتووی پێکەوەژیانی پێکهاتە جیاوازەکانە، کە جێی هەڵوەستەکردنە و شایستەی ئەوەیە شرۆڤەکاریی بۆ بکرێت، بەتایبەت لە پەیوەندی بە ڕۆڵی ئایینی پیرۆزی ئیسلامەوە لە هێنانەئارا و چەسپاندنی ئەم گیانی پێکەوەژیان و یەکترقبووڵکردنە، ئەم پرسە و چەند بابەتێکی گرنگی دیکە، بوونە تەوەری دیدارێکی گوڵان لەگەڵ مامۆستا مەلا حەمەد حەمید فەرەج هەڵەبجەیی.**

*** ئایینی پیرۆزی ئیسلام، ئایینی ئاشتی و لێبووردەیی و پێکەوە ژیانە، لەمەش زیاتر کە سەیری مێژووی بەرزی مزگەوت و حوجرە و تەکیە و خانەقاکانی کوردستان دەکەین، هەموو کات سەرچاوەی ئیشق و میهرەبانی و خۆشەویستیی خودا بوون، ئایا لێبووردەیی و پێکەوە ژیان و ئاشتی لە دیدی ئایینی پیرۆزی ئیسلامەوە، چۆن ڕاڤە دەکەن؟**

- ئایینی پیرۆزی ئیسلام ڕێزی لە مرۆڤ گرتووە [لَقَدْ كَرَّمْنَا بَنِي آدَمَ] ئازاد و سەربەستی کردووە لە بیروباوەڕ و ئاکاردا، لەگەڵ ئەوەی [إن الدين عندالله الاسلام] و کۆمەڵێك بنەمای گشتیی نەگۆڕی داناوە بۆ ڕەوشت و ئاکاریش، هەر بۆیە تا مرۆڤەکان ئازاد نەبن، ناتوانرێت ئاشتی بۆیان دەستەبەر بکرێت، پەروەردگار پاش دیاریکردنی بیروباوەڕی دروست و نادروست و لە ڕێگەی پێغەمبەرمان و کتێبە ئاسمانییەکانەوە، مرۆڤەکان سەربەست دەکات لە شوێنکەوتن یا نەکەوتن، قورئان ئەو بنەمایەی چەسپاندووە لە سورەتی (البقرة)دا -لە ئایەتێکی ڕاشکاوی موحکەمدا-، خودای گەورەو دەفەرموێت: [لا إِكْرَاهَ فِي الدِّينِ قَدْ تَبَيَّنَ الرُّشْدُ مِنَ الْغَيِّ] کەوابوو دیاریکردنی هەر بیروباوەڕێك ئارەزوومەندانەیە و ڕێگە پێدراو نییە هەڵگری ئایینی جیاواز سووکایەتیی بەرامبەر بکرێت، ئەم ئایەتانەش بە ڕاشکاوی ئەوە روون دەکەنەوە (لَكُمْ دِينُكُمْ وَلِيَ دِينِ) (وَإِن كَذَّبُوكَ فَقُل لِّي عَمَلِي وَلَكُمْ عَمَلُكُمْ أَنتُم بَرِيئُونَ مِمَّا أَعْمَلُ وَأَنَا بَرِيءٌ مِّمَّا تَعْمَلُونَ) [یونس: ٤١] وقال: (لَنَا أَعْمَالُنَا وَلَكُمْ أَعْمَالُكُمْ) [القصص: ٥٥] .

پێغەمبەری خوا (د.خ) کاتێك دەوڵەتی دروست کرد، گاور و جوو و بێ باوەڕیشی تێدابوو، هەموویان مافیان پارێزراو بوو لە دەستوور و، پێکەوە بە ئاشتی دەژیان.

ئایینی پیرۆزی ئیسلام داوامان لێ دەکات

**ئایینی پیرۆزی ئیسلام و موسڵمانان وێنەی ئاون، کاتێک ڕێ دەکات، هەموو شت لێی سوودمەند دەبێت، زەوی و دار و درەخت و ئادەمیزاد و باڵندە و ئاژەڵ و گژوگیا، ئاوەکە ئاوڕ ناداتەوە کێ لێی سوودمەند دەبێت**

**گەڕەکێک لە هەڵەبجە هەیە بە ناوی گەڕەکی جوولەکە و کاتێ خۆی بۆ جوولەکەکانی هەڵەبجە ڕۆیشتوون داوای داریان لە شێخ حیسامەددین (دەرەجەی عالی بێت) کردووە بۆ دروستکردنی مەعبەدەکەیان، لە باخی خۆیان داری پێ داون**

**زانایانی ئایینی ئیسلامی کوردستان نەک تەنیا لەسەر مینبەرەکان پێشەنگ و پێشەوا بوون، بەڵکو سەرکردەی زۆرێک لە شۆڕشەکانی کوردستانی گەورە بوون**

کە مامەڵە و هەڵسوکەوتمان شیرین و جوان بێت لەگەڵ ئەوانەی خوێنمان نارێژن و، لە خاك و نیشتمانی خۆمان وەدەرمان نانێن [لَا يَنْهَاكُمُ اللَّهُ عَنِ الَّذِينَ لَمْ يُقَاتِلُوكُمْ فِي الدِّينِ وَلَمْ يُخْرِجُوكُمْ مِنْ دِيَارِكُمْ أَنْ تَبَرُّوهُمْ وَتُقْسِطُوا إِلَيْهِمْ إِنَّ اللَّهَ يُحِبُّ الْمُقْسِطِينَ (٨) إِنَّمَا يَنْهَاكُمُ اللَّهُ عَنِ الَّذِينَ قَاتَلُوكُمْ فِي الدِّينِ وَأَخْرَجُوكُمْ مِنْ دِيَارِكُمْ وَظَاهَرُوا عَلَى إِخْرَاجِكُمْ أَنْ تَوَلَّوْهُمْ وَمَنْ يَتَوَلَّهُمْ فَأُولَئِكَ هُمُ الظَّالِمُونَ (٩)] الممتحنة (٨-٩)

گومانی تێدا نییە حوجرە و تەکیە و خانەقاکانی کوردستانیش تێگەیشتنیان بۆ ئایین، تێگەیشتنێکی ئاشتی و میانڕەوانە بووە و، فەقێ و موریدەکانیان لەسەر ئەم تەرزە بیرکردنەوانە ڕاهێناوە، بۆیە لە کوردستان لەگەڵ بوونی بیروباوەڕی جیاوازدا (با کەمیش بووبن) وەك مەسیحی و جوو و کاکەیی و ...هتد، بەرکەوتە لە نێوان ئایینەکاندا نەبووە و، سوپاس بۆ خودا شتێك نییە بە ناوی بەرکەوتەی ئایینی.

خوای گەورە دەفەرموێت: [وَمَا أَرْسَلْنَاكَ إِلا رَحْمَةً لِلْعَالَمِينَ] ئایینی پیرۆزی ئیسلام، پێغەمبەری خودا ڕەحمەتە بۆ جیهان نەیفەرمووە (رحمة للمؤمنین) ئایینی پیرۆزی ئیسلام و موسڵمانان وێنەی ئاون، کاتێك ڕێ دەکات، هەموو شت لێی سوودمەند دەبێت، زەوی و دار و درەخت و ئادەمیزاد و باڵندە و ئاژەڵ و گژوگیا، ئاوەکە ئاوڕ ناداتەوە کێ لێی سوودمەند دەبێت.

*** زۆربەی ڕێبەر و سەرکردەکانی بزووتنەوەی ڕزگاریخوازیی کوردستان، لە حوجرە و مزگەوت و تەکیە و خانەقاکانی کوردستان هەڵکەوتوون و، ڕێبەرایەتییان بۆ سەربەخۆیی کوردستان کردووە، هەمووشیان ئەو فەرموودەیەی پێغەمبەریان کردووە بە دروشم کە (خۆشەویستیی نیشتمان لە ئیمانەوەیە) ئایا شەرعییەتی سەربەخۆبوونی کوردستان، وەك دەوڵەتێکی سەربەخۆ لە ڕوانگەی قورئان و شەریعەتی ئیسلامەوە چۆن ڕاڤە دەکەن؟**

- هەمیشە ئەو جێگایانە لە ڕووی ئایینی و سەرجەم بوارە مەعریفییەکانی دیکەوە جێگای پێگەیاندنی تاکەکان بوون، لە ئایینی پیرۆزی ئیسلامدا یەکێك لەو شتانەی گرنگیی پێ دراوە، چ لە قورئانی پیرۆز و چ لە فەرموودەکانی پێغەمبەر (د.خ) خۆشویستنی نیشتمانە.

نموونەی خۆشویستنی نیشتمان لە قورئانی پیرۆزدا،پاڕانەوەکەی پێغەمبەر ئیبراهیم (علیه السلام) بۆ مەککەیە، کە ئەمەش نیشانەی خۆشەویستییە [وَإِذْ قَالَ إِبْرَاهِيمُ رَبِّ اجْعَلْ هَٰذَا الْبَلَدَ آمِنًا وَاجْنُبْنِي وَبَنِيَّ أَنْ نَعْبُدَ الْأَصْنَامَ] ابراهیم (٣٥).

قورئانی پیرۆز خۆشویستنی نیشتمان و نەفسی پێکەوە هێناوە [وَلَوْ أَنَّا كَتَبْنَا عَلَيْهِمْ أَنِ اقْتُلُوا أَنْفُسَكُمْ أَوِ اخْرُجُوا مِنْ دِيَارِكُمْ مَا فَعَلُوهُ إِلَّا قَلِيلٌ مِنْهُمْ وَلَوْ أَنَّهُمْ فَعَلُوا مَا يُوعَظُونَ بِهِ لَكَانَ خَيْرًا لَهُمْ وَأَشَدَّ تَثْبِيتًا] النساء (٦٦)

پەروەردگار پێغەمبەرەکەی دڵنیا دەکاتەوە کە دەیگێڕنەوە بۆ نیشتمانەکەی، کە مەککەیە [إِنَّ الَّذِي فَرَضَ عَلَيْكَ الْقُرْآنَ لَرَادُّكَ إِلَى مَعَادٍ] قال ابن عباس (الی مکة).

خۆشەویستی نیشتمان لە فەرموودەکانی پێغەمبەردا [اللَّهُمَّ حَبِّبْ إِلَيْنَا المَدِينَةَ كَحُبِّنَا مَكَّةَ أَوْ أَشَدَّ] ڕوایة البخاری، کاتێك خۆشەویستمان (درودی خوای لەسەر بێت ) دەردەکرێت لە مەککە ئەمە دەفەرموێت، [ما أطيبَكِ من بلَدٍ وأحبَّكِ إليَّ ، ولولا أنَّ قومِي أخرجوني منكِ ما سكنتُ غيرَكِ] صحيح اخرجه الترمذي، ئەوەی دەرچووی قوتابخانەی ئیسلامەتی بووبێت، ئاوا دەڕوانێتە نیشتمان، خۆشویستنی ڕێبەر و سەرکردەکانی ئێمەش بۆ نیشتمان لەمەوە سەرچاوەی گرتووە.

*** لە کوردستان بێجگە لە ئایینی پیرۆزی ئیسلام چەندین ئایینی دیکەش هەیە، بەڵام سوپاس بۆ خودا لە کوردستاندا لێبووردەیی و پێکەوە ژیان بە ئاستێکە، لە جیهانی ئیسلامیدا نموونەی نییە، ئایا ئەو کولتوورە ڕەسەنەی موسڵمانیەتیی کورد لە چییەوە سەرچاوەی گرتووە؟**

- بێگومان کوردستان جگە لە ئایینی پیرۆزی ئیسلام، شوێنکەوتەی ئایینەکانی دیکەشی تێدایە و، لە سەرووی ٩٥٪ دانیشتووانی کوردستان شوێنکەوتەی ئایینی پیرۆزی ئیسلامن، لەگەڵ ئەوەش بە درێژایی مێژوو نەماندیوە و نەمانبیستووە بەرکەوتەی ئایینی لە کوردستاندا هەبێت، ئەوەش دەگەڕێتەوە

بۆ تێگەیشتنی قووڵی زانایانی ئایینی ئیسلامی، بۆ ئایینەکەیان، لە جێبەجێکردنی دەقەکانی قورئان و فەرموودەکانی سەروەرمان لە چۆنیەتیی مامەڵەکردن لەگەڵ ئایینە جیاوازەکانی دیکە، کە داوا دەکات لەسەر بنەمای ئازادی و دادپەروەری و ئاشتی مامەڵە بکرێت. زانایان ڕۆڵی گرنگیان هەبووە لە بڵاوکردنەوەی ئەم تێگەیشتنە دروستە، ئەگەر بەندە نموونەیەك باس بکەم، کە هەڵەبجە مەڵبەندی تەدەیون و خواپەرستییە و وا ناسراوە، دەبینین کە گەڕەکێك لە هەڵەبجە هەیە بە ناوی گەڕەکی جوولەکە و کاتی خۆی بۆ جوولەکەکانی هەڵەبجە ڕۆیشتوون داوای داریان لە شێخ حیسامەددین (دەرەجەی عالی بێت) کردووە بۆ دروستکردنی مەعبەدەکەیان، لە باخی خۆیان داری پێ داون، کە پاش گەڕانەوەی جوولەکەکان بۆ ئیسرائیل کراوە بە مزگەوت و ناونراوە مزگەوتی ئەحمەدی، تا دواجار لە ساڵی ٢٠١٨ دروست کراوەتەوە، شوێنی قیبلەکەیان مابوو.

*** زانا و مامۆستایانی ئایینی ئیسلامی کوردستان لەسەر مینبەرەکانەوە پێشەنگ و پێشەوای کۆمەڵگە بوون، لە هەموو شۆڕشەکانی کوردستان هەوێنی یەکڕیزی و تەبایی و پێکەوە ژیان بوون، ئایا لەم قۆناغەدا کە زۆر پێویستمان بە تەبایی و پێکەوەژیان و لێبووردەیی هەیە، ئەرکی شەرعیی زانا و مامۆستایانی ئایینی ئیسلام لەسەر مینبەرەکان دەبێت چی بێت و، چۆن پارێزگاری لەو مێژووە دەکەن کە زانایانی ئیسلامی پێش ئێوە لە کوردستان دروستیان کردووە؟**

- زانایانی ئایینی ئیسلامی کوردستان نەك تەنیا لەسەر مینبەرەکان پێشەنگ و پێشەوا بوون، بەڵکو سەرکردەی زۆرێك لە شۆڕشەکانی کوردستانی گەورە بوون، چونکە کاری زانای ئایینی تەنیا لە میحراب و مزگەوتدا خۆی نابینێتەوە، بۆ؟ لەبەر ئەوەی هەڵگری ئایینێکە کە کۆتا ئایینە و ئایینەکەش سەرجەم بوارەکانی ژیان دەگرێتەوە و، زانای ئایینی دەبێت مەودای هزر و کارکردنی وەك ئایینەکەی سەرجەم ڕەهەندەکانی ژیان بگرێتەوە و، هەمیشە لەسەرجەم قۆناغەکانی شۆڕشی کوردی زانایان ڕۆڵی ئەرێنییان بینیوە و، هەوێنی تەبایی و یەکڕیزیی میللەت بوون .

*** سالآنێکە بە هۆکاری سیاسی بێت، یان پێشکەوتنی تەکنۆلۆژیا، دیاردەیەکی نامۆ بە مێژووی بەرزی مسوڵمانێتیی کوردستان، هاتووەتە کوردستانەوە، کە ئەویش دیاردەی توندڕەوی و توندوتیژییە، ئایا زانایانی ئیسلامیی کوردستان چۆن ڕێگە لەم دیاردە نامۆیە دەگرن؟**

بە هۆی چەند هۆکارێکی جیاوازەوە دیاردەی بیری توندڕەوی و توندوتیژی، تا ئەندازەیەك لە کوردستاندا گەشەی کرد، کە هەندێکی هاوردەکراو بوو لە ڕێگەی ئەو کرانەوەی کە هەیە لە ڕێی ئینتەرنێتەوە، هەندێك لەو توندڕەوانەش دروستکراوی وڵاتانی زلهێز و ئیقلیمین، کە بەکاریان دەهێنن بۆ جێبەجێکردنی ئەجێندای خۆیان، لەگەڵیشیدا نەسیجی فیکری و کۆمەڵایەتیی کۆمەڵگەش تێك دەدات، هەندێك گەنجی بێ ئاگا و ناشارەزا و عاتیفی دەبنە سووتەمەنیی ئەو یارییە بۆگەنەی توندڕەوی، نەبوونی ئازادی و دادپەروەریش هۆکارێکی دیکەیە بۆ گەشەکردن و بڵاوبوونەوەی ئەو جۆرە بیرکردنەوانە، مامۆستایانی ئایینی لە مینبەر و وەعز و دەرس و دەور و سۆشیال میدیادا لە ڕاستکردنەوەی بیری زۆرێك لە گەنجانی ئەم هەرێمەدا ڕۆڵی زۆر گرنگیان دیوە، کە ئەمەش جێگەی ڕێز و پێزانینە. ئەگەر مامۆستایان و تەکیە و خانەقاکان نەبوونایە کە هەڵگری بیری میانڕەوین، بیری توندڕەوی و توندوتیژی لە کۆمەڵگەکەماندا زیاتر گەشەی دەکرد، بۆیە کاتێك دەتوانرێت ڕێگری بکرێت لە بیری توندڕەوی، کە پشتگیریی مامۆستایانی ئایینی و ئەو بانگخوازانە بکرێت کە هەڵگری بیری میانڕەوین، وە کۆڕ و میزگرد و سیمیناری زیاتریان بۆ ڕێکبخریت لە زانکۆ و پەیمانگە و قوتابخانەکاندا، پێویستە دەسەڵاتیش زیاتر گرنگی بە دادپەروەری بدات و گەنجەکان ئاشت بکاتەوە و هەلی کاریان بۆ بڕەخسێنێت، ئەگەر توانیمان کاتی گەنجەکانمان بە شتانی بەسوود پڕبکەینەوە، ئەوکات دەرفەتێك بۆ بیری نامۆ ناهێڵینەوە.

**دیاردەی بیری توندڕەوی و توندوتیژی، تا ئەندازەیەک لە کوردستاندا گەشەی کرد، کە هەندێکی هاوردەکراو بوو لە ڕێگەی ئەو کرانەوەی کە هەیە لە ڕێی ئینتەرنێتەوە**

**هەندێک گەنجی بێ ئاگا و ناشارەزا و عاتیفی دەبنە سووتەمەنیی ئەو یارییە بۆگەنەی توندڕەوی، نەبوونی ئازادی و دادپەروەریش هۆکارێکی دیکەیە بۆ گەشەکردن و بڵاوبوونەوەی ئەو جۆرە بیرکردنەوانە**

**ئەگەر مامۆستایان و تەکیە و خانەقاکان نەبوونایە کە هەڵگری بیری میانڕەوین، بیری توندڕەوی و توندوتیژی لە کۆمەڵگەکەماندا زیاتر گەشەی دەکرد**




ئەتالیا ئۆمێر پرۆفیسۆری دیراساتی ئایین، ناکۆکی و ئاشتییە لە ئەنستیتوتی کرۆك بۆ دیراساتی ئاشتیی نێودەوڵەتی لە سکوولی کیۆف بۆ کاروبارە جیهانییەکان لە زانکۆی نۆتردام، لە زانکۆی هارڤارد بڕوانامەی دکتۆرای لە بواری ئایین و سیاسەت بەدەستهێناوە، لە توێژینەوەکانیدا بایەخ بە چەند پرسێکی گرنگ دەدات، لە نێویاندا (ئایین، توندوتیژی و بنیاتنانی ئاشتی، هەروەها تیۆر و میتۆدەکانی دیراساتی ئایینی). بە شێوەیەکی دیاریکراو شارەزا و تایبەتمەندە لە بوارەکانی ئایین، ناسیۆنالیزم، بنیاتنانی ئاشتی، وەرچەرخانی تەنگژە. گوڵان لە میانەی دیمانەیەکدا چەند پرسێکی لەگەڵدا تاوتوێ کرد، کە پەیوەست بوون بە پرسی ناسیۆنالیزم و هۆکارەکانی هەڵکشانی لە ماوەی ڕابردوودا لە سەر ئاستی جیهان و، چەند پرسێکی دیکەی پەیوەندیدار.

**ئەتالیا ئۆمێر**

**تایبەتمەندی بواری ناسیۆنالیزم بۆ گوڵان:**

# نایەکسانی لە سەر ئاستی جیهان بووەتە هۆی هاتنەئارای ناسیۆنالیزمێکی ڕاستڕەوی نالیبراڵی

*** چۆن پێناسەی ناسیۆنالیزم دەکەیت، و ئایا خەسڵەتە بنەڕەتییەکانی چین؟**

- ناسیۆنالیزم دیاردەیەکی مۆدێرنە و لە ڕووی بنەڕەت و تەشەنەکردنیەوە پەیوەندییەکی پتەوی بە بەرفراوانبوونی هێزە کۆلۆنیاڵییە مەسیحییە ڕۆژئاواییەکانەوە هەیە لە سەدەی ١٥، من وا تێگەیشتووم کە ناسیۆنالیزم بریتییە لە چیرۆکێك کە شەرعییەتێکی سیاسی دەستەبەر دەکات و، جەخت لەسەر کۆنترۆڵکردنی ژێرخانی دەوڵەت دەکاتەوە و، دواتر کار لەسەر بە کۆمەڵایەتیکردن و خۆبەرهەمهێنانەوە دەکات، لە ڕێی چەندین میکانیزمی جیاوازەوە.

*** ئەوەی ئاشکرایە ئەوەیە کە لەسەر ئاستی جیهان ناسیۆنالیزم لە هەڵکشاندایە، ئایا پاڵنەرە بنەڕەتییەکانی ئەم هەڵکشانە چین؟**

- من پێم وانییە مەسەلەکە ئەوە بێت کە ناسیۆنالیزم لە ناو چووبێت، بەڵکو ئەوەی لە ئێستادا بەدی دەکرێت، بریتیە لە دەرکەوتنەوەی فۆرمە نالیبراڵی و دوورەپەرێزکارەکان (هەرچەندە دەبێت ئەوەمان لەبەرچاو بێت، کە سەرجەم فۆرمەکانی ناسیۆنالیزم لە ڕووی هاوولاتیبونەوە ڕاددەیەکی دیاریکراوی لەخۆگرتن و دوورەپەرێزکردن لەخۆدەگرن، لە نێویاندا سنوورە زمانەوانییەکان) ئەوەی لەسەر ئاستی جیهان بۆتە هۆی دەرکەوتنی فۆرمێکی ناسیۆنالیزمی ڕاستڕەوی دوورەپەرێزکاری، بریتییە لەو نایەکسانییە قووڵەی لەسەر ئاستی جیهان بەهۆی سیاسەتە نیولیبراڵییەکانەوە هاتووەتەدی، شەپۆلی ئاوارە و پەنابەران، و گەشەکردنی کۆمەڵگە نامەسیحییەکان لە ئەورووپا و ئەمریکا، هەروەها

بوونی ئامرازەکانی وەك سۆشیال میدیا و زانیاریی چەواشەکارانە، بڵاوبوونەوەی ئاسانی تیۆرەکانی پیلانگێڕی.

*** هەندێ لە توێژەران ناسیۆنالیزم گرێ دەدەنەوە بە پۆپۆلیزم، یان ئەوەی پێی دەڵێن ناسیۆنالیزمی دەسەڵاتخوازی، تێڕوانینی ئێوە لەم بارەیەوە چییە؟**

- من دەمەوێت ئەوە بڵێم کە لە کاتێکدا مەرج نییە ناسیۆنالیزم پۆپۆلیزم دەسەڵاتخوازی، یان شۆڤینییەت لەخۆ بگرێت، بەڵام ئەوەی لەم چەند ساڵەی دواییدا بەدی دەکەین، بریتییە لە فۆرمێکی ناسیۆنالیزمی دژ بە دیموکراتی، فاشیستی و شۆڤێنی و تاکڕەوی کە چەند چەمکێکی خەیاڵکردی داڕشتووە، وەك «سەردەمی زێڕین»، ئەویش لە پێناو پاساوهێنانەوە بۆ ڕەوتە ڕەگەزپەرستییەکان و پراکتیزە داخراوەکان و (چیرۆکەکانی پەیوەست بەو هەڕەشانەی ڕووبەڕووی ڕۆژگارە کۆنە باشەکان بووەتەوە)، بۆ نموونە، وەك دروشمی «ئەمریکا مەزن بوو». ئەمەش هاوشانە بە گومانێك بەوەی دامەزراوەکان هەڵگری مەیلێکی خۆوێرانکارن. دەتوانین سەرنجی ئەم ڕەوتانە بدەین لە چەندین شوێنی جیاوازدا، کە دەبینین ناسیۆنالیستە ئیتنییە-ئایینییەکان زمان و دەستەواژەی یەکتر بەکار دەهێنن بۆ دەستنیشانکردن و بە ئامانجگرتنی دوژمنەکان لە ناوەوە و دەرەوە، بە دڵنیاییەوە هەر لە سەرەتاوە بە ئامانجگرتنی لایەنی دیکەی ناوخۆیی بەشێکی دانەبڕاو بووە لە ناسیۆنالیزمی مۆدێرن، بۆ نموونە، دادگاکانی پشکنین لە ئیسپانیا، ئامرازێك بوون بۆ بنیاتنانی نەتەوە.

*** ئایا پێت وایە ڕەوتی جیهانیبوون گەیشتووەتە دوا وێستگەی خۆی، یان پێچەوانە بووەتەوە و گەڕانەوە بۆ ناسیۆنالیزم بووەتە پەرەسەندنێکی حەتمی، لە ئەنجامی ناڕازیبوون، یان نائومێدی لە جیهانیبووندا؟**

- من پێم وایە بە جیهانیبوون لە ئارادا ماوە، بەڵام لە ڕێی سیستم و لۆژیکی نیولیبراڵیزمەوە درێژ بە خۆی دەدات، هەروەها چەندین ڕەوتی جیهانی هەن کە پەیوەستن بە دادگەریی کۆمەڵایەتییەوە، کە خاڵ دەخەنە سەر پیتەکان و شێوازە جیهانییەکانی باڵادەستی و ئیستیغلالکردن و، دەسەڵات ئاشکرا دەکەن.

*** ئەوانەی گوزارشتیان لە نیگەرانیی خۆیان کردووە لە بارەی سەرهەڵدانەوەی ناسیۆنالیزم، ئاماژە بەو ڕاستییە دەکەن کە لە ڕووی مێژووییەوە ناسیۆنالیزم کاولکاری بەدوای خۆیدا هێناوە، ئەمەش سەری کێشاوە بۆ شەڕی وێرانکار و چەوساندنەوەی کەمینەکان و لەناوبردنی دیموکراسی، ئایا پێت وایە ئەمانە بانگەشەی ڕاست و دروستن، یان زیادەڕەوی لەخۆ دەگرن؟**

- ئەمانە بانگەشەی گەورەن، بەڵام ئیشکالییەتیش لەخۆ دەگرن، چوارچێوەی دەوڵەتی نەتەوەیی یەك شت نییە و هەروەها ئەگەری ئەوە هەیە، مایەی قووڵکردنەوەی مافەکانی مرۆڤ بن، من هەمیشە دەگەڕێمەوە بۆ قسەکانی هانا ئارێنت، گەورە فەیلەسوفی جوولەکەی ئەڵمانی کە لە میانەی جەنگی دووەمی جیهاندا، پەنابەرێکی بێ ڕەگەزنامە بوو، ئاماژە بەوە دەکات، بابەتێك هەیە پەیوەستە بە مافی هەبوونی مافەکانەوە، کە لە ڕۆژگاری هاوچەرخدا لە چوارچێوەی دەوڵەتی نەتەوەییدا بەدی دێت، پێم وایە دەکرێت گفتوگۆ لە بارەی ماناکانی هاووڵاتیبوون و ئینتیماوە بکەین، کە مەرج نییە داخراو و توندوتیژ بن و، ئەو خەڵکانەی بە هۆی گوتاری ناسیۆنالیستییەوە دوچاری پەراوێزخستن بوونەوە، دەبێت چارەسەری ئەو ناڕەوایەتییانەیان بۆ بکرێت، کە لە ڕووی مێژووییەوە دووچاری بوونەتەوە.

*** هەندێك لە توێژەران باس لە ناسیۆنالیزمی داخراو دەکەن، پێناسەی ئێوە بۆ ئەم جۆرە ناسیۆنالیزمە چییە و، ئایا پێت وایە ئەمە بووەتە هۆی ئەوەی کە هەندێ لە دەوڵەتان سیاسەتێکی دەرەکیی گۆشەگیر بگرنەبەر؟**

- من گریمانەی ئەوە دەکەم کە ئێوە مەبەستتان لە پێکەوەژیانی گوتارێکی ناسیۆنالیستیی داخراوە لەلایەك و، سیاسەتی نیولیبراڵی- کە سوود بە نوخبەیەکی ئابووری دەگەیەنێت- لەلایەکی دیکەوە، ئەمە ئەو دۆخەیە کە لە پەیوەندی بە تەوژمێك کە پێی دەڵێن کەسێکی بەهێز لە ئێستادا ئێمە ڕووبەڕووی دەبینەوە، کە ئاماژە بە نارێندرا مۆدی و دۆناڵد ترەمپ دەکرا لەم

**ناسیۆنالیزم بریتییە لە چیرۆکێک کە شەرعییەتێکی سیاسی دەستەبەر دەکات و، جەخت لەسەر کۆنترۆڵکردنی ژێرخانی دەوڵەت دەکاتەوە**

**ئەوەی لەم چەند ساڵەی دواییدا بەدی دەکەین، بریتییە لە فۆرمێکی ناسیۆنالیزمی دژ بە دیموکراتی، فاشیستی و شۆڤێنی و تاکڕەوی کە چەند چەمکێکی خەیاڵکردی داڕشتووە**

**هەر لە سەرەتاوە بە ئامانجگرتنی لایەنی دیکەی ناوخۆیی بەشێکی دانەبڕاو بووە لە ناسیۆنالیزمی مۆدێرن، بۆ نموونە، دادگاکانی پشکنین لە ئیسپانیا، ئامرازێک بوون بۆ بنیاتنانی نەتەوە**

ڕووەوە، لەگەڵ سوودوەرگرتنیان لە سیاسەتە نیولیبراڵییە جیهانییەکان، زۆرێك لەو کەسانەی دەنگیان پێدان، لەسەر بنەمای گوتارێکی ڕەگەزپەرستی بوو، بۆ بە ئامانجگرتنی «ئەوانی دیکەی» نێو کۆمەڵگە (بە تایبەتی موسڵمانەکان) کە بەهۆی سیستمی ئابووریی جیهانگەراییەوە لە پێگەیەکی تەواو لاوازدان.

*** ئێوە هاونووسەری کتێبی «ناسیۆنالیزمی ئایینی»ن، دەمانەوێت پرسیاری ئەوە بکەین، ئێوە چۆن پێناسەی ئەم چەمکە دەکەن و چۆن لە کارلێکی نێوان ئایین و ناسیۆنالیزم دەڕوانن؟ ئایا یەکتری بەهێز دەکەن، یان دژ بە یەکترن؟**

- بەڵێ، ئەم دووانە گرێدراون لەگەڵ یەکدا، هەروەك لەو نموونەیەی سەرەوەدا لە بارەی دروستبوونی ناسیۆنالیزمەوە ئاماژەم پێ کرد، بەهۆی دادگاکانی پشکنینەوە، کە سرووشتێکی ئایینی هەبوو، دواتر سەرهەڵدانی ناسیۆنالیزم وەك پرۆژەیەکی سیاسیی ڕۆژگاری مۆدێرنیتە، هاوشان بوو بەوەی ئایین پێگە سەنتراڵییەکەی لەدەست دا، بۆ دارشتنی سەرجەم لایەنەکانی ژیانی کۆمەڵایەتی و سیاسی لە ئەورووپا، لەگەڵ ئەوەشدا هێشتا چەمکی «عەلمانی» خاڵی نییە لە ئایین، بەڵکو بە شێوەیەکی ئینتیقائی بووەتە پێکهێنەری.

*** ئەوە ڕوونە کە پرسی ئایین بە قووڵی ڕۆچووەتە نێو کێشە و ناکۆکیی نێوان فەلەستین و ئیسرائیلەوە، ئێوە چۆن لەم پرسە دەڕوانن و، ئایا پێتان وانییە ئەمە فاکتەرێك بوویێت بۆ زیاتر ئاڵۆزکردن و قووڵکردنەوەی ناکۆکییەکە؟**

- ئەگەر وەڵامێکی کورتی ئەم پرسیارە بدەینەوە، ئەوا دەتوانین بڵێین: بەڵێ، چونکە ئەوەی ئاشکرایە و ئەوەی بەدی دەکرێت ئەوەیە کە تەنانەت ڕاڤەکردن و لێکدانەوەی عەلمانی بۆ ناسیۆنالیزمی ئیسرائیلی، بەندە بە گەڕانەوە بۆ نێو دەقەکانی تەورات و ڕاڤەکردنی ئینتیقائییانەی مێژووی جوو، بە تێپەڕبوونی ساڵ و بە جێگیربوونی داگیرکارییەکە ئەوا مشتومڕەکان بۆ پاساوهێنانەوە و شەرعییەتدان بە توندوتیژی، بەردەوام دژ بە فەلەستینییەکان زیاتر و زیاتر بەرگ و لێکدانەوەیەکی یەهودیی بە بەردا کرا، لە ئێستاشدا ڕێکخراوە بە ناوبانگەکانی مافەکانی مرۆڤ لەسەر بنەمای باڵادەستی جوولەکە باروودۆخەکە بە «ئەپارتهاید» وەسف دەکەن، لەگەڵ ئەوەشدا ئەمە بە مانای ئەوە نایەت کە هەموو شتێك لە ڕوانگەیەکی تێڕوانینە یەهودییەکەوە ئەنجام دەدرێت، بەڵکو مەسەلەکە ئەوەیە کە هەموو شتێك لە ژێر سایەی سیستمێکدا ئەنجام دەدرێت، کە فەزڵی جوولەکە دەدات بەسەر کەسانی ناجوولەکەدا (دووبارە ئەمە پەیوەندیی ئاڵۆزی نێوان یەهودییەت و ئیتنییەت و سیاسەت و نەریتە ئایینییەکان دەخاتەڕوو)، هەروەها ڕەهەندێکی دیکەی زەقی ئایینی هەیە، کە کاریگەریی هەبووە لەسەر ڕەوتی پەرەسەندنەکان، ئەمەش ڕۆڵی زایۆنیزمی مەسیحی لەخۆ دەگرێت، لەم کەیسەدا، ئایین پەیوەندییەکی تەواوی هەیە بە شرۆڤەکردنی ڕەهەند و پەرەسەندنە سیاسییەکانەوە، هاوشان بە واقیعی کۆڵۆنیاڵی، داگیرکاری و چۆنیەتی تێکەڵبوونی دەسەڵات بەم پرۆسانە، بە درێژایی چەندین دەیە، هەروەها پرسی دژە سامیبوونیش لە ئارادایە، کە بەهۆی ئەو جینۆسایدەوە دروست بوو، کە ڕووبەڕووی جوولەکە بووەوە لە سەروەختی جەنگی دووەمی جیهانیدا، کە بووە هۆی چەسپاندن و جێگیرکردنی پرۆژەی سیاسی ئیسرائیل لەسەر حیسابی فەلەستینییەکان، لەم ڕوانگەیەوە ئێمە ناتوانین بە بێ شرۆڤەکردنی ئەوەی کە چۆن ڕەگ و ریشەی هەیە لە نێو توندوتیژیی مەسیحییەتی تەقلیدی لە دژی جوولەکە، لە دژە سامیبوونی هاوچەرخ تێبگەین.

*** بۆچوونت چییە لەبارەی چەمکی ناسیۆنالیزمی مەسیحی بەتایبەتی لە ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا، کە هەندێ لە توێژەران پێیان وایە ئەمە بووەتە هۆی زیانگەیاندن بە بیروباوەڕی مەسیحی و لاوازکردنی دیموکراسییەتی ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا؟**

-لە ڕاستیدا زۆرێك لەو خاڵانەی لەسەرەوە ئاماژەم پێ کردن، لە پەیوەندی بە پۆپۆلیزمی ڕاستڕەوەوە، بەسەر ئەم چەمکەشدا جێبەجێ دەبێت، دامەزراوە دیموکراتییەکان دووچاری داخوڕان بوونەتەوە و پانتاییە دیموکراتییەکانیش بەرتەسك دەبنەوە .

**به جیهانیبوون له ئارادا ماوه، بەڵام له ڕێی سیستم و لۆژیکی نیولیبراڵیزمەوه درێژ به خۆی دەدات**

**هێشتا چەمکی «عەلمانی» خاڵی نییە لە ئایین، بەڵکو بە شێوەیەکی ئینتیقائی بووەتە پێکهێنەری**

**دامەزراوە دیموکراتییەکان دووچاری داخوڕان بوونەتەوە و پانتاییە دیموکراتییەکانیش بەرتەسک دەبنەوە**



**مووسا خەمۆ**

ئەندامی پێشووی پەکەکە بۆ گوڵان:

# دەبوو پەکەکە هاوکاری هەرێمی کوردستان بووایە نەک ببێتە بارگرانی بەسەریەوە

## کردەوەکانی دۆران کالکان پێچەوانەی قسەکانیەتی

**ئاشکرایە ڕەفتار و کردەوەکانی پەکەکە نەك هەر ناچنە خانەی خزمەتکردن بە بەرژەوەندییەکانی کوردەوە، بەڵکو کاریگەریی نەخوازراویان هەیە لەسەر کێشەی کورد بەگشتی و لەسەر هەلومەرجی هەرێمی کوردستان بەتایبەتی، هۆکاری ئەم هەڵوێست و کردەوانەی پەکەکە و چەندین پرسی دیکە پەیوەندیدار بوونە تەوەری دیدارێکی گۆڤاری گوڵان لەگەڵ مووسا خەمۆ ئەندامی پێشووی پەکەکە.**

*** دوای ئەوەی چەکدارانی پەکەکە چەندین پێشمەرگەی کوردستانیان شەهید کرد، ئێستا دۆران کالکان باس لە نیشتمانپەروەری و کوردایەتی دەکات و، پاکانە بۆ تاوانەکانی سەرانی قەندیل دەکات، بە ڕای ئێوە کەسێکی وەك دۆران کالکان بۆچی بێ باکانە ئاگری شەڕی کورد- کورد خۆش دەکات؟**

- ئەوەندەی من ئەو کەسایەتیەم ناسیبێت، ئەوا هەموو تەمەنی لە نێو شەڕدا بەسەر بردووە، ئەو ناتوانێت بێ شەڕ ژیانی خۆی بەسەر ببات، بەڵام کێشەکە ئەوەیە ئەگەر ئەم شەڕە بگۆڕێت بۆ شەڕی کورد دژ بە کورد، ئەمە مەترسییەکەیە، بەتایبەتی کە ئێستا هەرێمی کوردستان بە بارودۆخێکی هەستیاردا تێدەپەڕێت. خۆ ئەگەر ئێمە بێینە سەر باسی قسەکانی دۆران کالکان، ئەوا ناتوانین بزانین لە نێو دڵ و دەروونی ئەودا چی هەیە و نییەتی ڕاستەقینەی ئەو چییە، بەڵام ئەوەی لە کردەوە و هەڵسوکەوتەکانی بەدی دەکرێت، ئەوەیە کە ئەو واقیع و پێگەی یاسایی و دەستووریی هەرێمی کوردستانی قبووڵ نەکردووە، لە کاتێکدا دەستووری عێراق پێگەی یاسایی بەم هەرێمە بەخشیوە و وڵاتانی دنیاش مامەڵەی لەگەڵدا دەکەن. مەبەستم ئەوەیە ئەگەر دۆران کالکان ڕاشیبگەیەنێت کە هەرێمی کوردستانی قبووڵ کردووە، ئەوا کردەوەکانی پێچەوانەی قسەکانیەتی.

*** دیسان سەرانی پەکەکەی قەندیل بۆ شاردنەوەی شکستەکانیان و بێ دەسەڵاتییان لەوەی لە باکوور خەباتی چەکداری بکەن، باس لەوە دەکەن، ئەو شوێنانەی ئێستا چەکدارانی پەکەکەی لێیە، ناوچەی گەریلان و هێزی پێشمەرگە نابێت بچێتە ئەو شوێنانە، پرسیار لێرەدا ئەوەیە، ئایا دەکرێت پەکەکە بەشێکی هەرێمی کوردستان قۆرغ بکات لە پێشمەرگە؟ هەروەها ئایا ئەم بانگەشەیەی سەرانی پەکەکە هەر خۆی دەستڕاکێشانی هێزەکانی تورکیا بۆ ناو هەرێمی کوردستان نییە؟**

- ئێمە دەبێت ئەو ڕاستییە لەبەرچاو بگرین کە هەرێمی کوردستان سەرکردایەتی و دامەزراوەی حوکمڕانیی خۆی هەیە و، ناشێت و ناکرێت و کارێکی نالۆژیکە پەکەکە بێت و بانگەشەی ئەوە بکات کە ناوچەکانی هەرێمی کوردستان گۆڕەپانی خەبات و تێکۆشانی ئەوە، هەروەها ئەوەش ناڕاستە کە ئەوان بانگەشەی ئەوە دەکەن کە ئەوان هەندێ ناوچەیان ڕزگار کردووە لە نێو ئەم هەرێمەدا. لەبەر ئەوە پێم وایە کاری لۆژیکی ئەوەیە پەکەکە بارودۆخ و پێگەی هەرێمی کوردستان لەبەرچاو بگرێت و ڕێگە بدات پێشمەرگە لەو ناوچانەدا جێگیر بێت و خۆیشی هاوکار بێت لەم ڕووەوە. من دووپاتی دەکەمەوە کە باشترە پەکەکە ئەوە قبووڵ بکات کە لە هەرێمی کوردستاندا سەرکردایەتی و حوکمڕانی هەیە و ئەم هەرێمە سنووری خۆی هەیە. دواتر ئێمە ئەوە بەدی دەکەین کە خەباتی پەکەکە لە تورکیا زۆر لاواز بووە و هەموو شەڕەکەیان هێناوەتە کوردستان، بەوەش دەبینین خەڵکی کوردستان لەم شەڕانەدا زەرەرمەند بووە. لەبەر ئەوە پێم وایە دەبێت پەکەکە بچێت لە ناوچەکانی خۆیدا بەرخودان بکات و پێش بە سوپای تورکیا بگرێت، مەبەستم ئەوەیە گۆڕەپانی شەڕەکەی خۆی لە تورکیادا بووایە و وەك باری سەر شانی هەرێمی کوردستانی سووك نەکردووە، ئەوا نەبوایەتە بارگرانییش بەسەر ئەم هەرێمەوە، چونکە ئەگەر مەترسییەك ڕوو لەم هەرێمە بکات، هەمووان تێیدا زەرەمەند دەبن.

**خەباتی پەکەکە لە تورکیا زۆر لاواز بووە و هەموو شەڕەکەیان هێناوەتە کوردستان، بەوەش دەبینین خەڵکی کوردستان لەم شەڕانەدا زەرەرمەند بووە.**

پەکەکە سوودی لەو بڕیارەی جەنابی سەرۆک بارزانی وەرگرتووە کە شەڕی کورد بە کوردی حەرام کردووە، لە کاتێکدا دەبوو پەکەکە بە نییەتپاکییەوە مامەڵەی لەگەڵ ئەم بڕیارەدا بکردایە و کەڵکی خراپی لێوەرنەگرتایە

ئەگەر پەکەکە باوەڕی بە سەربەخۆیی کوردستان نەمابێت، ئەوا نابێت هەوڵی بەرەنگاربوونەوەی بیروباوەڕی ئەو کەسانە بدات کە کار بۆ سەربەخۆیی کوردستان دەکەن

پەکەکە باس لە برایەتیی نێوان گەلان دەکات، بەڵام خۆ دەبێت سەرەتا تۆ میللەتەکەی خۆت ڕزگار کردبێت

*** سەرۆک بارزانی بڕیاری داوە کە شەڕی کورد- کورد لە کوردستان نەکرێت و کێشەکان بە دیالۆگ چارەسەر بکرێن، بەڵام پەکەکە لەبری ئەوەی بە دیالۆگ و لێکتێگەیشتن ئەم کێشەیە چارەسەر بکات و هاوکار بێت بۆ ئەوەی سوپای تورکیا لە باشوور نەمێنێت، هێندەی دیکە زەمینە بۆ هاتنە ناوەی سوپای تورکیا خۆش دەکات، ئایا ئەم ئاراستەیەی پەکەکە خزمەتی بزاڤی ڕزگاریخوازیی کوردستان دەکات؟**

- من پێم وایە پەکەکە سوودی لەو بڕیارەی جەنابی سەرۆك بارزانی وەرگرتووە کە شەڕی کورد بە کوردی حەرام کردووە، لە کاتێکدا دەبوو پەکەکە بە نییەتپاکییەوە مامەڵەی لەگەڵ ئەم بڕیارەدا بکردایە و کەڵکی خراپی لێوەرنەگرتایە. کێشەکە ئەوەیە پەکەکەش بانگەشەی ئەوە دەکات کە ئەوان ناخوازن ئەم شەڕە دروست بێت، بەڵام لە کردەوەدا زەمینەخۆشکردن بەدی دەکرێت. ئەوە لەبەرچاو ناگیرێت کە ئەم هەرێمی کوردستانەی بەدی هاتووە، خەون و ئاواتی لە مێژینەوەی گەلی کورد بووە، چونکە پێشتر دەوترا دروستبوونی حوکمڕانی کوردی و بوونی کوردستان کە لەلایەن سەرکردایەتیی کوردەوە بەڕێوە ببردرێت، خەیاڵە، ئێستا کە هاتووەتەدی ئەوا ئەگەر ڕووبەڕووی مەترسی ببێتەوە، ئێمە زیانێکی گەورە دەکەین. لەبەر ئەوە دەبێت هەوڵ بدەین وەك چاوی خۆمان پارێزگاری لەم هەرێمە بکەین.

*** ئەوەی ئێستا دەیبینین ئەوەیە کە پەکەکە هەرێمی کوردستانی کردووە بە گۆڕەپانی شەڕ و ڕۆژانە هێزەکانی تورکیا بە بیانووی بوونی پەکەکە گوندەکانی کوردستان بۆمباران دەکەن، پرسیاری گرنگ لێرەدا ئەوەیە ئەگەر پەکەکە دەیەوێت شەڕی تورکیا بکات، بۆ لەناو کوردستانی تورکیا نایکات، خۆ چیاکانی کوردستانی تورکیا لە چیاکانی هەرێمی کوردستان سەختترن؟**

- من پێشتریش ئاماژەم بەوە کرد کە بوون و پێگەی پەکەکە لە تورکیا لاواز بووە، ئەگەر پێشتر لە شوێنێك ١٠٠٠ کەسی هەبوایە کاری بۆ بکردایە، ئێستا ١٠ کەسی ماوەتەوە. بەتایبەتی لە شەڕی خەندەقیشدا دوچاری تێکشکان بوون. دواتر ئەوەی پەکەکە لە هەرێمی کوردستان دەیکات لە بەرژەوەندیی ئەم هەرێمە نییە و دەبێتەهۆی زیانگەیاندن بەم هەرێمە و ئەمەش بە قازانجی بەرژەوەندییەکانی دوژمنەکانمان دەشکێتەوە.

*** ماوەی زیاتر لە یەك مانگە تورکیا هاتووەتە ناو خاکی هەرێمی کوردستان و بە حیساب شەڕی پەکەکە دەکات، بەڵام بێجگە لە کاولکردنی گوندەکان و زیاتر هاتنە ناوەوەی بۆ ناو خاکی کوردستان، دەبینین هیچ لایەك نە پەکەکە و نە هێزەکانی تورکیا زیانێکی ئەوتۆیان نییە، ئایا ئەمە لە سیناریۆیەکی ئیقلیمی ناچێت دژی هەرێمی کوردستان کە بە دەستی پەکەکە جێبەجێی دەکەن؟**

- ئەوە ڕاستە کە زیانی گەورە بەر خەڵکی کوردستان و بەر کەسانی مەدەنی کەوتووە، دواتر دەبێت ئێمە ئەو ڕاستییەمان لەبەرچاو بێت کە هەموو دوژمنەکانی کورد هەوڵ دەدەن و دەیانەوێت ئەو دۆخەی بۆ کورد لەم هەرێمەدا دروست بووە، زیانی بەربکەوێت و خەونی کورد لاواز ببێت.

*** پەکەکە خۆی ڕایگەیاندووە کە بڕوای بە سەربەخۆیی کوردستان نییە و ئامانجی ئەو دەوڵەتی کوردستان نییە، پرسیار لێرەدا ئەوەیە کە ئامانجی سەربەخۆیی نییە، بۆچی ئەم هەموو کوڕ و کچەی کوردستان بە کوشتن دەدات؟**

- ئێمە دەزانین کە هێشتا خەڵکانێك هەن کە باوەڕیان بە سەربەخۆیی هەرێمی کوردستان هەیە و پێیان وایە ئەگەر لە ئێستاشدا بەدی نەهاتبێت ئەوا لە ئایندەدا ئەو خەونە هەر دێتەدی. خۆ ئەگەر پەکەکە باوەڕی بە سەربەخۆیی کوردستان نەمابێت، ئەوا نابێت هەوڵی بەرەنگاربوونەوەی بیروباوەڕی ئەو کەسانە بدات کە کار بۆ سەربەخۆیی کوردستان دەکەن، مەبەستم ئەوەیە میللەتێکی مەزن هەیە کە هەزاران ساڵە خەبات بۆ سەربەخۆبوونی کوردستان دەکات، بەڵام خۆ پەکەکە نەیشاردووەتەوە کە سەربەخۆیی کوردستان ناخوازێت، بەڵام خۆ کەسانێك هەن دەیانەوێت بە چەشنی میللەتانی دنیا کورد



خاوەنی دەوڵەتی خۆی بێت. پەکەکە باس لە برایەتیی نێوان گەلان دەکات، بەڵام خۆ دەبێت سەرەتا تۆ میللەتەکەی خۆت ڕزگار کردبێت.

*** پەکەکە بەهۆی ئەوەی لەگەڵ ڕەوتی سیاسەتی جیهانی ناڕوات، بزووتنەوەی ڕزگاریخوازیی کوردستانی بە کردەوەکانی ناشیرین کردووە، بۆچی پەکەکە هەموو ئامانجی ئەوەیە بزووتنەوەی ڕزگاریخوازیی کوردستان ناشیرین بکات؟**


- کێشەکە ئەوەیە کە پەکەکە پێی وایە ئەگەر حزب و لایەنێك هەبێت لە کوردستاندا ئەوا دەبێت ئەو بێ، بە واتایەکی دیکە پێی وایە ئەگەر پەکەکە نەبێت، ئەوا نابێت کەس و لایەنی دیکە هەبن و ئەوە لەبەرچاو ناگرێت کە چەندین حزبی دیکە هەن کە چەندین ساڵە خەبات دەکەن و بە هەزاران قوربانییان داوە، بەڵام ئەوەی لە پەکەکە بەدی دەکرێت بریتییە لە ڕەتکردنەوەی لایەنەکانی دیکە و هەوڵدان بۆ ناشیرینکردنیان.

*** بە رای ئێوە ئەم ئاراستەی پەکەکە بۆ ڕێگرتن لەوەی کوردانی باشوور و ڕۆژئاوا بگەنە ئامانجی خۆیان بۆچی دەگەڕێتەوە؟ بۆچی پەکەکە بە دژی بەرژەوەندییەکانی باشوور و ڕۆژئاوا ڕەفتار دەکات؟**

- من پێم وایە ئەگەر پەکەکە خوازیاری ئەوەش بێت کە کورد پێکەوە کاربکات، ئەوا باوەڕی وایە دەبێت ڕێبەرایەتی لە دەستی خۆیدا بێت، واتە ئەگەر ڕێبەرایەتیی ئەم پرسە لە دەستی پەکەکەدا نەبێت، ئەوا هەوڵدەدەن کە لەدەستی کەسی دیکەشدا نەبێت. بە کورتی پەکەکە دەڵێت ئەگەر من هیچم پێ ناکرێت، ئەوا ڕێگە نادەم کەس و لایەنی دیکەش هیچ کارێکی دیکە بکات. بەڵام ڕاستییەکە ئەوەیە کە ئەم کارە بە پەکەکە ناکرێت و دەبێت ڕێگا بە لایەنەکانی دیکە بدات ئەم کارە بکەن. خۆ ئەگەر دەستکەوتێکیش بەدی هات، ئەوا پەکەکە دێت و دەڵێت دەبێت منیش هاوبەشی پێبکەن، ئەگەرنا من دژایەتی دەکەم. بەڵام دەبێت پەکەکە ئەو ڕاستیەی لەبەرچاو بێت کە ئەو لە تورکیا سەریهەڵدا و دەبوو مەیدانی خەباتەکەی لەوێ بێت و کار بۆ کوردی تورکیا بکات.



# گەشتیارێکی زۆر و بەبازاڕکردنێکی لاوازی بەرهەمی خۆماڵی



**ئەمەل جەلال**

**سەرۆکی دەستەی گەشتوگوزاری هەرێمی کوردستان:**

## لە براند و بە بازاڕکردن لە کەرتی گەشتیاریدا زۆر هەژارین و، نەمانتوانیوە کەلەپوور و کەرەستە و بەروبوومەکانی خۆمان بە دنیای دەرەوە بناسێنین



**شوکر عەزیز**

**جێگری سەرۆکی میوانخانە و چێشتخانەکانی هەولێر:**

## بەرهەمی خۆماڵی و کاری دەستی لە ناوچە گەشتیارییەکان و مۆڵ و مارکێتە گەورەکاندا، بە پێی پێویست گرنگیی پێ نەدراوە

لەگەڵ بوونی ژینگە و بنەمای باشی گەشتوگوزاری و زیاد لە ٧٠٠ هوتێل و ٥٢ گوندی گەشتیاری و سەدان شوێنی گەشتیاری و مۆتێل و مارکێتی گەورەو شوێنی یاری، کەچی وەکو پێویست گرنگی بە ناساندنی کولتوور و شارستانییەتی کوردستان و بەرهەمی خۆماڵی نەدراوە، بەرزبوونەوەی ژمارەی گەشتیاران ساڵانە بۆ نزیکەی چوار ملیۆن گەشتیار لە هەرێمی کوردستاندا، وای نەکردووە ئەو هەموو بەرهەمی خۆماڵی و میوەجات و کەرەستە و کەلوپەلی کولتوورییە، بازاڕێکی بۆ بدۆزرێتەوە، ئەوەی هەشە، بەرهەمی وڵاتانی دەوروبەر و چینی و بیانییە، ئاخر هاووڵاتییەکی عەرەب لە باشوری عێراقەوە دێت، بەرهەمەکەی خۆی پێ دەفرۆشرێتەوە، کوردێك کە دەچێتە دەرەوەی وڵات لە فرۆکەخانەکان بەرهەمی خۆماڵی تێدا نییە، تاوەکو بە یادگاری بۆ دەرەوەی وڵات سوودی لێ وەربگرێت، ژمارەیەکی زۆری گەشتیار لە هەرێمی کوردستاندا هەن و، بازاڕێکی گەرمی ساخکردنەوەی کاڵاو کەرەستەی وڵاتانی دەوروبەرمان هەیە، خۆ ئەگەر بێتو بەتێکڕا گەشتیارێکی شارەکانی دیکەی عێراق تەنیا ٣٠٠ دۆلار خەرج بکات و، ئەم ژمارەیە لە ساڵێکدا نزیکەی چوار ملیۆن کەس بێت، دەبێت چی بازاڕێك بۆ ساخکردنەوەی بەرهەمی خۆماڵی دروست ببێت؟

ئەوەی تێبینی دەکرێت ئەگەرچی پلانی پەرەپێدانی گەشتوگوزاری هەیە، بەڵام ئاراستەیەکی ستراتیژیی بەرە و بەرزکردنەوەی داهاتی گەشتیاری نییە، ئەمەش پێویستی بە هەماهەنگی و هاوکاریی ژمارەیەکی زۆری وەزارەت و لایەنە پەیوەندارەکان هەیە، بۆ ئەوەی جگە لە هەڵکشانی ژمارەی گەشتیاران و بوونی هوتێل و خواردن و هاتوچۆ، گرنگی بە بازاڕکردنیشیان بدرێت و، بە کەرتەکانی (کشتوکاڵ و بازرگانی و پیشەسازی و کولتووری ببەسترێنەوە)، لە ئێستادا بە دەگمەن بەرهەمی خۆماڵی لە ناوچە گەشتیارییەکان و مارکێت و هوتێلەکاندا دەبینرێت، ئەوەی هەشە لە ئاستێکی کوالێتی نزم و خراپدایە و، براندی جیهانی نییە و، لەبواری براندینگ بۆ گەشتیاران زۆر هەژارین و نەمانتوانیوە کەرەستە و بەروبوومەکانی خۆمان بە دنیای دەرەوە بناسێنین.

بۆ قسەکردن لەسەر ئەم پرسە چەند پرسیارێکمان ئاراستەی ئەمەل جەلال سەرۆکی دەستەی گەشتوگوزاری هەرێمی کوردستان کرد، سەرەتا سەبارەت بە رەگەزەکانی گەشتوگوزاری و بنەماکانی ئەم کەرتە گرنگە گوتی: «گەشتوگوزار و کەرتی گەشتیاری لە هەرێمی کوردستان خاوەن سێکتەری جۆراوجۆر و فراوانە، کە گرنگترینیان بریتییە لە گەشتوگوزار (هاوینە و زستانە و ئایینی و شوێنەوار و سەرکێشی سەر چیا و گەشتیاریی چارەسەری و تەندروستی و زانستی و خوێندن و کولتووری و کشتوکاڵی و...تا دوایی)، ئەمانەش هەمووی بنەمای مێژوویی و کولتووری و ژینگەیی و ئاووهەوا و میواندۆستی و چەندین بنەمای هەیە. وەکو دەستەی گەشتوگوزار بۆ هەریەك لە سێکتەر جۆراوجۆرەکانی گەشتوگوزار، هاتووین لەگەڵ وەزارەت و لایەنە پەیوەندارەکان، بەتایبەتی دەستەی وەبەرهێنان کارمان کردووە، بۆ ئەوەی لە هەرێمی

**لەگەڵ دەستەی وەبەرهێنان کار دەکەین بۆ دامەزراندنی چەندین شوێنی گەشتیاری و پەرەپێدانیان و، دروستکردنی شوێنی حەوانەوە و هۆتێل و کافتریا و شوێنی یاری**

**کوردستان بە سەدان ناوچەی شوێنەواری تێدایە، کە بەداخەوە بە هۆی نەبوونی توانای دارایی، وەکو پێویست ئاوڕی لێ نەدراوەتەوە**

**ئێمە لە دەستەی گەشتوگوزار لە سەر ئەو بنەمایە کار دەکەین، کە گەشتوگوزار ببێتە بنەمایەکی سەرەکیی فرەچەشنکردنی داهات و، جۆراوجۆرکردنی ئابووری**

**دەمانەوێت هاوشێوەی وڵاتانی گەشتیاریی پێشکەوتوو، مۆزەخانە و ڕێبەری گەشتیاریی تایبەت بەخۆمان بۆ هەموو شوێنەوار و ناوچە گەشتیارییەکان هەبێت و، کۆنفرانسی حیواری ئایینەکان ئەنجام بدەین**

**کاتێک گەشتیاری خۆمان دەیەوێت بچێتە وڵاتانی بیانی و دەیەوێت دیاری لەگەڵ خۆیدا ببات، دیارییەکی ئێرانی و چینی و تورکی لەگەڵ خۆیدا دەبات، چونکە ئەو براندانەی لە کوردستان نییە**

کوردستاندا ژینگەیەکی لەبار و گونجاو دروست بکەین، بۆ پێشخستن و پەرەپێدانی سەرجەم ئەم بوارانە، بۆ نموونە لەگەڵ دەستەی وەبەرهێنان کار دەکەین بۆ دامەزراندنی چەندین شوێنی گەشتیاری و پەرەپێدانیان و، دروستکردنی شوێنی حەوانەوە و هۆتێل و کافتریا و شوێنی یاری، هەروەکو چۆن هاتووین لەگەڵ وەزارەتی خوێندنی باڵا کار لەسەر ئەوە دەکەین سوود لە هاتنی خوێندکارانی بیانی وەربگرین، ئەم حاڵەتە بۆ کەرتی تەندروستیش بەهەمان شێوەیە، بۆ پەرەپێدانی کەرتی گەشتوگوزاریی شوێنەوار و ئایینیش بە هەمان شێوە، کوردستان بە سەدان ناوچەی شوێنەواری تێدایە، کە بەداخەوە بە هۆی نەبوونی توانای دارایی، وەکو پێویست ئاوڕی لێ نەدراوەتەوە، تەنانەت لە ڕووی کەرتی گەشتوگوزاریی ئایینیش خاوەنی چەندین پەرستگا و شوێنی پیرۆزی ئایینین، کە گۆڕی پێغەمبەران و کەسایەتییەکانی تەریقەت و ئایین و ئایینزا و پیاوچاکانی تێدایە، ئەمە وێڕای گەشتوگوزاری هاوینە و زستانە».

بوونی ئەم بنەما و فاکتەرانە وای کردووە ژمارەی گەشتیاران لە هەرێمی کوردستان زیاد بێت، بەڵام تا چ ڕاددەیەك زیادبوونی ژمارەی گەشتیاران سوودی بۆ بووژاندنەوەی کاری کاسبکاران و هوتێل و میوانخانە و کافتریا و شوێنە گەشتیارییەکان هەبووە؟ لەم بارەیەوە سەرۆکی دەستەی گەشتوگوزار گوتی: «خۆی لە خۆیدا هاتنی گەشتیاران واتا بووژانەوەی بازاڕ و جموجووڵی بازرگانی و دۆزینەوەی هەلی کار بۆ ژمارەیەکی زۆری گەنجەکان، ئێمە لە دەستەی گەشتوگوزار لە سەر ئەو بنەمایە کار دەکەین، کە گەشتوگوزار ببێتە بنەمایەکی سەرەکیی فرەچەشنکردنی داهات و، جۆراوجۆرکردنی ئابووری، لێرەدا تەنیا نموونەیەکی کەرتی گەشتیاریی ئایینی باس دەکەم، کە کڵێسەکانی ئەورووپا ساڵانە سەدان ملیۆن دۆلاریان لێی دەست دەکەوێت، تەنیا بە سەردانیکردنی گەشتیاران بۆ کڵێسا مێژووییەکانیان، لە وڵاتێکی وەکو سعودییەش لە هەردوو فەریزەی حەج و عەمرە، داهاتی دوو ساڵی خەرجی وڵاتەکەیان مسۆگەر دەکەن، لە نەجەف و کەربەلا تەنیا لە سەردانیکەرانی شیعەدا بۆ مزگەوت و ناوچە پیرۆزەکانیان، بازاڕی ئەو دوو شارە دەبووژێتەوە و سەدان هەلی کار بۆ گەنجەکان دەڕەخسێت.

ئێمە لە ناوچە سنوورییەکان و شاخاوییەکان بە دەیان ئاوی گەڕاومان هەیە، کە دەکرێت بەهۆی سەردانیکەرانەوە، ببێتە سەرچاوەی داهاتێکی گەورە بۆ هاووڵاتیان، لەگەڵ وەزارەتەکانیشدا کار بۆ باشکردنی ڕێگاوبانی شوێنە گەشتیارییەکان دەکەین و، دەمانەوێت هاوشێوەی وڵاتانی گەشتیاریی پێشکەوتوو، مۆزەخانە و ڕێبەری گەشتیاریی تایبەت بەخۆمان بۆ هەموو شوێنەوار و ناوچە گەشتیارییەکان هەبێت و، کۆنفرانسی حیواری ئایینەکان ئەنجام بدەین، بە شێوەیەکی گشتی ژمارەی ئەو گەشتیارانەی لە دەروازە سنوورییەکان و بازگەکان و فڕۆکەخانەکانەوە هاتوونەتە هەرێمی کوردستان، ساڵ لە دوای ساڵ روو لە زیادبوون دەکات، بەتایبەتی دوای کەمبوونەوەی ڕێکارەکانی خۆپارێزی لە پەتای کۆرۆنا، ئەمەش هەمووی سوودێکی گەورەی دەبێت بۆ بووژانەوەی بازاڕ و دۆزینەوەی هەلی کار، لەگەڵ هەموو ئەمانەشدا وەك هەرێمی کوردستان لە بواری براندینگ بۆ گەشتیاران زۆر هەژارین و، نەمانتوانیوە کاری دەستی و کەلەپوور و فەرهەنگ و کەرەستە و بەروبوومەکانی خۆمان بە دنیای دەرەوە بناسێنین، تەنانەت کاتێك گەشتیاری خۆمان دەیەوێت بچێتە وڵاتانی بیانی و دەیەوێت دیاری لەگەڵ خۆیدا ببات، دیارییەکی ئێرانی و چینی و تورکی لەگەڵ خۆیدا دەبات، چونکە ئەو براندینگانەی لە کوردستان نییە. لەدنیای دەرەوە براندەکەت ناسنامەی بیزنسەکەتە، لە هیران و نازەنین سرکە و شەربەت و دۆشاو و چەندین بەرهەمی ناوازەی کوردیمان هەیە کە لە شووشەی جواندا هەڵگیراون، کەچی هیچ زانیارییەکی بە زمانەکانی عەرەبی و ئینگلیزی لەسەر نییە، تەنانەت چۆنیەتیی بەکارهێنان و پێکهاتەکەی و ڕێژەکانی و ئیکسپاریەر و زانیارییە جیهانییەکانی دیکە، کە دەبێت لە براندا هەبێت، لەسەریان نییە، لە شەقڵاوە سەردانی براندی مام حاجیم کرد کەرەستەو شتومەکی زۆر جوان و نایابی هەبوو، ئەویش بە هەمان شێوە، گرنگیی بە زمانەکانی دیکە نەدابوو».

سەبارەت بەوەی تاچەند دەتوانرێت ئەو شوێنە گەشتیارییانە پابەند بکرێن، بە تەرخانکردنی شوێنێك بۆ ناساندن و فرۆشتنی بەرهەمی خۆماڵی، ئەمەل جەلال سەرۆکی دەستەی گەشتوگوزار ڕایگەیاند: «نەبوونی فەرهەنگی گەشتیاری و شارەزایی لە ناساندنی کوردستان و

فەرهەنگەکەی، لە هەرێمی کوردستاندا بە یەکێك لە گرفتەکانی کەرتی گەشتیاری دادەنرێت، لە هۆتێلەکانی کوردستاندا زیاتر بایەخ بە وێنەی بیانی و تابلۆی بیانی دەدرێت، کەچی خاڵییە لە بەرهەمی فۆتۆگرافەر و وێنە دەستییەکانی وێنەکێشەکانی کوردستان، مارکێتەکانمان خاڵییە لە بەرهەمی خۆماڵی، ئێمە داوامان کردووە لە هەموو هۆتێلەکان کە تەنانەت ئەگەر بەشێکی بچووکیش بێت، بۆ نیشاندانی کەرەستە و کولتوور و مێژووی ئەم وڵاتە و فرۆشتنی بەرهەمی کاری دەستی و بەروبووم و بەرهەمەکانی کوردستان تەرخان بکەن، واتە هۆتێلەکان بەرهەمی تێدا بێت و، میوان و گەشتیارانمان دیاری ببەنەوە بۆ هاوڕێ و خانەوادەو کەسوکاریان، لە لایەکی دیکەوە بازار بۆ ساخکردنەوەی بەرهەم و کەرەستەکانی خۆماڵی لە سەرجەم بوارەکانی کشتوکاڵ و پیشەسازی بدۆزینەوە، بە نرخ و بەهایەکی زۆر بەرزتر لەوەی لە ڕێگەی بازرگانەکانەوە رەوانەی بازاڕەکانی شارەکانی خواروو و وڵاتانی بیانی دەکرێت. کاتێك گەشتیار لە دەروازە سنوورییەکان و فرۆکەخانەکانەوە دێتە ناو هەرێم، یان دەگەڕێتەوە بەشێکی تایبەتی بە بازاڕکردنی بەرهەم و کاری خۆماڵی تێدا نییە، لەئێستادا چەندین پڕۆژە لە بواری گەشتوگوزار لە هەرێمی کوردستاندا راگەیاندنی بۆ کراوەو، ئامادەکراوە و لەهەوڵی ئەوەداین رەچاوی تایبەتمەندیی بەرهەمی خۆماڵی بکەین، بەتایبەتی بەپێی ناوچەکان لە بەرهەمی کشتوکاڵی» .

## لە فڕۆکەخانە و دەروازە سنوورییەکانمان، بازاڕێك بۆ فرۆشتن و نیشاندانی بەرهەمی خۆماڵی نییە

هەر سەبارەت بە کەمتەرخەمیی بەبازاڕکردنی بەرهەمی خۆماڵی (شوکر عەزیز) جێگری سەرۆکی میوانخانە و چێشتخانەکانی هەولێر گوتی: «بەداخەوە تا ئێستا گرنگی بە بنەماکانی گەشتوگوزاری نەدراوە، لەم بارەیەوە ئەوەندەی لە میدیاکان قسە دەکرێت، ئەوەندە کار ناکرێت، بەتایبەتی لە بواری بەبازاڕکردنی بەرهەمی خۆماڵی و هەناردەکردنی بۆ دەرەوەی هەرێم، لە رێگەی گەشتیارەکان، هەروەها ناساندنی کولتوور و شارستانییەت و هونەر و رۆشنبیریی میللەتی کورد، پێشنیارمان کردووە لە سەرجەم مارکێت و هوتێلە گەورەکاندا، کە شوێنێك بۆ فرۆشتن و ناساندنی کەلوپەلی دەستکرد و شوێنەوار و سیمبولی نەتەوەیی و مێژووییمان دابنرێت، تەنانەت دەکرێت لە ناوچە گەشتیارییەکاندا شوێنێکی تایبەت بە بەرهەمی خۆماڵی دابنرێت، جگە لە گرنگیدان بە ناوەندێکی زانیاری و رێبەرایەتیی پێویستە گرنگی بە بازاڕکردنی بەرهەمی خۆماڵی بدرێت و، هانی کەرتی تایبەت بدات و کارئاسانی و پاڵپشتییان بکات، لە ئێستادا لە رووی پراکتیکییەوە هیچ لایەنێك نییە، لەم بارەیەوە دەبێت بەڕێوەبەرایەتیی گەشتوگوزاری پارێزگاکان هوتێل و چێشتخانەو میوانخانە و مارکێتەکان ناچار بکەن، من پێم سەیرە لە فڕۆکەخانە و دەروازە سنوورییەکانماندا بازاڕێك نییە بۆ فرۆشتن و نیشاندانی بەرهەمی خۆماڵی، من چی لە زیادبوونی ژمارەی گەشتیاران بکەم، لە کاتێکدا بە دەستی بەتاڵ، یان بە کاڵا و کەرەستەی وڵاتانی دراوسێ و بەرهەمی چینی و بیانییەوە دەگەڕێنەوە، ئێمە تەنیا سوود لە قازانجی فرۆشتنەکە دەکەین، نەوەکو لە بەهای قازانجی بەرهەمهێنانی کاڵاکە، کاتی خۆی لەم هەولێرە کارگەی مافوورمان هەبوو، بەدەیان کوڕ و کچی ئەم شارە کاریان تێدا دەکردو، بەرهەمەکانیان گوزارشتی لە واقیعی کوردەواری دەکرد، دەکرا ئەم بنکەی مافوورانە بمانایەتەوە و پەرەیان پێ بدایە.

### هەڵکشانی ژمارەی گەشتیاران

| | |
|---|---|
| ٢٠٠٧ | ٣٧٧ هەزار |
| ٢٠٠٨ | ٥٥٨ هەزار |
| ٢٠٠٩ | ٧٩١ هەزار |
| ٢٠١٠ | ١ملیۆن و ٣١٣ هەزار |
| ٢٠١١ | یەك ملیۆن و ٨٠٠ هەزار |
| ٢٠١٢ | ٢ ملیۆن و ٢٥٠ هەزار |
| ٢٠١٣ | ٢ ملیۆن و ٩٠٠ هەزار |
| ٢٠١٨ | ٣ملیۆن |
| ٢٠١٩ | ٣ ملیۆن و ٧٠٠ هەزار |

٢٠١٤و ٢٠١٥ و ٢٠١٦ و ٢٠١٧ بە هۆی شەڕی داعش و کێشەی نێوان هەرێم و بەغدا ژمارەی گەشتیاران دابەزی، لە ساڵی ٢٠٢٠ بەهۆی کۆرۆنا کەمی کرد، لە ٢٠٢١ چاوەڕوان دەکرێت بۆ سەرووی چوار ملیۆن گەشتیار زیاد بکات و، بەپێی پلان و خەمڵاندنەکانی دەستەی گەشتوگوزاریش بێت، ئەم ژمارەیە تا ٢٠٢٥ بۆ حەوت ملیۆن گەشتیار زیاد دەکات.

**لە هۆتێلەکانی کوردستاندا زیاتر بایەخ بە وێنەی بیانی و تابلۆی بیانی دەدرێت، کەچی خاڵییە لە بەرهەمی فۆتۆگرافەر و وێنە دەستییەکانی وێنەکێشەکانی کوردستان**

**پێشنیارمان کردووە لە سەرجەم مارکێت و هوتێلە گەورەکاندا، کە شوێنێك بۆ فرۆشتن و ناساندنی کەلوپەلی دەستکرد و شوێنەوار و سیمبولی نەتەوەیی و مێژووییمان دابنرێت**

**من چی لە زیادبوونی ژمارەی گەشتیاران بکەم، لە کاتێکدا بە دەستی بەتاڵ، یان بە کاڵا و کەرەستەی وڵاتانی دراوسێ و بەرهەمی چینی و بیانییەوە دەگەڕێنەوە**

# دەستەی ژینگە و بەشێک لە کار و چالاکییەکانی شەش مانگی یەکەمی ساڵی ٢٠٢١

بە مەبەستی ئاشنابوونی خوێنەرانی بەڕێز، بە بەشێك لە كار و چالاكییەكانی شەش مانگی یەكەمی ساڵی ٢٠٢١ ی دەستەی ژینگە، لێرەدا تەنیا ئەم كارانە دەخەینەڕوو، كە نووسینگەی سەرۆكی دەستەی ژینگە ئەنجامی داون، نەك تەواوی كارەكانی فەرمانگەكانی ژینگە، كە ئەمەیان لە دەرفەتێكی دیكەدا دەخەینەڕوو.

١- ئەنجامدانی كۆبوونەوەی وەرز لەگەڵ بۆردی ڕێكخراوە ژینگەییەكانی هەولێر.

٢- ئەنجامدانی دووەم كۆبوونەوەی ئاسایی ئەنجومەنی پاراستن و، چاككردنی ژینگە تەخانكردنی تەوەری سەرەكی، بۆ ئەرك و ڕۆڵی وەزارەتی ڕۆشنبیری و لاوان لە پاراستنی ژینگەدا.

٣- پێكهێنانی بۆردی ڕێكخراوە ژینگەییەكانی سنووری سلێمانی و هەڵەبجە.

٤- كۆبوونەوە لەگەڵ كۆمپانیاكانی یەكەی چارەسەری ئاوەڕۆ، بۆ چارەسەری كێشەكانیان و جۆری پەیوەندییان لەگەڵ دەستەی ژینگەدا.

٥- ئەنجامدانی سێیەمین كۆبوونەوەی ئەنجومەنی پاراستن و چاككردنی ژینگە بە ئامادەبوونی نوێنەرانی وەزارەتەكان و بۆردی ڕێكخراوە ژینگەییەكان.

٦- پێشوازیكردن لە خاتوو (لیزا بۆدوڵنی) سەرۆكی یەكەی ئابووری، لە كونسوڵخانەی گشتیی ویلایەتە یەكگرتووەكانی ئەمریكا لە هەولێر.

٧- بەشداربوون لە هەڵمەتی نەمام چاندن، لە باخچەی خانزاد، بۆ گیانی ئەو پزیشك و كارمەندانەی تەندروستی كە بەهۆی ڤایرۆسی كۆرۆناوە كۆچی دواییان كردبوو.

٨- سەردانیكردنی بەشی زانستەكانی ژینگەم لە كۆلێژی زانستی سەر بەزانكۆی سەلاحەددین و، پێشكەشكردنی سیمینارێك بۆ قوتابیانی قۆناغی چوارەم.

٩- بەشداربوون لە ڤیدیۆ كۆنفرانسی نێودەوڵەتیی ژینگەدۆستیی. كە زیاتر لە ٢٠٠ كەس تێیدا بەشدار بوون.

١٠- پێشوازییكردن لە سەرۆكی دەستەی ئاماری هەرێم، بۆ هەماهەنگیی نێوان دەستەی ژینگەو ئامار.

١١- پێكهێنانی بۆردی ڕێكخراوە ژینگەییەكانی سنووری ئیدارەی ڕاپەڕینمان لە ١٦ ڕێكخراو.

١٢- نووسراومان بۆ بۆردی وتاری هەینی لە وەزارەتی ئەوقاف كرد، بۆ باسكردن لە ئادابی سەیران و نەورۆز.

١٣- تۆماركردنی پەیامێكی سێ خولەكی، بۆ یادی نەورۆز و سەیران و گەشت بە ڕێكاری ژینگەییانە.

١٤- تۆماركردنی پەیامێكی دوو خولەكی بۆ یادی هەڵەبجە و، كردنەوەی فەرمانگەی ژینگە لە هەڵەبجە.

١٥- كردنەوەی پرۆژەی (هەناسەیەك لەئاسمان) بۆ دانانی ٥٠ هێلانە و شوێنی دان و ئاو، بۆ باڵندەكان لە پاركدا.

١٦- كۆنگرەیەكی ڕۆژنامەوانی لەگەڵ زۆربەی كەناڵەكانی كوردستان، لەبارەی ڕێنماییە ژینگەییەكانی گەشتوگوزارەوە.

١٧- بڵاوكردنەوەی بەیاننامەیەك بە بۆنەی (ڕۆژی جیهانیی ئاو)ـەوە.

١٨- بەشداربوون لە ئازادكردنی پۆلێك باڵندەی (بووكەسوورە و شیلانە)ی كێوی لە هەولێر.



## عەبدولڕەحمان سدیق

بۆ گوڵان دەینووسێت

١٩- سەردانیکردن بۆ لای وەزیری شارەوانی و گەشتوگوزار، بۆ باسکردنی میکانیزمی خاوێنکردنەوەی پارکەکان.

٢٠- ڕێکخستنەوەی کاری نووسینگەکانی ئامادەکار و ڕاپۆرتی هەڵسەنگاندنی کاریگەریی ژینگەیی، بەمەبەستی زیادکردنی داهات بۆ حکومەت و، دۆزینەوەی هەلی کار بۆ دەرچووانی بەشی زانستەکانی ژینگە.

٢١- واژۆکردنی فەرمانی دانانی بەڕێوەبەری فەرمانگەی ژینگەی هەڵەبجە پێشنیازکراو بەڕێز پارێزگاری هەڵەبجە واژۆی لەسەر کرد.

٢٢- سەردانیکردنی بەڕێز بەڕێوەبەری فەرمانگەی ڕێکخراوە ناحکوومییەکان و، پێشنیازکردن بۆ ئەوەی لەکاتی تۆمارکردنی ڕێکخراوە ژینگەییەکاندا، لەگەڵ دەستەی ژینگە هەماهەنگییان هەبێت.

٢٣- بڵاوکردنەوەی پەیامی دەستەی ژینگە بەبۆنەی (٢٢)ی نیسان ڕۆژی جیهانیی زەوی.

٢٤- دیدار لەگەڵ کەناڵی (الحرە عراق) سەبارەت بە فراوانبوونی شار لەسەر حیسابی ژینگە.

٢٥- سەردانیکردن بۆ ئەنجومەنی باڵای کاروباری خانمان لە حکومەتی هەرێم، بۆ باسی یەکسانیی کۆمەڵایەتی و، کردنەوەی یەکەی جێندەر لە دەستەی ژینگە.

٢٦- سەردان بۆ لای بەڕێز وەزیری تەندروستیی هەرێم، بۆ باسی دانانی ئۆتۆکلەیڤ و پرۆژەی سەوزکردنی نەخۆشخانە و بنکە تەندروستییەکان.

٢٧- دیدار لەگەڵ سەرۆکی دیوانی ئەنجومەنی وەزیران لەبارەی گێڕانەوەی ئامادەکردنی ڕاپۆرتی هەڵسەنگاندنی کاریگەریی ژینگەیی، بۆ دەستە و فەرمانگەکان.

٢٨-سەردانیکردنی (ئانۆ جەوهەر) وەزیری گواستنەوە و گەیاندن، بۆ پێکهێنانی لێژنەیەك لە نێوان دەستەی ژینگە و وەزارەتی ڕۆشنبیری و وەزارەتی گواستنەوە و گەیاندن، بۆ باسی تاوەر و ئەنتێنەکان.

٢٩- ناردنی نووسراو بۆ فەرمانگەکانی ژینگە، بۆ دیارکردنی ڕۆژی ژینگەی پارێزگا و ئیدارە سەربەخۆکان.

٣٠- ئامادەبوون لە دووەم کۆبوونەوەی ڕووبەڕووبوونەوەی وشکەساڵی، کە بە سەرپەرشتیی بەڕێز جێگری سەرۆك وەزیرانی حکومەتی هەرێمی کوردستان و ئامادەبوونی وەزیری کشتوکاڵ و پارێزگارەکان و سەرپەرشتیارانی ئیدارە سەربەخۆکان و، بەڕێوەبەری فەرمانگەی کەشناسی و، نوێنەری وەزارەتی شارەوانی و لایەنە پەیوەندیدارەکان بوو.

٣١- بەشداربوون لە وۆرکشۆپی پێداچوونەوەی بەڵگەنامەی بەشداریبە نیشتمانییەکانی عێراق، لەبارەی گۆڕانکارییەکانی کەشوهەوا، کە وەك بەڵگەنامەیەکی هاوبەشی حکومەتی ئیتتیحادی و حکومەتی هەرێمی کوردستان، لە کۆنفرانسی جیهانیی کەشوهەوا، کە لە ئەمساڵدا لە گلاسکۆی بەریتانیا دەبەسترێت.

٣٢- بەشداربوون وەك نوێنەری هەرێمی کوردستان لە مێزگردی تایبەت بە گۆڕانکاریی کەشوهەوا، بە ئامادەبوونی سەرۆکی نووسینگەی هەرێمایەتیی بەرنامەی پەرەپێدانی نەتەوە یەکگرتووەکان و، وەکیلی هونەریی وەزارەتی ژینگەی عێراق و، وەکیلی ئیداریی وەزارەتی ژینگەی عێراق.

٣٣- بەشداربوون وەك نوێنەری هەرێمی کوردستان لە پرێس کۆنفرانسی کەناڵە تەلەفزیۆنییەکان، لە بارەی گۆڕانکاریی کەشوهەوا، لەگەڵ سەرۆکی نووسینگەی هەرێمایەتیی بەرنامەی پەرەپێدانی نەتەوە یەکگرتووەکان و، وەکیلی هونەریی وەزارەتی ژینگەی عێراق و، وەکیلی ئیداریی وەزارەتی ژینگەی عێراق.

٣٤- تۆمارکردنی بەرنامەیەکی ٥٠ خولەکی، بە بۆنەی ڕۆژی جیهانیی ژینگەوە، لە کەناڵی کوردستان تیڤی.

٣٥- تۆمارکردنی بەرنامەیەکی ٢٥ خولەکی بە بۆنەی ڕۆژی جیهانیی ژینگەوە، بۆ پەیجی دەستەی ژینگە.

٣٦- کۆبوونەوە لەگەڵ بەشی یاسایی دەستەی ژینگە، بۆ هەموارکردنی یاسای ژمارە سێی ساڵی ٢٠١٠ ی دەستە.

٣٧- پێشوازیکردن لە (ئاراکاوا میکیهیرۆ) کونسوڵی ژاپۆن لە هەرێمی کوردستان.

٣٨- پێشوازی کردن لە فیدراسیۆنی شاخەوانانی کوردستان و، باسکردن لە چەمکی شاخەوانی و ژینگەپارێزی.

٣٩- سەردانیکردنی ژووری بازرگانی و پیشەسازیی هەرێمی کوردستان، بۆ باسکردن لە ڕۆڵی کەرتی تایبەتی کوردستان، لەو هەلی کار و پرۆژانەی کە لە داهاتوودا ڕوو لە کوردستان دەکەن، وەك شایستەکانی هەرێمی کوردستان لە چوارچێوەی بەڵگەنامەی بەشدارییە نیشتمانییەکانی عێراق، کە هەرسێ لایەنی (نوێنەری بەرنامەی پەرەپێدانی نەتەوە یەکگرتووەکان، وەزارەتی تەندروستی و ژینگەی عێراق، دەستەی ژینگەی هەرێمی کوردستان) لە ڕۆژی ٢٠٢١/٦/٣ پەسەندمان کرد، بۆ ئەنجومەنی وەزیرانی عێراق و، لە وێشەوە بۆ سکرتاریەتی گۆڕانکارییەکانی کەشوهەوای نەتەوە یەکگرتووەکان.

٤٠- ئامادەکردنی دواشێوەی هەموارکردنی یاسای ژمارە سێی ساڵی ٢٠١٠ ی دەستەی ژینگە و، ناردنی بۆ ئەنجومەنی وەزیران بۆ پەسەندکردنی و، ناردنی بۆ پەرلەمانی کوردستان.

٤١- پێشکەشکردنی باسێکی ژینگەیی لە وۆرکشۆپی میدیاکاری ژینگەیی بۆ نوێنەرانی کەناڵەکان و سۆشیال میدیا.

٤٢- ئەنجامدانی کۆبوونەوەی ئاسایی چوارەمی ئەنجومەنی پاراستن و ژینگەی هەرێمی کوردستان، بە ئامادەبوونی سەرۆکی ئەنجومەنی ژینگەی هەرێمی کوردستان، سەرۆکی لێژنەی گۆڕانکارییەکانی کەشوهەوای هەرێم، سکرتێری ئەنجومەن، نوێنەرانی وەزارەتە پەیوەندیدارەکان، بەڕێوەبەرانی فەرمانگەی ژینگەی هەرێم و، سەرۆکانی بۆردی ڕێکخراوە ژینگەییەکانی کوردستان.

کۆبوونەوەکە تایبەت بوو بە تیشك خستنە سەر ئەنجامەکانی وۆرکشۆپی سێ ڕۆژەی پێداچوونەوەی بەڵگەنامەی بەشدارییە نیشتمانییەکانی عێراق، لەبارەی گۆڕانکارییەکانی کەشوهەوا، کە بە ئامادەبوونی دکتۆرە زینە عەلی سەرۆکی نووسینگەی هەرێمایەتیی بەرنامەی پەرەپێدانی نەتەوە یەکگرتووەکان، دکتۆر جاسم ئەلفەلاحی وەکیلی هونەری وەزارەتی تەندروستیی و ژینگەی عێراق، دکتۆر کامەران عەلی وەکیلی ئیداریی وەزارەتی ژینگەی عێراق، ئەندازیار عەبدولڕەحمان سدیق سەرۆکی دەستەی ژینگەی هەرێمی کوردستان، وەکیلی وەزارەتی زۆربەی وەزارەتەکانی عێراق، لە هەولێری پایتەختی هەرێمی کوردستان بەڕێوەچوو، کە تیایدا دوا ڕەشنووسی بەڵگەنامەی هاوبەشی حکومەتی ئیتیحادی و حکومەتی هەرێمی کوردستان ئامادە کرا، بە ناوی بەڵگەنامەی بەشدارییە نیشتمانییەکان، کە ڕەوانەی ئەنجومەنی وەزیرانی عێراق کراوە بۆ پەسەندکردنی و، پاشان ناردنی بۆ سکرتاریەتی گۆڕانکارییەکانی کەشوهەوای سەربە نەتەوە یەکگرتووەکان.

بڕیاریش وایە دواتر لەبەر ڕۆشنایی پابەندبوونی عێراق و هەرێمی کوردستان بە بەڵگەنامەی بەشدارییە نیشتمانییەکان، ئەرك و مافی هەر وەزارەت و دەستەیەکی هاوبەش لە پرۆسەی کەمکردنەوەی گازەکانی دروستکاری قەتیسبوونی گەرماو، چۆنیەتیی خۆگونجاندن لەگەڵ ئاسەواری گۆڕانکارییەکانی کەشوهەوا، دیار بکرێت.

٤٣- لێدوان لە پەخشی ڕاستەوخۆی نێو



هەوڵەکان بۆ کەناڵی کوردستان ٢٤ سەبارەت بە کۆبوونەوەی ئاسایی ئەنجومەنی پاراستن و ژینگەی هەرێمی کوردستان.

٤٤- ڕوونکردنەوەی ڕواڵەتە ژینگەییەکانی ئاسەواری گۆڕانکارییەکانی کەشوهەوا، وەك کەمیی باران و بەرزبوونەوەی پلەی گەرما و کەمبوونەوەی ڕێژەی سەوزایی و زیادبوونی ڕەشەبای خۆڵاوی، بۆ کەناڵەکانی گەلی کوردستان و کەناڵی کەرکووك.

٤٥- لێدوان بۆ کەناڵی ژیان سەبارەت بە سندوقی سەوزی کەشوهەوا و ماف و ئەرکەکانی عێراق و هەرێمی کوردستان، لە پای پابەندبوون بە بڕگە و خاڵەکانی نێو بەڵگەنامەی بەشدارییە نیشتمانییەکان.

٤٦- دیداری تەلەفزیۆنی لەگەڵ کەناڵی ئاسمانیی پەیام، بۆ شیکردنەوەی بەڵگەنامەی بەشدارییە نیشتمانییەکان، کە دوا ڕەشنووسی بەڵگەنامەکە بە هاوبەشی لە نێوان وەزارەتی تەندروستیی و ژینگەی عێراق و دەستەی ژینگەی هەرێمی کوردستان و، ئامادەبوونی سەرۆکی نووسینگەی هەرێمایەتیی بەرنامەی پەرەپێدانی نەتەوە یەکگرتووەکان پەسەند کرا.

٤٧- سەردانی خاتوو بێگەرد تاڵەبانی وەزیری کشتوکاڵ و سەرچاوەکانی ئاوی حکومەتی هەرێمی کوردستان.

لە کۆبوونەوەکەدا سەرۆکی دەستە ڕۆڵی وەزارەتی کشتوکاڵ و سەرچاوەکانی ئاوی هەرێمی کوردستانی بەرز نرخاند، وەك پاڵپشتێکی هەمیشەیی بۆ ژینگە لە بوارەکانی دارستان و بایەخدان بەسەرچاوە ئاوییەکان.

لە تەوەرێکی دیکەی کۆبوونەوەکەدا باس لەو بابەتانە کرا، کە هاوبەشن لە پرۆژەکاندا، وەك سیفەتی زەوییەکانی پرۆژەکان، گۆڕانکارییەکانی کەشوهەوا و پاراستنی زیندە جۆرەکان.

٤٨- بەردەوامیی کۆبوونەوەی هەفتانەی دیوانی دەستە و، کۆبوونەوەی مانگانەی ئەنجومەنی دەستەو، کۆبوونەوەی دوو مانگ جارێکی ئەنجومەنی ژینگە.

# کارپێکردنی منداڵان و دەرهاویشتە خراپەکانی لە رووی دەروونی و کۆمەڵایەتییەوە

**نەتەوە یەکگرتووەکان لە ساڵی ١٩٤٨ پەیماننامەی مافەکانی مرۆڤی دەرکردو، زۆرینەی وڵاتانی ئەندام پەسەندیان کرد. دواتر رێککەوتننامەی ساڵی ١٩٨٩ تایبەت بە مافەکانی منداڵان پەسەند کرا. هەر لە پەراوێزی ئەو یاسایەدا رۆژی ١٧ / ٦ وەك رۆژی جیهانیی کارپێنەکردنی منداڵان دیاری کرا، لە یاسای کاری عێراقیش کارکردن بە چینی منداڵان سنووردار کراوە. بەهەمان شێوە لە یاساکەدا قەدەغە کراوە منداڵ بۆ کاری سواڵکردن بەکاربهێندرێت، بەڵام وێڕای هەبوونی رێککەوتننامەی پاراستنی مافەکانی منداڵ و چەندین ماده و بڕگەی تایبەت بە ماف و ئازادییەکانی منداڵ، کەچی لە چوارچێوەی خێزان و کۆمەڵگە نەتوانراوە وەکو پێویست مافەکانی منداڵ دەستەبەر بکرێت، تەنانەت زۆرجار لەلایەن بەخێوکارانەوە لە تەمەنێکی بچووکدا منداڵ کاری پێ دەکرێت، یان ناچاری دەکەن سواڵ بکات، شارەزایانی بواری پەروەردە و دەروونزانی رایان وایە بەو جۆرە مامەڵەکردن لەگەڵ منداڵ کاریگەریی خراپی دەروونی و کۆمەڵایەتیی درێژخایەن لەسەر خودی منداڵەکە جێدەهێڵێت. بەشداربووانی ئەم راپۆرتەی گوڵان زیاتر ئەو بابەتە تاوتوێ دەکەن.**

**گوڵان: کۆمەڵایەتی**

مەلا رەعد ئۆمەربلی پێشنوێژ و وتارخوێن و وتەبێژی لقی هەولێری یەکێتی زانایانی ئایینی ئیسلامی کوردستان، دەڵێت: «لە ئایینی ئیسلامی پیرۆزدا، واجبە لەسەر دایك و باوك كە ئەو منداڵە بەخێو بکەن و، پەروەردەیەکی جوانی فێر بکەن و، جیاوازیی رەگەزی لە نێوانیاندا نەهێڵن، هەروەها لەدوای تەمەنی حەوت ساڵی پەروەردەی ئایین و نوێژیان فێر بکەن و فێری رێز و خۆشەویستی بکرێن، هەروەها دایك و باوك دەبێت ژیانی منداڵی خۆیان دابین بکەن، کوڕ تا تەمەنی بلووغ (کامڵبوون) واتە لە سەرووی تەمەنی (١٥) ساڵی و کچ تا ئەو کاتەی شوو دەکات و ژیانی هاوسەری پێك دەهێنێت، کەواتە بە پێی ئایینی پیرۆزی ئیسلام فەراهەمکردنی ژیانێکی شایستە بۆ منداڵ لەسەر دایك و باوك واجبە.» لە بارەی کارپێکردنی منداڵیش ئەو مامۆستا ئایینییە گوتی: «منداڵ دیاری و خەڵات و ئەمانەتی خودای گەورەیە لە لای دایك و باوکان دانراون، بۆیە دەبێت منداڵان بە خوێندن و هەندێك گەمەی گونجاو سەرقاڵ بکرێن، نەك کارپێکردن و پارە پێ کۆکردنەوە، ئەگەر ویسترا، لەبەر ئەوەی فێری کار ببێت و لە داهاتوو کەسێکی خاوەن پیشەی لێ دەربچێت، دەکرێ وەکو شاگرد لەلای کەسێکی دەست و داوێن پاك و بە وێژدان دابنرێن، بەڵام کارکردن بە منداڵ لەسەر جادە و لە هەندێك کارگە، بە هیچ پاساوێك دروست نییە لەو شوێنانە کاریان پێ بکرێت.»

مەلا رەعد ئۆمەربلی، لە درێژەی رێنماییەکانیدا باسی ئەوە دەکات،»ئایینی ئیسلامی پیرۆز بە هیچ شێوەیەك رێگە بە سواڵکردن نادات و هانی خەڵکی داوە بە کارکردن، ئەگەر سواڵکردن بۆ کەسی گەورە و بەتەمەن رێگەپێ نەدراو بێت، کەواتە هیچ پاساوێك نییە بۆ ئەو کەسانەی سواڵ بە منداڵەکانیان دەکەن، ئەم کارە لە ئیسلامدا حەرام و قەدەغە کراوە. لەمە خراپتر ئەوەیە خەڵکانێکی چاوبرسی کار بە منداڵانی هەژار دەکەن، یان لەلایەن هەندێك سواڵکەر ترافیك و شوێنە قەرەباڵغەکان داگیر دەکەن، یان بە یەکتری دەفرۆشنەوە.»

